
ئایا ئێمە موسڵمانین؟!
محمد قطب
ئازاد بیلال
ئایا ئێمە موسڵمانین؟!
محمد قطب

بسم الله الرحمن الرحيم

# ئایا ئێمه موسڵمانین

# ؟!

# ئایا ئێمە موسڵمانین؟!

محمد قطب

١٩٥٩ نووسیویەتی

ئازاد بیلال

١٩٧٩ کردوویەتی بە کوردی

# ئایا موسڵمانین؟!

نووسینـــــــــــی: محمد قطب
ئامـــــــادەکردنی: ئازاد بیلال
بڵاوکردنـــــــەوەی: زادی ڕێمان
ســـــــــــــاڵی: ١٤٤٠ك- ٢٠١٨ ز
قەبـــــــــــارە: ١٧*٢٤

لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەری زادی ڕێمان
زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا

أمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمد صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ

وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

# ناوەڕۆك

ناوەڕۆك ........................................................................................ ٦
کورتەیەک لە مێژووی ژیانی مامۆستا محمـد قوتب رحمەالله ..................... ٧
پێشەکی وەرگێر ........................................................................... ١١
پێشەکی نووسەر ......................................................................... ١٤
ئەم بیرکردنەوە پووچەڵانە لە کوێوە دروستبوون؟ .................................... ١٨
چەمکی ئیسلام............................................................................ ٢٢
ئایا موسوڵمانانی یەکەم چۆن لە ئیسلام تێگەیشتبوون؟ ............................ ٢٢
ویستی پاك و کۆسپی ڕێ.................................................................. ٣١
ویستی پاك بەتەنها هیچ کارتێکردنێکی واقیعی نییە .................................. ٣٤
سەلماندنی ویستی پاك .................................................................. ٣٧
ئیسلام پڕۆگرامی ژیانە.................................................................... ٥٠
حوکمڕانی.................................................................................... ٦٠
موسوڵمانێتی وورەبەرزییە ............................................................... ٨٦
مرۆڤ و کۆمەڵ ............................................................................ ٩٢
چەند نموونەیەک........................................................................... ١١٠
لە کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە................................................................. ١١٠
نموونەی یەکەم: کابرای ئەعرابی و حوشترە بەلەسەکەی: ............................ ١١٤
نموونەی دووەم: سێ دواکەوتووەکەی غەزای تەبووک:................................. ١١٧
نموونەی سێیەم: لوتکەی ئیمانداریی و جوامێریی و وەفا: ............................ ١٣٥
نموونەی چوارەم: کاتێک شەراب حەرام کرا: ............................................ ١٤٧
نموونەی پێنجەم: کاتێک سەرپۆش فەرزکرا: .......................................... ١٥٠
نموونەی شەشەم: ئەبوبەصیری ئامر مەفرەزە: ......................................... ١٥١
نموونەی حەوتەم: کێ دەبێتە هاوڕێی بەهەشتم؟ کەس!................................ ١٥٣
نموونەی هەشتەم: با بە پاکیی بڕۆم: ..................................................... ١٦٣
نموونەی نۆیەم: قازانجی ئامۆژگاریی گرنگترە وەک لە قازانجی کاڵا: ................. ١٦٨
نموونەی دەیەم: کۆڵی قورسی گەورەیی:................................................. ١٧٠

## کورتەیەک لە مێژووی ژیانی مامۆستا محمد قوتب رحمەالله

ناوی: محمد کوڕی قوتب کوڕی ئیبراهیمی شاذلییه، لە ١٩١٩/٤/٢٦ دا لە گونئ مووشای سەر بە پارێزگاری دەسیووط لە دایکبووە. باوکی موختاری ناوچەکەیان بووە. دایکی ناوی فاطمەی کچی عوسمان بوو، لە خانەوادەیەکی زانستدۆستبووە، هەموو براکانی ئەزهەریان تەواوکردووە، ناودارترینیان ئەحمەد حسێن موشییە کە شاعیربووەو لە بواری نووسین و ئەدەبدا ناوبانگی هەبوو. ئەمەشە وای لەم دایکە کردووە کە هەر زوو سەیدو محمد قوتب بنێرێتە خوێندن بۆ قاهیرە کە ماڵی خاڵیان لەوێ بوو. محمد قوتب خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی خوێندو لە ساڵی ١٩٤٠دا زانکۆی قاهیرە/ بەشی زمانی ئینگلیزیی تەواوکرد، پاشان دبلۆمیشی لە پەروەردەو دەروونناسییدا وەرگرت.

سەید قوتبی برای _کە دوازدە ساڵ لە خۆی گەورەتربوو سەرپەرشتی خوێندن و رۆشنبیرکردنی دەکرد، ئەو بۆی بووبووە باوک و براو مامۆستاو هاوڕێ..

مامۆستا محمد قوتب رحمەالله هەرچەندە لە رێکخستنەکانی ئیخواندا نەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٤دا کەوتە بەر حەملە گشتگیرە بەرفراوانەکەی جەمال عەبدونناصرو ئەمیشیان لەگەڵ سەیدی برایدا راپێچی زیندان کرد. ئەم ماوەیەکی تێدا مایەوەو ئازادبوو، بەڵام سەید رحمەالله ماوەی دە ساڵی تێدا مایەوە پاشان بە واسیتەی (عبدالسلام عارف) سەرۆکی ئەوکاتەی عێراق _کە دۆستایەتی لەگەڵ

جەمال عبدالناصردا هەبوو_ ئازادیانکرد بەڵام دوای ساڵێک هەردووکیان کەوتنەوە بەر حەملەیەکی سەختتر لەوەی پەنجاکان. ئەمجارە سەید رحمەاللە ئیعدامکراو محمد قوتبیش ماوەی شەش ساڵ لە زینداندا مایەوە. لە ١٩٧١/١٠/١٧دا ئازادکرا! دەربارەی ئەم میحنەتە سەختەی کە بەسەر خۆی و براو هەرسێ خوشکەکانییدا هات و هەموویان زیندانکران و رەفعەتی خوشکەزای لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپارد، مامۆستا محمد قوتب دەفەرموێ: (تووشی کارەساتێک بووین کە بە خەیاڵی کەسدا نایات، تومەز ئەمە پیلانێکی گشتگیریی خاچپەرست و زایۆنیستی جیهانییبوو کە مەخلووقاتێک جێبەجێیاندەکرد، ناویان ناوی موسوڵمانانەبوو.. بەڵام ئەم میحنەتەش لە کۆتاییدا هەر توێشووی رێی خواویستییە).

مامۆستا محمد قوتب دوای ئازادبوونی چووە عەرەبستانی سعوودییەو لە زانکۆی (ئوممولقورا) لە مەککەی پیرۆز بوو بە مامۆستاو ئیتر لەوێ لە گەڕەکی (ئەلعەوالی) نیشتەجێبوو.

مامۆستای بیرمەندی گەورە لە ٢٠١٤//٤/٤ لە نەخۆشخانەی (المركز الطبي الدولي) لە جیددە لە تەمەنی ٩٥ ساڵییدا گیانی پاکی سپارد.

مامۆستا محمد قوتب گەورەترین بیرمەندی ئەم سەرئەمەی ئیسلامەو لە بوارەکانی فیکری ئیسلامییدا یەکەمینە. بەرهەمێکی زۆرو زۆر کاریگەریی بۆ نەوەکانی داهاتوو جێهێشتووە. لەوانە:

١_ الإنسان بين المادية والإسلام(١٩٥١)

٢_شبهات حول الإسلام (١٩٥٦)

٣_قبسات من الرسول ﷺ (١٩٥٧)

٤_هل نحن مسلمون؟(١٩٥٩)

٥_جاهلية القرن العشرين(١٩٦٥)

٦_دراسات في النفس الإنسانيّة.

٧_التطور والثبات في الحياة البشرية

٨_منهج التربية الإسلامية (دوو بەشە: النظرية والتطبيق)

٩_منهج الفن الإسلامي

١٠_دراسات قرآنية في النفس والمجتمع

١١_حول التأصيل الإسلامي للعلوم الاجتماعية

١٢_معركة التقاليد

١٣_مذاهب فكرية معاصرة

١٤_مغالطات(٢٠٠٦)

١٥_مفاهيم ينبغي أن تصحح

١٦_كيف نكتب التاريخ الإسلامي؟

١٧_لا إله إلا الله عقيدة وشريعة ومنهج حياة

١٨_دروس من محنة البوسنة والهرسك

١٩_العلمانيون والإسلام

٢٠_هلم نخرج من ظلمات التيه

٢١_واقعنا المعاصر

٢٢_قضية التنوير في العالم الإسلامي

٢٣_كيف ندعو الناس؟

٢٤_المسلمون والعولمة

٢٥_ركائز الإيمان

٢٦_لا يأتون بمثله

٢٧_من قضايا الفكر الإسلامي المعاصر

٢٨_حول التفسير الإسلامي للتاريخ

٢٩_الجهاد الأفغاني ودلالاته

٣٠_دروس تربوية من القرآن الكريم

٣١_حول تطبيق الشريعة

٣٢_المستشرقون والإسلام

٣٣_رؤية إسلامية لأحوال العالم المعاصر

٣٤_مكانة التربية في العمل الإسلامي

٣٥_هذا هو الإسلام.

## پێشەکی وەرگێر

الحمدلله کە خوای گەورە بە لوتفی خۆی ئەم رەنجەمی پاراست و خستیەوە بەردەستم، تا منیش شیاوتر ئامادەیبکەم و بیخەمەوە بەردەست خوێنەرانی کورد.. هەر نوسەرێک بەرهەمێک بنوسێت و دوایی لێی بزرببێت، هیممەتی نامێنێت سەرلەنوێ دەستبکاتەوە بە نوسین یان بە وەرگێڕانەکەی. بە راستی منیش بۆ ئەم کتێبە نایابە وابووم. جگە لەوەی تاقەتی وەرگێڕانەوەیم نەمابوو، دەشمووت: دەی وەکو من قەدری ئەم کتێبە دەزانم و هەوڵمداوە بیکەمە کوردی، خۆ هەزاران، یان سەدان، یان دەیانیتریش هەن کە ئەو حەزو هەست و هیممەتەیان هەیە، با لێیگەڕێم.. بەڵام کە ئەم بەشەیم دەسکەوتەوە هەر ئەو کاتە هیممەتی تەواوکردنی وەرگێڕانەکەیم لا دروستبۆوە والحمدلله..

پێویستە ئەوەش رابگەێنم کە توێژینەوەی حوکمی فەرموودەوانانم کە لەسەر فەرموودەکان هێناوەتەوە، لەساڵی ٢٠١٨دا کردووە.

هیوادارم هەموو بەشەکانیتریشی رێکبخەینەوەو پێکەوە هەموو کتێبەکە بە چاپکراوی بخەینە بەردەست خوێنەرانی ان شاءالله.

ئازاد بیلال

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ ۗ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ﴾ البقرة/١٧٧ واته: چاكە ئەوەنييە رووبكەنە خۆرهەڵات و خۆرئاوا[١]، چاكەكار ئەو كەسەيە كە باوەڕی بە خوای گەورەو بە رۆژی دوايی هێناوە، باوەڕی بە فريشتەو پەيامەكانی خوای گەورەو بە نێرراوەكانی هێناوە.. چاكەكار ئەو كەسەيە كە لەبەرخاتری خوای گەورە سامانی خۆی بە خزم و بە هەتيوو و بە دەسكورت و هەژاران بەخشيوە، لە ئازادكردنی كۆيلەدا بەخشيۆيتی.. چاكەكار ئەو كەسەيە كە نوێژەكانی پيادەكردووەو زەكاتيداوە، ئەو كەسەيە كە كاتێک بەڵێندەدات دەيباتەسەر.. چاكەكار ئەو كەسە ئارامگرەيە كە لە خۆشيی و ناخۆشيی و ترس و تۆقيندا خۆيدەگرێت.. ئائەوانە لەگەڵ خوای خۆياندا راستگۆبوون و تەقواكارييش ئائەوانەن.

١ ئەم ئايەتە لەبەرپەرچی ئەوانەدا هاتە خوارەوە كە دەيانووت: (بۆچی تا دوێنێ لە نوێژدا رووياندەكردە مزگەوتی ئەقصا لە قودس و ئێستاتا وا رووياننكردۆتە كەعبە)؟

لە فەرموودەشدا هاتووە:

(لَيْسَ الإِيمَانُ بِالتَّمَنِّي، وَلا بِالتَّحَلِّي

لَكِنْ مَا وَقَرَ فِي الْقَلْبِ، وَصَدَّقَهُ الْعملُ)[١]

واتە: باوەڕهێنان بە خۆزگەخواستن و لافلێدانی نییە

بەوەیە کە لەدڵدا بچەسپێت و کردەوەش بیسەلمێنێت کەهەیە..

---

١ نووسەری بەڕێز رحمەالله وەکو فەرموودە ئەو مەقوولەی سەرەوەی هێناوەتەوە، کە وا لای سیوطی لە: (الجامع الصغیر/٧٥٧٠)، دەیلەمی لە: (مسند الفردوس/ ٥٢٣٢) و ئەبونوعەیم لە: (الأربعین علی مذهب المتحققین من الصوفیة/ ٤٣)، ئیبنوبیشران لە: (الأمالي ژمارە: ٤٧) و ئیبنونەجار لە: (ذیل تاریخ بغداد) _تاریخ بغداد وذیوله: ٣٤/١٧) هێناویانەتەوەو بە فەرموودەیان ناساندووە، بەڵام توێژەرەوانی وەکو ئەلبانی و ئەحمەد شاکرو شوعەیبی ئەرنائووط و هیتریش دەفەرموون ئەوە قەولی شێخ حەسەنی بەسرییە نەک فەرموودە.. شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (سلسلة الأحادیث الضعیفة /١٠٩٨)دا دەفەرموێ: (موضوع) واتە: هەڵبەستراوە.

## پێشەكی نووسەر

چۆن چەمكی ئیسلام لە دڵ و دەرونماندا تا ئەم رادە سادەیە بچووكبۆوە؟! چۆن ئیسلام لە مانایەكی بەربڵاوی ژیانی مرۆڤایەتییەوە _بە هەموو لایەنێكیەوە، بەڵكو لە ئایدیۆلۆژییەكی بەربڵاو _كە هەموو گەردوون و ژیان و مرۆڤ دەگرێتەوە_ ئاخنرایە ناو چوارچێوەی تەسكی چەند پەرستنێكەوە؟! چۆن لە نوێژو رۆژوو سەڵاواتداندا گیریخوارد؟! كە گەلێجار هەر ناشكرێن! مەگەر هەر لە ویستی پاكدا مابن! لەلای هەندێكیتر ئەمیش هەرنییە! كەچی لە مێشكماندا دەڵێی بە ئاسن نوسراوە (ئێمە موسوڵمانین).. زۆریش موسوڵمانین.

چۆن مانای ئیسلامەتی _لەوەی كە پرۆگرامێكی ژیانەو فەرمانڕەوایی لایەنەكانی ئابوریی و كۆمەڵایەتیی مرۆڤ، لە هەردوو لایەنی ماددیی و مەعنەوییەوە دەكات و فەرمانڕەوایی و فیكریی و بیروهۆش و خووڕەوشت لە واقیعی ژیاندا دەكات_ چۆن لەمانەوە گۆڕا بۆ هەست و سۆزێكی ساردو سڕی ئایینی بێكڵپەو بێسەرمایەی ژیان؟! هەست و سۆزێك ئەگەر خامۆشیش نەبێت، هێندە تینی گەرمی تێدا نەماوە هەوڵی گۆڕانكاری بدات! یا ئەو ڕواڵەت و دیاردە ناپەسەندانە ڕادات كە بوونەتە دروشمی كۆمەڵگە جاهیلییەكەی؟! هەندێك كە دان بەوەدا دەنێن كە وەك ئەمەش ناكەن، جاری وا هەیە هێندە لە

ئیسلام دووردەکەونەوە کە وا دێت بە خەیاڵیاندا کە لە موسوڵمان ناچن!! خووڕەوشتیان ئیسلامییانە نەماوە، بیروباوەڕیان هی ئیسلام نەماوە، پەیوەندیشیان بەم و بەوەوە لەسەر بنچینەکانی برایەتی و لایەنگری ئیسلامی نەماوە!! ئینجا دەبینن کە کۆمەڵگەکەشیان ئیسلامی نەماوە، چ جای دەوڵەت و سیستمی سیاسیی وڵات..

چۆن مانای ئەو ئیسلامە ئاوا گۆڕا؟! ئەو ئیسلامەی بنیاتنانی ژیانێکی بەختەوەرە لەسەر بناغەی باوەڕێکی ئایینی پتەوو بیروهۆشێکی وردو خووڕەوشتێکی ڕەسەن و واقیعی وا بنیاتدەنێت کە دنیاو ڕۆژی دوایی پێکەوە گرێداوە.. کە پەیوەندی ئاسمان و زەوی بەو پەیکەرە ئیدارییە بەنرخە دارشتووەو پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ناو یەکتری و هەر کۆمەڵگەیەکیش لە نێوان خۆیاندا بەجیا دیاریکردووە، یان پەیوەندی داوەرو دانیشتوان، ژن و پیاو، خێزان و کۆمەڵگە.. چۆن لەو مانایانەوە گۆڕا بۆ چەند بەشێکی لێکترازاوی دوورلەیەکی ژیان!! کە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە. هەر دەڵێی پینەیەکی نامۆیەو دڕاویەکی ژیانی پێ پینە کراوە!!

ئەو ڕا سەیرانە چۆن هاتنە سەر ئەم ئایینە؟! ئاوا ئەم ئیسلامەی خستە دوو مەیدانی جیاوە: هەست و سۆزی دینداریی لە لایەك و

ڕەفتارەو ڕەوشت لە لایەکیتر؟! ئینجا قەناعەت بەوە بکرێت کە موسوڵمانێتی _ئەگەر هەر بە هەست و سۆزیش بێت_ هەر قبووڵە؟

چۆن وا هات بە مێشکی موسوڵماناندا کە دەتوانن ڕێبازی ئابووریی خۆیان لە سیستمی تری غەیری سیستمی ئیسلامییەوە وەرگرن؟! یان ستوونی بیروباوەڕیتر بهێنن و بیکەنە پایەی بنیاتنانی ئیسلام و کۆمەڵگەکەی؟! ئاخر چۆن دەشێت خووڕەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتیی خەڵکانیتر بهێنین و پەیوەندی برایەتیی ئیسلامی لەسەر دابمەزرێنین و هەر بووترێت: قەیناکە موسوڵمانێتی پایەدارەو ئیسلامەتی بەرقەرارە؟!

چۆن موسوڵمان وای لێهاتووە کە: ئەگەر ڕۆژانە دەیان سەرپێچی لە فەرمانەکانی خوای گەورە بکات: درۆبکات، فێڵبکات، حەرامبخوات، فریووبدات، داوێنپیسی بکاتەپیشەو ژێردەستەیی بکاتە ریشە و کۆیلەییش سیمای هەمیشە.. یان نەك هەر واز لە پابەندیی خۆی و بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی بهێنێت و هەوڵێك بۆ هێنانەوەی حوکمی ئەم ئیسلامە گەورەیە نەدات، بەڵکو لە خەباتێکی نەپساوەیدا بێت بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی غەیرەئیسلامی، کە سیستمەکەی لەسەر ستەم و تاوانکاریی و بێشەرعیی دائەمەزرێت؟! ئەمە کاری سەرەکی ژیانی بێت و وا بزانێت ئەو دوو رکات نوێژە هەڵپروزاوانەی لێرەو لەوێ

بێهۆشوگۆش، ڕاست یان چەوت، دەیانکات، ئەو هەموو تاوانانەی دەسڕنەوە و خوای گەورەش هەر لە ریزی موسوڵماناندا دەیهێڵێتەوە؟ !

چۆن ئافرەتی موسوڵمان وای لێهات کە وا بیرکاتەوە کە ئەگەر سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە ئاوا بە ئاشکرا بکات، سفوریی و رووتیی و بەرەڵایی سیمای بن و غەیبەت و دوو زمانی پیشەی شەوو رۆژی بن و فریوو تەفرەو فێڵ، کردەوەی بەردەوامی بن و ڕۆژێك بیر لەوە نەکاتەوە کە ئەویش لێپرسراوە لە ئیلتیزامی ئیسلامی و هەڵگرتنی بانگەوازو گۆڕانکاری کۆمەڵگەکەی و بنیاتنانەوەی لەسەر بنەماکانی ئیسلام و هێنانەوەی حوکمی ئیسلام.. بەڵام بە پێچەوانەوە لە جیاتی ئەمانە بە کوڵ و دڵ هەوڵی ڕاگرتنی کۆمەڵگەی جاهیلیی و مانەوەو بەرقەرارکردنی سیستمی فەرمانڕەوایی حوکمی جاهیلیی بێت، کە لەسەر بنەمای بێڕەوشتیی و سەرپێچی لە فەرمانی خوای گەورەو ناشەرعیی دامەزراوە، کەچی هەر وا بزانێت مادام (دڵی پاکە و نیازی چاکە)! موسوڵمانەو ئەوەندەشی بەسە بۆ سەلماندنی موسوڵمانێتیی و سڕینەوەی هەموو گوناح و تاوانێك و بۆ رووسووریی رۆژی دوایی!!

## ئەم بیرکردنەوە پووچەڵانە لە کوێوە دروستبوون؟

ئەو بیروهۆشە سەیرو گێلە لە کوێوە هات کە دەڵێ: ئایین لەگەڵ سیستمی کۆمەڵدا ناژی! ئابووری و ئایین پێکەوە نالکێن؟! ئایین نابێتە پەیوەستی نێوان تاك و دەوڵەت! یان ئاین و نەریت لێکجودان. ئایین لە کوێ و مۆدێلی بەرگ و پۆشاکی زەمانە _بە تایبەتی هی ئافرەتان_ لە کوێ؟! ئایین لە کوێ و هونەر لە کوێ؟! ئەمانە ئەرزو ئاسمانیان نێوانە!! چۆن دەبێ ئایین بهێنرێتە مەیدانی پێشکەوتنخوازیی رۆژنامەگەریی و ئێزگەو تەلەفزیۆن و سینەماوە؟! ئایین لەمانە دوورەو ناشێ لێیان نزیکبکرێتەوە!

بە کورتیەکەی ئایین هەقی بەسەر ژیانی خەڵکیەوە چییە؟ بە تایبەتی لە واقیعی ئاڵۆزی ئەم سەرئەمەدا.

بێگومان هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی کە ئیسلام ئاوا سست و لاوازانە خزێنراوەتە دڵ و دەروونی موسوڵمانەوە..

ئەوەی من ئەمەوێ لەم نووسینەدا _بە پشتیوانی خوا_ شیبکەمەوە تەنها یەك هۆی سەرەکییە کە (هۆی ناوخۆیی) یە، چونکە ئاشکرایە ئەم هۆیە _کە تێنەگەیشتنەوەیە لە ئیسلام_ گەورەترین هۆکاری ئەم لێقەومانەی ئەمڕۆمانە.. هۆکاری ئەم هەتیوویی و بێشوانییەمانە کەساڵەهایە پێوەی دەناڵێنین..

ئەو زەمانەی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەسەر بەرنامەی ئیسلام دەڕۆیشت وەکو ئێستا نەبوو.. ژیانیشی وەکو ئێستای نەبوو.. تا ماوەیەکی کەمیش لەمەوبەر رواڵەتی کۆمەڵگای ئیسلامی پێوە مابوو، مۆرکە ئیسلامیەکەی نەسڕابۆوە، گەرچی سەرکەشیی و یاخیبوونی هەر لێ نەبڕا، بەڵام بنەماکانی بنیاتی کۆمەڵگەکەو کرۆکی سیستمی فەرمارەواییەکەی ئیسلامییانە مابوو... لەو زەمانەوە بە یەکجاریی نەماو هەمووی بەسەر یەکدا رما، کە هێرشە ئیستیعماریە ئەوروپاییەکان دابارینە سەر جیهانی ئیسلام و هەوڵی بێووچانیاندا، تا ئاسەواری ئیسلامەکە نەهێڵن..

ڕاستە لەسەرەتای مێژووی ئیسلامەوە . وەك سەرئەم ی ئەمەویەکان، رای جیاواز لە نێوان ئامۆژگاری و رەفتاردا دەردەکەوت، بەڵام ئەم را جیاوازە ستوونەکانی کۆمەڵگاو دەوڵەتە ئیسلامییەکەی نەڕماند.. کاتێك فەرمانڕەواکان لە پایتەخت لە (چەند لایەنێك) ی سیاسیی یان داراییی ئیسلامەکە لایاندەدا، کۆمەڵگەکە و ناوچەکانیتر تا رادەیەکی زۆر هەر وەك خۆیان ئەمانەوە، فەرمان و ڕێسا ئیسلامییەکان بە دڵسۆزییەوە ڕادەپەڕێنران. ئیسلام بوو حوکمی ووردو درشتی هەڵسوکەوتی ئەندامانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکەی دەکرد، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە کۆمەڵگەکە هەر لە سەرەتای

پێکهاتنییەوە هەموو سیستم و پەیکەرێکی بنیاتی خۆی هەر لە ئیسلامەکەی خۆیەوە وەرگرتبوو، یاساو ڕێساکانی ژیانی خۆیی هەر لە شەریعەتی ئیسلامەوە هەڵهێنجابوو، هەموو ئەندامان هەر بە ئیسلام گۆشکرابوون، وەنەبێت هیچ شتێکی پەروەردەو ئاڕاستەو بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان لە کەسەوە وەرگرتبێت (بێگومان جگە لەو چەند لادانەی فەرمانڕەواکان لە باری سیاسیی و داراییدا بە پێی ئارەزووی خۆیان ئایا نڕشتبوو)، ئەو گۆڕانکاریانەیتر کە روویاندا زۆر دواتر بوون، لە زەمانی تورکە عوسمانیەکاندا لادانەکە زیاتربوو ..

لەگەڵ ئەم لادانەشدا زۆربەی کاروباری کۆمەڵایەتی خەڵکە موسوڵمانەکە هەر ئیسلامیانە مابۆوە. باری کۆمەڵایەتیی و رەفتارو رەوشت و سەوداو مامەڵەی بازاڕو بیروهۆشی رۆشنبیران.. هتد. بەڵام کە خاچپەرستان _لە سەرەتای سەدەی هەژدەو نۆزدەی زاینییەوە_ هێرشیان هێنایەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی و تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم مانەوە، تا ئەو زەمانە کۆمەڵگەکە هەر وەکو خۆی ئیسلامییانە مابوو، بەڵام لەو زەمانەی ئەوان بە دواوە، فاسڵی نێوان ئیسلام و موسوڵمانان تا دەهات دوورتر دەکەوتەوە، تا ئەوان توانیان ئیسلام بخەنە دۆڵێك و موسوڵمانان بخەنە دۆڵێکیتر !!

ئەم کتێبە هەوڵدانێکە بۆ بەدواداچوونی ئەو هۆکارانەی وایانکرد چەمکی ئیسلامی لەو روانگە گشتگیرەوە بخرێتە ئەو روانگە تەنگ و لێڵەی نەوەکانی دوایی، کە هێندە لەبەر یەك هەڵوەشێنراوەتەوە، خەریکە بۆت پەیوەستنەکرێتەوە بەیەکەوە!! دەبێ بە شوێن ئەو رێچکانەدا بڕۆینەوە کە دەمانبەنەوە سەر ئەو پیلان و نەخشانەی وایانکرد ئەو ئیسلامە بەرفراوانە _کە بەرنامەی هەر هەموو لایەنەکانی ژیانە_ ئاوا لە چەمکێکی خواپەرستیی سلبییدا گیربخوات و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خواپەرستە کورتبینانە هەر وا بزانن هەموو ئیسلامەکەیان گرتووە! وا چاکیشیان گرتووە کە ئیتر حەتمەن خوای گەورە لێیان ڕازی دەبێت و ئەمانیش لەو ڕازی دەبن !!

ئەگەر لەو هەوڵەماندا سەرکەوتووبووین و ئەو نەخشە چڕوپڕانەی دوژمنانی ئیسلاممان کەشفکرد، کە ئەم لاڕێبوون و پەرێدەییەی دروستکردووە، ئومێد هەیە هەستی بێداریمان تێگەڕێتەوەو غیرەتمان بۆ ئەم ئیسلامە بخرۆشێتەوەو سەرڕاستر بەرەو خوای گەورە بێینەوە.. بێشینەوە سەرخۆو موسوڵمانببینەوە !! خوای گەورەش یارمەتیدەرمان بێت و ڕێمان نیشاندات..

## چەمکی ئیسلام

### ئایا موسوڵمانانی یەکەم چۆن لە ئیسلام تێگەیشتبوون؟

گومان لەوەدا نییە کە موسوڵمانانی یەکەم بەو شێوەیە لە ئیسلام نەگەیشتبوون کە ئێمە دەمانەوێ لەم سەردەمەماندا تێی بگەین! کە گوایە ئیسلام هەر کۆمەڵە پەرستنێکەو مرۆڤی موسوڵمان _دوور لە ژیانی عەمەلی_ ئەنجامیدەدات. یان موسوڵمان دەتوانێت لە کاتی ئەنجامدانی پەرستنەکاندا، دڵپاکانە رووبکاتە خوای گەورەو دوای تەواوبوونی پەرستنەکە لە هەر کارو رەفتارێکیدا روو لە هەرچی بکات قەیناکە!

ئیسلام _وەکو کە پێغەمبەر ﷺ و یاوەرو شوێنکەوتوانی یەکەمینی ئوممەتی موسوڵمان تێی گەیشتبوون_ بریتیبوو لە خۆبەدەستەوەدان و تەسلیمبوون، تەسلیمبوونی دڵ و دەروون بۆ خوای پەروەردگار. دەبوو موسوڵمان _بەهەموو کیان و بوونییەوە_ رووبکاتە خوای پەروەردگار. دەبوو هەموو هەست و هۆش و کارو رەفتاری لە ژێر ئاراستەی خوای گەورەدا بوایە. دەبوو هەموو هەڵسوکەوتێکی بە پێی ئەو یاساو رێسایانە بوایە کە خوای گەورە بۆ موسوڵمانانی نارد بوو ..

موسوڵمانانی یەکەمین وا لە شایەتمان (لاَإِلَهَ إِلَّا اللّٰهُ مُحَمَّد رَسُولُ اللّٰهِ) تێ نەگەیشتبوون کە هەر قسەیەکەو بەسەر زمانانیاندا دێت،

بێئەوەی کاریگەری ڕاستەقینەی لە ناخی دڵ و دەروون و واقیعی ڕۆژانەیاندا هەبێت.

موسوڵمانانی یەکەمین وا لە مانای شایەتمانەکە گەیشتبوون کە خوای پەروەردگار تاك و تەنهایەو تەنها ئەویش خاوەنی ئەم بونەوەرو گەردوون و ژیانەیە. هەموو کارگێڕییەکی ئەم گەردوونەو ڕووداوەکانی بە ویست و توانای ئەون. بۆیە تەنها ئەو شایانی پەرستنە، ئەو شایانی ئەوەیە دڵ و دەروونی موسوڵمان بە سام و هەیبەتەوە، بە ملکەچی و زەلیلییەوە رووی تێکات. چونکە هەر ئەو خوای کردگارەیە کە ژیان دەبەخشێت و مردنیش دەچەسپێنێت، هەر ئەو ڕۆزیدەدات و خاوەنی هێزی بێسنوورو بێئەندازەیە، بۆیە رووکردنە غەیری ئەو، یا دەربڕینی ترس و پارێزکاری لە غەیری ئەو، یا ئەنجامدانی هەر جۆرێکی پەرستن بۆ غەیری ئەو، یان هەر گومانبردن بەوەی کە غەیری ئەو هێزێکی سەربەخۆی هەیە، یان توانای کارتێکردنێکی بە ویست و ئیرادەی خۆی هەیە، یان دەتوانێت زیان یان سوود بە کەسێك _بێویستی خوای گەورە_ بگەێنێت، ئەمانە هەمووی شیرکن و دەبوو زوو خۆی لێ دوورخەنەوەو پەنابەرنەوە بەر خوای گەورەو نەهێڵن بە غایلەش بێتەدڵیانەوە.

لەوەش زیاتر لە مانای لاَإِلَهَ إِلَّا اللَّه گەیشتبوون.. دڵنیابوون کە ئەم بڕیارە مانایتریش هەڵئەگرێت: مانای دەسەڵات و داوەریی و حوکم. واتە: ئەوی شایەتمانی دەهێنا دەیزانی کە بڕیاری ئەوەی داوە کە کەس غەیری خوای پەروەردگار _نەلەسەر زەمین و نە لە ئاسمانەکاندا_مافی ئەوەی نییە پەیڕەوو پرۆگرام و بەرنامەی ژیان بۆ مرۆڤایەتی داڕێژێت. کەس بۆی نییە دەستووورو یاساو ڕێسا بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دیاری بکات، ئەمەش باوەڕو قەناعەتێکی کۆنەو لەگەڵ سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤدا هاتۆتە سەر زەوی! ئەو کاتەی خوای پەروەردگار ئادەم پێغەمبەری علیه السلام بۆ سەر زەمین ناردەخوارەوە، ئەم مەسەلەیەشی لەگەڵدا ناردەخوارەوە، وەک دەفەرموێ: (قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًاۖفَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ. وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِۖهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ) البقرة/٣٩ واتە: ووتمان: هەموو لە بەهەشت دابەزنە خوارەوە، دواتر لە منەوە ڕێنماییتان بۆ دێت، هەر کەس شوێن ڕێنماییەکەی من بکەوێت نەترسی لێدەنیشێت و نە خەفەت دەخوات، هەر کەسیش باوەڕینەهێناو نیشانەو بەڵگەکانی ئێمەی بەدرۆخستەوە، ئەوە ئەهلی ئاگر دەبێت و بە نەمریش تێیدا دەمێنێتەوە ..

ئەمە فەرمانی خوایەو لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هاتووەو لەگەڵیشیدا تا رۆژی دوایی دەمێنێتەوە. ئەمە فەرمانی خوایە دەبێ مرۆڤ ڕێنمایی خوایی وەرگرن و پێوەی پابەندبن، ئەگینا بە موسوڵمان ناژمێررێن ..

لە بڕیاری (مُحَمَّد رَسُولُ اللّٰهِ) کەشەوە ئەوە تێگەیشتبوون کە محمد ﷺ نێرراوی متمانەپێکراوی خوای گەورەیە، ئەو بۆ گەیاندنی پەیامەکەی خۆی بە مرۆڤایەتی هەڵیبژاردووە، ئەو پەیامەی پێدا ناردووە کە هەر دەبێ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بیگرنەبەرو پێوەی پابەندبن. هەموو مرۆڤ بەرپرسیارن لەوەی باوەڕ بە پێغەمبەرێتیی محمد ﷺ بێنن و شوێنیکەون و ملکەچی بۆ دەرببڕن و گوێڕایەڵیبکەن، چونکە گوێڕایەڵی ئەو گوێڕایەڵیکردنی خوای پەروەردگارە، وەك خوا خۆی دەفەرموێ: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ النساء/٦٤ واتە: هەر پێغەمبەرێکمان ناردبێت بۆ ئەوە بووە کە بە ئیزن و فەرمانی خوای گەورە گوێڕایەڵی بکرێت، یان: ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا﴾ الحشر/٧ واتە: ئەوی پێغەمبەر ﷺ پێتان ڕادەگەیێنێت کەبیکەن، ئەنجامیدەن، ئەوی بەرهەڵستیشتان لێئەدەکات، توخنی مەکەون. چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خۆی ڕاپەڕاندنی عەمەلی ئیسلامەکەیەو لەبەر چاوە، نموونەی جێبەجێ کردنی قورئانەکەیەو لەبەر چاوە، بۆیە هەر ئەوە

شایان و شیاوی ئەوە بێت بکرێتە نموونەی پێشەوایەتی و لێوەرگرتن، دیسان هەر ئەویش پەروەردەکارو سەردارو سەروەری موسوڵمانانە، هەر ئەو مامۆستاو رابەرە، ئەو سەلامی خوای لێ بێ ئەو نوورە خواییەیە کە تاریکستانی سەر زەمینی پێ رەویوەتەوە..

****

ئەوە بوو مانای گشتی (لاَإِلَهَ إِلَّا اللّٰهُ مُحَمَّد رَسُولُ اللّٰهِ) کە لە دڵی هەر کەسێکدا جێگیردەبوو، بە موسوڵمان دائەنرا، چونکە ئەو رستەیە هەموو ڕاستیەکانی ئیسلامی لەخۆگرتووە، هەر ئەویش. دوای ئەوەی لە دڵ و دەروونداا جێگیردەبێت. زامنە بۆ هەموو گۆڕانکارییەك کە بەسەر ژیانی ئەو کەسەدا دێت، هەر ئەویش دەبێتە ڕێنیشاندەری بەرەو ڕێگای ڕاستی خواویستی ..

ئینجا لەم تێگەیشتنە گشتییەوە، ئاڕاستەی تری قورئانی دەهات و پێغەمبەریش ﷺ بە سوننەتی پیرۆزی خۆی ئەوەندەی تر لق و چڵی بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی لێجیادەکردەوە، هەموو هەر ڕەگ و ریشاڵی شایەتمانەکەیان بە ناخی موسوڵمانەکانی یەکەمدا ڕۆدەبرد، ئەوەندەیتر سینەیانی فراوان دەکردو گۆشەنیگایانی بەرفراوانتر دەکرد. هەموو کارتێکردنەکانی ناخیشیان رۆژانە دەبۆوە بە ووزەی کارو کاردانەوەی خێرخوازیی لە هەست و هۆش و سۆزو بیرو رەفتارو

گوفتاریاندا شەوقیدەدایەوە، کەسیشیان _ئێمە ئاسا_ ئەو باوەڕو کارتێکردن و ئاسەواری باوەڕەی نەدەفەلسەفاند_ چەند بەرگە کتێبیشیان لەسەر دانەنا وەکو ئێمە چەندین جار خۆمان بە لە قاڵبدان و داڕشتنەوەیەوە خەریکدەکەین ..

موسوڵمانانی یەکەم هەر وەکو بەڵگەنەویستێکی سروشتی لەوە حاڵیبووبوون کە ویست (نییەت)ی پاك، بە تەنها، ئیسلامەتی ناهێنێتە کایەوە، بەڵکو هەر دەبێت ئەم ویستە پاکە بە کردەوە بسەلمێنرێت، دەبێ کردەوەکان شایەتی لەسەر بوون و کاریگەریی بدەن، ئەگینا نە لە تەرازووی خواییداو نە لە واقیعی ژیانی مرۆڤایەتیدا هیچ سەنگێکی نابێت! پێغەمبەر ﷺ وەکو ئەنەس خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە هەمیشە پێناسەی باوەڕەکەی بۆ دەکردنەوە کە (لَيْسَ الإيمَانُ بِالتَّمَنِّي وَلا بِالتَّحَلِّي ، وَلَكِنْ مَا وَقَرَ فِي الْقَلْبِ وَصَدَّقَهُ الْعَمَلُ)[١] واتە: باوەڕ نە بە ئاواتە، نە بە خۆزگەخواستنە، بەڵکو بریتییە لەوەی لە دڵدا جێگیردەبێ و کردەوە دەیسەلمێنێت

ئێمەش دوای ئەوەی دەیفەلسەفێنین و خۆمانی لە ڕووی کارئەندامزانی (سایکۆلۆژیی)یەوە پێوە ماندوودەکەین، ئینجا دەگەینە

---

١ لە سەرەتاوە ووتمان کە ئەمە فەرموودەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم نییە.. بەڵکو قەولی شێخ حەسەنی بەصرییە رحمه‌الله.

ئەمەی کە لای موسوڵمانانی یەکەم بەڵگەنەویستێکی سروشتیی خواناسیی بوو! کە زانیبوویان و بە تەواوی لە ژیانی واقیعی خۆیاندا هەستیان بە شوێنەوارو کاریگەرێتییەکەی دەکرد ..

گەلێ جار مرۆڤ وا بە خەیاڵیدا دێت، کە ئەو بیروباوەڕەی هەڵیگرتووە، جێی قەناعەتپێکردنی تەواوێتی و بواری لێدوانی دەربارەی نەماوە. هی ئەوە نییە بەڵگە لەسەر ڕاستێتی بهێنرێتەوە، چونکە ئەوەندە لێی دڵنیایەو بەڵگەی لەسەری هەیە گەیشتۆتە ڕادەی تێریی! ئەوەندەش لە ناخیدا جێگیربووە کە بواری گومان و دوودڵیی تێدا نەماوە.. بۆیە بواری موناقەشەی ناکاتەوە ..

بەڵام پاش ماوەیەکی کەم، پاش ڕوونبوونەوەی هەندێك ڕاستی سەرەکی، بۆی دەردەکەوێت، ئەمەی ئەو خۆی ئاوا لێ دڵنیاکردبوو، ڕاست نییە! لە دنیای واقیع و ڕاستی زانستیدا کێشی نییە! هەشی بێت ئەوەندە نییە ڕەوڕەوەی ئەم ژیانەی پێ پاڵ پێوە بنێت !

ئەوا تۆ دانیشتوویت، خەیاڵ کردووتی بە شتێکیتر! وا بۆی چوویت کە هەر بە چنگ پێداکردنێك ئەم گەردوونە لە جووڵە دەخەیت! یان ئەوەی کە بە ساکین دەیبینیت، وا دەزانیت هەر بە پاڵێك دەیخەیتە گەڕ! کەچی کە هەوڵدەدەیت مێزەکەی بەردەستت بە پاڵێك بجوڵێنیت، دەبینیت قورسەو ناتوانیت! لەمەوە هەست بەوە

دەکەیت کە تۆ بۆ جوڵاندنی مێزەکە پێویستیت بە بڕە هێزێکیتر هەیە، بۆیە ئەم جارە هەوڵدەدەیت ووزەو توانای خۆت گەشە پێبدەیت و توانات زیاتر بکەیت، ئینجا بە پاڵێکی بەهێزتر دێیتەوە بۆ مێزەکە. تۆ لەم حاڵەتەدا هێزی شاراوەی خۆت و توانای گەشە پێدراوت خستەسەر ویستی خۆت، تا بە هەموویان هێزێکی یەکسان بە هێزی بەرگری مێزەکە دروستبکەن، ئینجا پێویستیت بە گوڕو تینێکی زیاتر هەبوو کە دەبوو لە هێزی بەرگری مێزەکە زیاتر بێت، تا بەسەر هێزی بەرامبەردا زاڵ بیت و بگەیتە ئامانج.. ئەمە ڕاستییە. ڕاستیەکە وە نەبێت هەر لە مرۆڤدا بێت، بەڵکو یەکێکە لە ڕاستیەکانی ئەم گەردوونە و ڕێسایەکی سروشتی بونەوەرە.

کابرایەك کە ئامێرێکی تازەی هێناوەتەکایەوە، هەست بەوە دەکات کە تەنها هێزە شاراوەکەی حەزو ئارەزووی، ئەم ئامێرەی بۆ نەهێناوەتە بەرهەم، بەڵکو دەزانێ کە ئەو هێزە شاراوەی کردۆتە هێزێکی عەمەلی واقیعی (واتە ویستی پاکی کردووە بە کردار) ئینجا هێزی حەزو ڕەنجەکەی دەرێی زیاترکردووە تا ئاواتەکەی بهێنێتەدیی. دەشیزانی هێزی ناوەکی (ویستەکەی) و هێزی دەرەکی (ڕەنجە کردەوەییەکەی) هەر دەبوو لە سەرەتادا بە قەدەر بەرگری بەرهەڵستکارەکانی لێ بێت، ئینجا هەوڵێکی زۆرتر بدات تا لەو زیاتر

ڕەنج بخاتەگەڕ، تا بەسەر بەربەستی بەرھەڵستکارەکەیدا زاڵ بێت، تا لە واقیعێکی کردەوەییدا ئامانجەکەی بە بەدیهێنراوی نیشانبدات..

بزوتنەوەش ـکە یاسای هەرە گەورەی بوونەـ لەسەر ئەم ڕاستییە بەندە: بەگەڕخستنی ووزەی شاراوە بۆ هێزی دەرەکی دیار، ئینجا زیادکردن و بەهێزکردنی، تا بەسەر بەربەستەکانی ڕێدا زاڵبێت و بزوتنەوەکە بەو ئاڕاستە ببات کە داواکراوە ..

دەروونی مرۆڤیش ـکە ووزەیەکی گەردوونییەـ لەسەر هەمان یاساو ڕێسا دەڕوات. لە ڕێسا گەردوونیەکاندا، جیاوازی لە نێوان ماددەی مەعنەوییدا نییە، ماددەو ووزە هەردووکیان لە پێناسەی زانستی نوێیاندا دوو حاڵەتی یەك شتن..

ویستی پاك (نییەت) بە تەنها بەسنییە، ویستی پاك ووزەیەکی کۆکراوەی شاراوەیە، لە ناخدایەو هێشتا نەگۆڕاوە بۆ هێزێکی کردەوەیی بزاوتنی دەرەکی، هێشتا بەرامبەر بەربەست و کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێ (کێشەو تەنگ و چەڵەمەی کۆمەڵکارییەکەی ئیسلام) تاقینەکراوەتەوە.

## ویستی پاك و كۆسپی ڕێ

ئێستا با تەماشای ئەو گیروگرفتە (سروشتی)یانە بکەین کە دێنە ڕێی مرۆڤ لە ژیانیدا، ئەوانەی کە ویستی پاك بە تەنها دەرەقەتیان نایات و توانای بەربەرەکانێیانی نییە، ئەوانەی کە پێویستە (ویست)یان بۆ بگۆڕڕێ بۆ هێزێك، کە لە سەرەتایدا بتوانێ هاوتای بێت، ئینجا بتوانێ بەرهەڵستیان بکات، ئینجا زیاتر پەرەی پێبدرێت تا بتوانرێت بزوتنەوەیەکی ڕاستی واقیعی بۆ گۆڕانکاری لە ژیاندا پێ بهێنرێتەدی.

مرۆڤ هەر وەکو کە لە واقیعی ژیانیدا کەندو کۆسپی دێتەڕێ، لە دڵ و دەروونی خۆشیدا زۆر کەندو کۆسپی تووشدەبێت و گیروگرفتی دەبێت.

لە دەرونیدا: داب و نەریت، عادەت و خوو، لاساییکردنەوە، حەز لە حەسانەوەو ژینی ئاسان، ڕقبوونەوە لە ماندوێتیی و بەڵاو تەنگوچەڵەمەی دنیاو.. هتد با بۆ ئەم گیروگرفتانە ناونیشانێك دانێین (یا هەر خۆی دانراوە) کە بریتییە لە هەواوهەوەس (الهوى).
ئەمیش وەڵامدانەوەی هەموو ئەو داواکاریانەیە کە دڵ و دەروون حەزی لێیانەو دەیانخوازێت.

له واقیعی دەرەوەی دەروونیشدا: عادەت و نەریتە قورسەکانی کۆمەڵگەو ئەو خەڵکانەی لە ڕێبازی دادی خوایی لایانداوەو هەقیان پێ قبووڵنییە. با ناوێك لەم گیروگرفتانەی دەرێش بنێین (یان ئەمیش هەیەو بۆی دانراوە) کە بریتییە لە طاغووت: واتە ئەو ستەمکارانەی لە ڕێبازی ڕاست لایانداوە.

کەوابوو ئێستا هەواو هەوەسی ناوەوەو هێزی طاغووتیی شەڕخوازی دەرەوە بەربەرەکانێی نموونەکەی پێشوومان (مێزەکە)ن، کە ووتمان پێویستە ویستی دڵیان ئەوەندە بۆ بگۆڕین کە ببێتە هێزێکی ئاشکرای هەستپێکراو. دەبێ یەکەم هەنگاو ئەوە بێ، کە ویستی پاک (باوەڕ) ئەوەندە بەهێزبێت کە بتوانێت بەرامبەر هەواوهەوەس و طاغووت بوەستێت، ئینجا هێزو تواناو وورەی لەو زیاتربکرێت تا بزوتنەوەیەکی ڕاست و واقیعی بەرهەم بێت، مەرجیشە ئەو بزوتنەوە وا بێت کە لەگەڵ بزاوتنی گەردووندا بسازێت، ئەمەش بەوە دەبێت کە ئەو بزوتنەوەیە بە پێی ڕێبازێکی ڕاست بێتەدی.

هەواوهەوەس و طاغووت هێزی ڕاستیی و واقیعیین، خاوەن ووزەو تواناو بزوتن و تین و فشارن. بۆیە شتێکی مومکین نییە هەر بە ویستی پاك بەرەنگاری بکرێن، چجای رادان و سەرکەوتن بەسەریاندا. کە ئەمە یەکەمین هەنگاوی ئەو بزوتنەوەیە، کە دەمانەوێ بێتەکایەوە،

ئەوی لەسەر ڕێبازێکی ڕاستی سازاو لەگەڵ بزاوتنی گەردووندا دەگونجێت.

ئەمە یەکێکە لە بەڵگەنەویستەکانی بوون و گەردوون و ژیان. پێغەمبەر ﷺ هەستی تەواوی بەم ڕاستییە کردبوو، بۆیە دەیفەرموو: (لَيْسَ الإِيمَانُ بِالتَّمَنِّي وَلا بِالتَّحَلِّي، وَلَكِنْ مَا وَقَرَ فِي الْقَلْبِ وَصَدَّقَهُ الْعَمَلُ) واتە باوەڕ بە خۆزگەخواستن و تەمەناکردن نییە، بەڵکو بریتییە لەوەی لە دڵدا جێگیردەبێ و کردەوە دەیسەلمێنێ. یاوەرانیشی لەسەر ئەم ڕێسایە پەروەردە کرابوون، بۆیە هەر یەکەیان هەوڵیدەدا خەڵکانیتر بەم شێوەیەو لەسەر ئەم ڕێسایە ئاڕاستەکات، چونکە کۆمەڵگای ئیسلامی لەسەر ئەم یاساو ڕێسایە دادەمەزرێت.

## ویستی پاك بەتەنها هیچ کارتێکردنێکی واقیعی نییە

با بزانین عەیبی ئەم جۆرە ئیمانەچییە؟ کە هەر لەسەر ویستی پاک دادەمەزرێت.. بۆچی ئیسلام ویستی پاکی بە تەنها ناوێ؟!

ئیسلام ئەمە بە جۆرێك لە خۆهەڵخەڵەتاندن دەزانێ. تۆ لە خەیاڵتدا یان لە خەوتدا بە پاڵێك بارستاییەکی گەورە دەجوڵێنیت، بەڵام تۆ ئەو هێزەت لە دنیای واقیعێکدا تاقینەکردۆتەوە تا بزانی چی پێ دەگۆڕرێت. تۆ کە هێزی خۆت بە مێزێك تاقیدەکەیتەوە، ئینجا دەزانی بزواندنی چەندی دەوێت. مەسەلەی ویستی پاك و ئەوی پێی دەکرێ هەر وایە. تۆ (پڕبەدڵ) قەناعەتت بەوە هەیە کە پیاوی چاکیت و دڵت پاکەو هەقخوازیت و سەرڕاستیت و پەیوەندیت بە خواوە چاکەو پتەوەو ئەوە دەکەیت کە ئەو پێی خۆشە. باشە ئەمانە ڕاستن، بەڵام هەر خۆت کاتێك کە پێویستدەکا خۆت لە حەزێکت، لە ئارەزوویەکت، لە ڕەفتارێکت کە خووت پێوەگرتووە، یان کە پێویستدەکات بەرامبەر کەسانێکیتر بوەستیتەوە، پێویست بکات هەڵەکانیان ڕاستکەیتەوەو لە تووڵەڕێ ڕزگاریانکەیت و بیانهێنیتە سەر ڕێبازی ڕاست، یان کە پێویستدەکا لێیان دوورکەویتەوە تا زیانت پێ نەگەێنن و لە ڕاستەڕێ دەرتنەکەن.. بەرامبەر بە هەر یەکێك لەمانە تووشی ناڕەحەتیی و ناخۆشیی دەبیت. ڕەنگە لە هەندێکیانەوە تووشی مەترسی گەورەتریش ببیت.. کاتێك کە پێویستدەکات بەربەرکانێی (بەرەی کوفر) بکەیت، حەتمەن تووشی هەڕەشەو مەترسی گەورەتر دەبیت.

لەو کاتی روبەڕووبوونەوانەدا هەڵوێستی پێویست چییە؟ سەرمایەی واقیعیی ویستە پاك و کۆکراوەکەت چییەو چەندە؟ سوودی چییە؟!

خۆ ڕاستە هیچ کردەوەیەك بێ ئەو ویستە پاکە کۆکراوەیە نابێت و نرخی نییە، بەڵام ئەمیش بە تەنها چ نرخێکی هەیە؟ ئەمیش ئەگەر بۆ هێزێکی ئاشکراو هەست پێکراوی وا نەگۆڕێ کە لە واقیعی ژیاندا بەکار بێت، چ نرخێکی هەیە؟!

خۆ پێغەمبەر ﷺ بۆ کاتبردنەسەر نەبووە کە فەرموویەتی: (لَيْسَ الإِيمَانُ بِالتَّمَنِّي وَلا بِالتَّحَلِّي، وَلَكِنْ مَا وَقَرَ فِي الْقَلْبِ وَصَدَّقَهُ الْعَمَلُ) واتە: باوەڕ بە خۆزگەخواستن و تەمەناکردن نییە، بەڵکو بریتییە لەوەی لە دڵدا جێگیردەبێ و کردەوە دەیسەلمێنێ. پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە بەرزترین پلەی واقیعیدا بووە کە ئەمەی فەرمووە.

سەرمایەی ڕاستەقینەی ئەو ویستە پاکە بریتییە لە هێزی بەربەرەکانێکردنی ئارەزووەکانی ناوەوە (هەواو هەوەس) و خۆڕاگرتن بە رووی شەڕخوازیی دەرەوە (هێزی طاغووت). غەیری ئەمە _واتە ویستی پاك بە تەنها_ فلسێکی قەڵب ناهێنێ! هەموو جوانیەکەی ناگاتە بڵقێکی سەر ئاو! کە بە فوویەك دەتەقێت و ئاسەوارێک بەجێ ناهێڵێت !!

لەبەر ئەمەیە کە  ئیسلام بە ویستی پاك بە تەنها ڕازینەبووە، بەڵکو داوایکردووە کە کردەوەی چاك هاوڕێی ویستە پاکەکە بێت. قورئان هەر کە فەرموویەتی: ﴿الذین آمنوا﴾بە تەنها نەیهێناوەتەوە، بەڵکو هەمیشە ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ ی لەگەڵدا هێناوەتەوە، واتە ئەوانەی باوەڕیانهێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە ..

کەوابوو ئەوەی لە دڵدا جێگیر دەبێت و کردەوە دەیسەلمێنێت، ئەمە داواکراوەکەیە،  ئەمەشە کە لەگەڵ سروشتی بوون و گەردوون و ژیانی زیندەوەراندا دەگونجێت.

## سەلماندنی ویستی پاك

یەکێکیتر لەو بەڵگەنەویستانەی موسوڵمانانی یەکەم تێی گەیشتبوون دەربارەی ئیسلام: هەوڵدان و تێکۆشانە بۆ چەسپاندنی ئیسلام لە جیهانی واقیعدا، چونکە دڵنیابوون کە نە ئاوات و نە خۆزگەخواستن ئەو مەبەستە ناهێننەدیی.

لە لایەکەوە لەگەڵ ڕەوشتی شەخسی خۆیاندا لە کاردابوون، لە لایەکیترەوە لە واقیعی ماددیی کۆمەڵەی ئیسلامی و دەوڵەتەکەیدا. کەس لەو موسوڵمانانەی یەکەم باوەڕی وانەبوو کە تەنها ویستی پاك دەیکات بە موسوڵمان، لەکاتێکدا کە کردەوەکانیشی پێچەوانەی فەرمانەکانی ئیسلام بن، چونکە خۆ خوا کە ئاگاداری دڵ و دەروونەکانە، ئاگاداری هەموو ویستێکی پاکی شاراوەشە، وەهایان هەستکردبوو کە ویست و کردەوە دووڕووی یەکشتن. هیچیان بێ ئەویتریان سەنگی نییە. ویستی پاکی بێ کردەوە نەزۆکەو هیچ سەرمایەیەکی لە جیهانی واقیعدا نییە، کردەوەی بێ ویستی پاکیش کردەوەیەکی وونبووە، چ لەسەر زەمین، چ لە ئاسمان! چونکە خوای گەورە هیچ کردەوەیەکی ناوێ لەبەر ڕەزامەندی ئەو نەکرابێ، ئەمەیە مانای ویستی پاك.. خۆ هەر پێوەرە زەمینیەکان پووچی ئەو کردەوانە دەخەنەڕوو کە بۆ خوا نەبوون!

کەس لە موسوڵمانانی یەکەم وا تێنەگەیشت کە دەتوانێ هەر بە نییەتی پاك بێتە ریزی موسوڵمانان، لەو روانگەوە کە خوای گەورە ئاگای لە دڵەکانەو بە گوێرەی ئەو دڵپاکییە حساباتی بەندە دەکات! لەولاوەش جڵەوی بۆ ئارەزووەکانی شلکردبێت و تێکەڵیان بووبێت! وەك هەڵپەکردنی تەماعکاریی و دەسکەوتنی حەرام و لەزەتی حەرام، یان دەستنوقاندن لە خێرو خێرات و خۆگرتنەوە لە تێکۆشان و خۆنەدانە بەر ناڕەحەتیی و کۆسپەکانی سەر ڕێ! یان خۆ خستنە گەڵ تەوژمەکانی کۆمەڵگە، بۆ کوێی دەبەن با بیبەن! دەیخەنە سەر کەڵکەڵەی چ بیروباوەڕو ڕێبازێك، یان دابونەریتێك با بیخەن! یان با بیکەن بە ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگە جاهیلییەی ئەم  بە حسابی خۆی بۆ گۆڕینی هاتبوو! هەموو ئەم  تەنازولانە لەبەر خاتری ئەوەی تووشی دەردەسەری نەیات، یان بۆ ئەوەی پێی نەڵێن دواکەوتووە! یان تا پێی بڵێن پێشکەوتووخوازە!! هەر لەبەر ئەوەی _لە حساباتی خۆیدا_ خۆی نەخاتە تاڵوکەی ئازارو کێشەوە، ئازاری جەستەیی بن وەکو کوشتن و زیندان و راونان و بێبەشکردن، یان ئازاری دەروونی بن وەك تانەو تەشەرو گاڵتەکردن پێی !

موسوڵمانانی یەکەم لە جێی ئەم  هەستە بەزیووە، بە پێچەوانەوە قەناعەتیان هەر لەسەرەتای باوەڕهێنانەکەیانەوە بەوە کردبوو کە باوەڕهێنانیان بە  ئیسلام یەعنی راپەڕاندنی یەکسەریی لە ژیانی واقیعی

خۆیاندا. یەعنی بە ئیسلامیکردنی هەڵسوکەوت و رەفتارو مامەڵەی ڕۆژانەیان لەگەڵ هەموو کەسێکدا. ئیتر چی دێتە ڕێی ئەم خۆ بە ئیسلامیکردنەیان با بێت! لەوە بێباکبوون.. ئەوان هەر لە یەکەم هەنگاوی موسوڵمانبوونیانەوە دەیانزانی کە ئەرکێکی سەرشانیان ئەوەیە کە دەبێ ئەم کۆمەڵگەیەی خۆیان بکەنە ئیسلامی. ئیتر لە ڕێی بە ئیسلامیکردنی ئەم کۆمەڵگەیەی خۆیاندا چییان دێتە ڕێ با بێت..

لێرەدا ڕاستیەك هەیە پێویستە سەرنجێکی ووردی بدەین.. ئەویش ئەوەیە کە دەروونی مرۆڤ هەموو کاتێك هەر لەسەر بەرنامەو پڕۆگرامەکەی خۆی جێگیر نابێت، ناشتوانێ هەموو کاتێك وەکو یەك رووەوڕووی دژواریەکانی سەررێی ببێتەوە. چونکە جاری وا هەیە لاوازدەبێت، وورەی دادەبەزێت، دەڕوخێت!! بۆیە خوای گەورە دەربارەی مرۆڤ دەفەرموێ: ﴿وَخُلِقَ الْإِنسَانُ ضَعِيفًا﴾ النساء/٢٨ واتە مرۆڤ لاواز دروستکراوە.. خوای پەروەردگاریش ئاگاداری لاوازیی بەندەکانێتی، بۆیە ئەگەر کەوتن و هەستانەوە، ئەگەر هەڵەیان کردو ڕاستبوونەوە، ئەگەر سەرپێچیانکردو تۆبەیانکرد، بەو مەرجەی بەردەوام نەبووبن و لەسەر تاوانکاریی سوورنەبووبن، وەریاندەگرێتەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ. وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَن

يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَىٰ مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ) ئالى عيمران/ ١٣٥واته: خوا پياوچاكانى خۆشدەوێ. هەروەها ئەو كەسانەش كە كە ئەگەر گوناهێكيانكرد يان ستەمێكيان لە خۆيان كرد، خوايان دێتەوەيادو تۆبەدەكەن و داواى لێبوردن لە خواى گەورە دەكەنەوە، چونكە لەوە دڵنيان كە كەس غەيرى خواى گەورە نييە لە تاوان و سەرپێچى مرۆڤ خۆشببێت، بۆيە خێرا پەشيمان دەبنەوەو بڕياردەدەن كە واز لە گوناح بێنن و سوورنەبن لەسەر كردنەوەى، چونكە دەزانن تێهەڵچوونەوە لە گوناهان دواى تۆبەكردن زيانى گەورەى پێوەيە.

بەڵام لێرەدا جياوازيەكى گەورە هەيە لە نێوان ئەم ڕاستييەى كە لە ژيانى مرۆڤدا بڕيارى لەسەردراوەو لەگەڵ ئەو گومانبردنە ساويلكەيە بەوەى كە گوايە تەنها ويستى پاك بۆ ژيان و بۆ ئيسلامەتيش بەسە!!

چونكە خواى گەورە كە تۆبە لە بەندەكانى وەردەگرێ و بەزەييشى لايە خۆى بڕياريداوە، بۆ ئەو كەسانەى كە لەو كاتانەى تێدەكۆشن بۆ گۆڕينى ويستى پاك بۆ كردەوەى واقيعى بەرهەمهێنەر، جارى وا هەيە دەكەونەهەڵەوە، يان جارى وا هەيە لەو ڕێگەدا لە تێكوشان سارد دەبنەوەو ووره بەردەدەن، بۆ ئەمانەيە! ئەويش بەو مەرجەى پشتێنى تێكۆشان شلنەكەنەوەو بەردەوام هەوڵى چارەسەركردنى خۆيان

بدەن، نەك پاڵی لێبدەنەوەو دەست بنێنە ژوورسەریان و چاوەڕوانی لێخۆشبوونی خوای گەورە بن!!

نەخێر ئەو لێبوردنەی خوای گەورە بۆ ئەوانەیە کە لە ڕووی نەزانینەوە هەڵەیەك دەکەن و دوایی هۆشیاردەبنەوەو داوا لە خوای گەورە دەکەن وەریانبگرێتەوەو لە ڕیزی بەندەکانی خۆی بیانژمێرێت، پاشان خوای بەخشندەو میهرەبان بەهرەی خۆیان بەسەرا دەڕێژێت و لێیان خۆش دەبێت، وەك خۆی بڕیاریداوە نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بەڵێنیپێداون کە خراپەکانیشیان _دوای سەلماندنی دڵسوزییەکەیان_ بۆ بگۆڕێ بە چاکە، وەك دەفەرموێ: ﴿إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَٰئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ الفرقان/٧٠ واتە: مەگەر ئەو کەسەی کە پەشیماندەبێتەوەو باوەڕدەهێنێت و کارو کردەوەی چاکە دەکات، ئەوانە خوای گەورە خراپەکانیشیان بە چاکە بۆ دەگۆڕێتەوە.. خواش بە بەزەیی و لێبوردەیە.

موسوڵمانانی یەکەم هەرگیز وا لە مانای ئیسلامەکەیان تێنەگەیشتبوون کە دەتوانن _مادام ویستی پاکیان هەیە_ واز لە کۆمەڵگەی نا موسوڵمانی دەوروبەریان بێنن و لێی گەڕێن لە گێژاوی خراپەکاریی و ستەمدا شەپۆلبدات! با لێشیانەوە دووربن، با

لادانەکەی ئەوان تێکەڵ بەمانیش نەبوو بێت! بەڵکو واتێگەیشتبوون کە دەبێ هەوڵی گۆڕینی ئەو کۆمەڵگە خراپەکارو خواروخێچە بدەن و بیانگۆڕن بۆ کۆمەڵێکی موسوڵمانی دادپەروەر، کە باوەڕیان بە خوای گەورە هەبێ و لە سنووری ئەو پرۆگرامە خواییەی بۆیان دانراوە دەرنەچن، ئەگینا ئەمان بە موسوڵمانی تەواو ناژمێررێن! بۆیە جیهادەکەیان (تێکوشان لەپێناوی بەرزکردنەوەی وشەی خوای گەورە)، بوو بە یەکێك لە بەرهەمە دەسکەوتەکانی ئەم هەستکردنەیان بەو بەڵگەنەویستەی تێگەیشتن لە مانای ئیسلام..

ئیسلام بریتییە لە بزوتنەوە. بزوتنەوە لە ناخی دەروون و لە گۆڕانکاریی واقیعدا.. ئەم عەقیدە ئیسلامییە هەرگیز لە توانایدا نەبوو لە دەرونی موسوڵماناندا جێگیر ببێت، ئەگەر نەگۆڕایە بۆ بزوتنەوەیەکی گۆڕانکاریی واقیعی ژیانی کۆمەڵگەکە (بە کافرو موسوڵمانیەوە)! ئەم هەستە بوو، کە وورده وورده بووە هۆکاری پەیابوونی ئەو ڕووداوە مێژوییەی لە کۆمەڵگەی یەکەمی موسوڵماندا هاتەکایەوە، کە ئیسلام دروستیکرد، کە بریتی بوو لە چەسپاندنی ئەم ڕاستییە ئیمیانییە لە ناخی دەرونی ئەو کۆمەڵە کەمەی موسوڵماناندا، ئەوانەی کە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ پەروەردەی کردبوون، کە خێرا ڕاستیەکە تەشەنەی دەکردو لە دەروونی ئەوانەوە بەرەو کۆمەڵی خواروخێچی دەوروبەریان هەڵمەتی بە ئاواتی گۆڕین و

بەهێزکردنیان دەبرد، تا ئەوانیش لەو دەرونە گومڕایانەی کۆمەڵگە نەفامیەکە، رزگاربکات.. بە ئاواتی ڕێنماییکردنیان بەرەو ئەو یاساو دەستوورە دادپەروەرییەی شەریعەتی ئیسلام.. بە ئاواتی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕێزیان بۆ ئاستێك شایانی مرۆڤ بێت.. ئاوا کەوتنە تێکۆشان و ڕێنماییکردنیان لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایی خوای گەورەو زانیارییە نموونەییەکەی ڕەوشتی پێغەمبەری فەرماندە صلى الله عليه وسلم تا سەرنجام سەرکەوتن ..

سەرکەوتن، چونکە دەیانویست سەرکەون، بەرداوام تێدەکۆشان بۆ سەلماندن و چەسپاندنی ویستی پاك _بەکردەوەی هەستپێکراو_ لە جیهانی واقیعدا، دوای ئەوەی لە جیهانی دەرونیاندا دەیانچەسپاند، لەبەر ئەوەش بوو ئاوا بە موسوڵمانی هەڵبژاردە درانە قەڵەم!!!

****

یەکێکیتر لەو بەڵگەنەویستانەی موسوڵمانانی یەکەم هەستیان پێکردبوو، ئەوە بوو کە کۆمەڵگەی موسوڵمان دەبێ لەسەر شەریعەتەکەی خوا دابمەزرێت، مومکین نییە بەهیچ شێوەیەك بەپێی غەیری ئەم شەریعەتە خواییە، کۆمەڵگەی موسوڵمان بێتە کایەوە، چونکە تەنها ئیسلامە بتوانێ موسوڵمان پەروەردەبکات و کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوویان لێ پێك بهێنێت.

بەم شێوەیە کۆمەڵگەی ئیسلامی دروستبوو، ئەمەش یەکەم نیشانەی ناسینەوەی ئەم کۆمەڵگەیە، کە بە هۆیەوە لە کۆمەڵگەکانیتر جیادەکرێتەوە.. هەر کەسێك لە مێژووی کۆڵیبێتەوە، لە مێژووی ئیسلامدا هەستی بەم نیشانەیە کردوە، کە لەسەر ئەو بەڵگەنەویستە دامەزراوە. تەنانەت ڕۆژهەڵاتناسەکانیش! ئەوانەی کە چاویان بڕیبووە ئەو بناغە دەستوورییە! ووردەکارانە ئەم بناغەیان ناسی بە ئومێدی هەڵتەکاندنی، تا لەو ڕێیەوە بتوانن کۆمەڵگە موسوڵمانەکە لە شەریعەتەکەی جیابکەنەوە! تەنانەت ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە لە خەڵکیتر زیاتر هەستیان بە گرنگی ئەو خاڵە کردبوو، دەیانزانی شەرعەتی ئیسلام بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای ئیسلامی چەند پێویستە. ئەوەتا (جب)ی ڕۆژهەڵاتناس لە کتێبەکەی دا (ئاراستە هاوچەرخەکانی ئیسلامGibb. in Islam modern trends) دەڵێ: (جۆری ئەو کۆمەڵگایە کە کۆمەڵەیەك بۆ خۆیانی پێکدێنن لە بنەڕەتدا لەسەر بیروڕایان بەرامبەر ئەم گەردونەو مەبەست لە دروستبوونیی دەوەستێت. هەروەها بەرامبەر جێ و ڕێی دەرروونی مرۆڤایەتی تێیدا. ئەمەش تیۆر (نَظريە)یەکە کە خەڵکی بە تەواوی ڕاهاتوون لەسەریی، تەنانەت کڵێساش بەردەوام هەفتە بە هەفتە دەیلێتەوە! بەڵام لەوانەیە ئیسلام تاکە ئایین بووبێت کە زۆر بە پەرۆشەوە ئامانجی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی لەسەر بنەماکانی ئەو

بیرو باوەڕە گرتبێتەبەر، تەنها ڕێبازیشی بۆ هێنانەدیی ئەم مەبەستە هەر شەریعەتەکەی خۆی بووە .

هەروەها گرۆنیباوم لە کتێبەکەی دا (ئیسلام .Von Grunebaum Islam) دەڵێ: (ئەو ئیشەی کە کۆمەڵەی دیان (مەسیحی)یەکانی یەکەم بە دەیەها ساڵ هەوڵیان دەدا تێیبگەن، موحەممەد صلى الله عليه وسلم لە دوای چەند ساڵێکی کەم هەستیپێکرد، ئەویش ئەوە بوو مادام ویستی خوا وایە کە ژیانی دنیا ماوەیەك بخایەنێت، کەم بێ یان زۆر، بە پێویستی زانی لەو ماوەیەدا کۆمەڵەی خۆی (موسوڵمانەکان) لەگەڵ ئەو فەرمانە ئاسمانیەی بە سروش (وەحی) بۆی هاتەخوارەوە تەفاعولێکی تەواو بکەن. بۆیە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تایبەتی بووە خولیای سەریان. کۆمەڵگەیەك کە دەربارەی هەموو لایەکی ژیان رای سەربەخۆی خۆی هەبێت. ئەمەش لەبەر سێبەری خوادا بوو (مەبەستی لە ژێر سێبەری شەریعەتی سروشی خواییدا بوو) کە ببووە ئامانجێکی گرنکی کۆمەڵەکە، هەر لە یەکەم بیرکردنەوەوە هەتا مردن (واتە بە شێوەیەك کە وەك چۆن هەموو بابەتێکی بیرو هۆشی مەعنەوییانی دەگرتەوە، ئاواش هەموو بابەتێکی ڕەوش و ماددیشیانی دەگرتەوە) هیچ جیاوازییەکیشی نەهێشت لە نێوان بەها پیرۆزەکان (المقدسات) و بەها دنیاییەکانا. ئەمەش بەوەی کە کۆمەڵگەکەی

لەسەر ئەوە پەروەردەکرد کە ووردترین و بچوکترین لایەنی ئەم ژیانەو رۆژی دوایی بە پەیوەستی ئایینی پێکەوە بەستراون، کە لەکاتی جێبەجێکردنی هەر کارێکدا _هەر جۆرێك بێت_ چەند مەراسیمێك بۆ تەواوکردنی پێویستبووە. بەم ڕێگایەش تا ڕادەیەکی زۆر، بنەماکانی خووڕەوشت بوون بە باوەڕی ئایینیی و نەریتی کۆمەڵایەتیی! ئینجا یاسای ووردترین کاروباریشی بە شێوەیەکی زۆر بەرز بۆ خستەڕوو! کە هەر لە بەڵگە ئایینیەکانیەوە وەرگیرابوون! وە نەبێ تەنها ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ پێویست بووبێ بگۆڕێ بۆ کۆمەڵە کاروبارێکی ڕێك و پێك کە خوا داوایدەکات، بەڵکو هەموو کۆمەڵگەکە پێویستبوو بگۆڕێ بۆ ئیسلامی! بۆیە دەوڵەت و سوپاو خەزێنە (بەیتولمال) لە بیرو هۆشی موسوڵمانانی یەکەمدا ببووە دەوڵەتی خوایی، سوپای خوایی، خەزێنەی خوایی.

ۆلفێرد کانتۆڵ سمیت لە کتێبەکەیدا (ئیسلام لە مێژوی هاوچەرخدا Wilfred Cantwell Smith  Islam in modern) لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: (ئەگەر نیشانەی جیاکردنەوەی جیهانی ئیسلامی ئەوە بێ کە ئیسلامییە، ئەوا ئێمە بەم نووسینەمان هەوڵێکی ڕوونکردنەوەی مانای ئەم ڕاستییە دەدەین)، ئینجا لە لاپەڕە ٢٦ و ٢٧ لە (بەشی ئیسلام ومێژوو)دا دەڵێ: (مێژووناسان _لە بابەت ئەم ئایینەوە_ تێبینی دەرکەوتن و بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵگایەکیان لە

ئیسلامدا کردووە، ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئیسلامی پەیوەندییەکی زۆر ئاشکرایان لە ناو یەکترا هەیە، ئەو پەیوەندییەش زۆر بەرزە، گەلێك کەس هەستیان بەوە کردووە کە کۆمەڵ (کۆمەڵی ئیسلامی) تەنها کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی نین، بەڵکو کۆمەڵێکی ئایینین و ئایین و دەوڵەتیش یەك بابەتن. ئەگەر ووشەی ئایین و دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکەی خۆمانمان بۆ بەکارهێنا، ئەگەرچی نەگونجاویشە بۆی، چونکە کۆمەڵی ئیسلامی وەکو کۆمەڵانیتر نییە، کە پەیوەندی نێوانیان هەر ئەوەندە بێت کە لەسەر چەند خوونەریت و وەلائێکی تایبەتی دروستبووبێت، یان بە چەند جۆرە خووڕەوشت و یاسایەکی بەهێزو ڕەوشتی بەرزو عەقیدەیەکی تایبەتی پێکەوە بەسرابنەوەو بەس. نا، نەخێر، کۆمەڵگەی ئیسلامی هەر ئەوەندە نییە، بەڵکو زیندوویەکی تێدا بەدی دەکرێ کە هەڵقوڵاوی قەناعەتێکی شەخسییە، قەناعەتێکی ئایینی وا کە کڵپەو بڵێسەیەکی بەتینی لە دەروونی هەر یەکێك لە ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیدا هەیە، دەتوانین بڵێین کە ئەم کۆمەڵگایە (یان ئەم کۆمەڵە) بریتییە لە نموونەیەکی زۆر بەرزی ئایینی، کە ووشەی ئایینیەکە بەکاردەهێنم هەر بە مانای تاك و پاکیەکەی پێشوو بەکاریدەهێنم وەك لە مەوبەر باسمکرد. ئەگەر بڵێین عەقیدە یان ڕژێمێکی ثیۆلۆجی (رژێمێك کە لەسەر بناغەی ئایینی دامەزرابێ) بریتییە لە عەکسکردنەوەو

بریقەدانەوەی قەناعتی ژیری و باوەڕهێنانی شەخسی _وەکو کە لە زۆر حاڵەتدا بەتایبەتی لە دیانێتی (مەسیحەتدا دەردەکەوێ_ ئەو کاتە دەتوانین بڵێین ڕژێمی کۆمەڵایەتی ئیسلامیی (بە هەموو شێوەی چالاکییەکانیەوە) بریتییە لە دەربڕینی باوەڕی شەخسی موسوڵمان، لە شێوەیەکی کردەوەیی واقیعییدا.

پێویستناکات لەوە زیاتر دەقی قسەی ڕۆژهەڵاتناسەکان وەربگرین و شوێن قسەیان بکەوین. بەڵام ئەوەی دەمەوێ لێرەدا بیڵێم ئەوەیە، کە ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە هەموویان یەك سیفەتی گەورەی تێگەیشتن لە ئیسلام و مێژووەکەیان خستەڕوو، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئیسلامیی، پەروەردەکراوی عەقیدەی ئیسلامییەو لەسەر بناغەی ئەو دامەزراوە، بە جۆرێکە، کە کۆمەڵگاکە لە عەقیدەکەی جیاناکرێتەوە، ئەمەش لە کردەوەو خووڕەوشتی موسوڵماناندا دەردەکەوێ، کە عەقیدەو شەریعەتی ئیسلام پێکهێنەریان بوون، ئەمەش بەو شەریعەتەیە کە هەموو کونجی ژیانی گرتۆتەوە. دیسانەوە ئەمە وەکو ووتمان یەکێکە لە بەڵگەنەویستەکانی روانگەی موسوڵمانانی یەکەم، دەربارەی تێگەیشتن لە ئیسلام، کە بوونی ئیسلام بێ کۆمەڵگای موسوڵمان نیەو ناشێت، هەر وەکو کە ئیسلامەکەش بێ تێکۆشانی راستەقینەی هەموو تاکێکی موسوڵمان

بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەك لەسەر بناغەکانی کە شەریعەتی ئیسلام خۆی بۆی دارشتووە، بوونی نییە ..

## ئیسلام پرۆگرامی ژیانە

یەکێکیتر لەو بەڵگەنەویستانەی موسوڵمانانی یەکەم هەستیان پێکردبوو، ئەوەبوو کە شەریعەتی ئیسلام دەستورێکی گشتگیرەو هەموو کونجی ژیان دەگرێتەوە، رای خۆی لەسەر هەموو چالاکیەکانی مرۆڤ هەیە، کە لەم سەر زەمینەدا دەینوێنێت.

هەرگیز وا تێنەگەیشتبوون کە ئیسلام بریتی بێ تەنها لە چەند پەرستنێك، یا گوایە چەند ڕێسایەکە دەربارەی کاروباری شەخسی (الاحوال الشخصية)ی وەك ژنهێنان و تەڵاقدان و کۆیلەئازادکردن و میراتگریی.. بەڵکو هەموو دەیانزانی کە ئیسلام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم لایەنانە دەگرێتەوە، بریتیشە لە ڕێکخستنی هەموو جۆرە چالاکیەکانیتری کۆمەڵگەکە، کە تاکەکانی لەناویەکدا دەیکەن، مادام کۆمەڵگەکە موسوڵمانەو لەسەر ڕێساکانی بیروهۆشی ئیسلامیی و بنەماکانی بیروباوەڕی ئیسلامیی دامەزراوە. کەوا بوو دەبێ هەموو ڕەفتاری کرین و فرۆشتن و ڕەهنکردن و کرێ و قەرز.. هەموو ئەم جۆرە سەوداو مامەڵانە (چ مەدەنییەکان بن چ ئابوورییەکان) کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لە نێویەکدا، یان لە نێوان تاکەکان و دەوڵەتدا هەن، دەبێ هەمووی بە پێی ڕێساکانی شەریعەتی ئیسلام بن.. چونکە ئیسلام یاسای بۆ هەموو چالاکیەکی تاکو کۆمەڵگەو

دەوڵەت، لەسەر بناغەیەکی ڕاست و دروست داڕشتووە.. کڕین و فرۆشتن حەڵاڵە، بەڵام سوو (ربا) حەرامە. شاردنەوەی کەلوپەل بە هیوای گرانکردنی، حەرامە.. ماڵداگیرکردن، فڕوفێڵ، زیادنووسینی قەرز، هەڵخەڵەتاندن و ستەمکردن، کەمکێشان، کەمپێوان و شێوەیتری ئاوا، هەمووی هەر حەرامن، چونکە جۆرە سامان کۆکردنەوەیەکن کە دەستبڕینی کۆمەڵگەی تێدایە.. هەروەها پارەسەریەکنان و گەنجینەکردنی هەر حەرامەو نابێت، نابێ پارە گیرۆدەی قاسە بکرێت! بۆیە ئیسلام زەکاتی لەسەر ئەو پارەیە داناوە، کە لە لای کەسێك دەمێنێتەوە. پێویستی پێی نیەو دایناوە! چونکە لەم ڕێیەوە حکومەت ئاتاج (ئیحیتاج)یەکانی کۆمەڵگەکەی جێبەجێ دەکات، زەکاتەکە دەکاتە پشك و بەسەر خەڵکی کەمدەرامەت و موستەحەقدا دابەشیدەکاتەوە. بەم شێوەیە بناغەی دادی کۆمەڵایەتیی لەسەر ئەو ڕێسایانەی لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و بەرپرسانی دەوڵەت کێشراوە، دادەڕێژرێت.. سیاسەتی حوکمکردن و پەیوەندی تاکەکان بە کۆمەڵەوە، یان پەیوەندی نێوان تاکەکان و دەوڵەت، بەدەق (نص) ی قورئانی دیاریکراون و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ سنووری بۆ کێشاون، کە دەبێ گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بن.. ئینجا بواریش بۆ کۆمەڵ کراوەتەوە کە لە هەردوکیانەوە وەربگرێ و لەسەر ڕێبازی ڕاوێژکردن و گوێڕایەڵی کاربەدەستانی

ئیسلامیی بەکاربن، بەو مەرجەی فەرمانەکانی ئەوان _کە لە یاساو ڕێسادا دەردەکەوێ_ لە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ تێنەپەڕن.. وەکو کە خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکری سددیق خوا لێی ڕازی بێت دوای ئەوەی بوو بە خەلیفە، ئەو سیاسەتەی لە یەکەم ووتاریدا ئاشکراکرد، کە فەرمووی: (**أَطِيعُونِي مَا أَطَعْتُ اللَّهَ وَرَسُولَهُ، فَإِذَا عَصَيْتُ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَلَا طَاعَةَ لِي عَلَيْكُمْ**)[1] واتە: گوێڕایەڵییم بکەن لەوەی کە من گوێڕایەڵی خوای تێدا دەکەم، ئەگەر لە فەرمانێکی خوادا یان لە فەرمانێکی پێغەمبەرەکەیدا ﷺ سەرپێچمکرد، ئەوا بۆتان هەیە ملکەچم نەبن و گوێڕایەڵییم نەکەن. ئەم ووتەیەش بەڵگەی چەسپاندنی فەرمایشتەکەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرموێ (لَا طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ)[2] واتە: گوێڕایەڵی بەندە لە فەرمانێکدا کە تاوان و سەرپێچیی فەرمانی خوای تێدا بێت، ناکرێت.

یاسا جینائیەکان لە ئیسلامدا چەند دەقێکی دیاریکراون، وەك شێوەی سزادانی زیناکارو بکوژو دزو شەرابخۆرو هەڵگەڕاوە لە

١ سيرة ابن هشام/ أول خطبة أبي بكر(٤/٢٤٠)، ابن قتيبة: عيون الأخبار (٢/٢٣٤).

٢ نووسەری بەڕێز نوسیوێتی (رواه أحمد والحاكم) راستە: ئەحمەد (٥/٦٦)، طەبەرانی (١٤٨١٨) شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/١٧٩)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

ئیسلام و تاوانییتر لەسەر زەمین، کە دەوڵەت و کۆمەڵگەی ئیسلامی ناتوانێ لە سەلماندن و چەسپاندنی ئەو سزایانە لابدا، حەتمەن هەر دەبێ ڕایانپەڕێنێت. ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ڕاڤەی تیۆرو کردەوەیی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ وەك (ادرؤوا الحدود بالشبهات)[1] واتە: ئەگەر گومانتان هەبوو لە ئەنجامدانی تاوان، واز لە جێبەجێکردنی سزاکان بێنن. یان بە وەرگرتنەوەو قبووڵکردنەوەی تاکێکی تاوانبار، لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکەدا، هەر بەوەندەی کە تۆبە لەو تاوانەی دەکات کە کردوێتی و پەشیماندەبێتەوە، سزاکەی لەسەر ناچەسپێندرێت، بۆ ئەوەی دەرگای ژیانی بەختیاری بەتاوانکردنێك لێ دانەخرێت.[2]

---

١ ترمذی (١٤٢٤)، حاکم (٣٨٤/٤ ژ: ٨١٦٣)، بەیهیقی (٣٣٨/٨)، ئیبنوئەبی شەیبە (٥٦٦/٩)،هەرچەندە هەندێک لە توێژەرەوەکان فەرموویانە: قسە لەسەر سەنەدەکەی هەیە کە زەعیف بێت، بەڵام ئیبنوحەجەر لە (تلخیص الحبیر/٥٦/٤ )دا دەفەرموێ سەحیحە، سەخاوی لە: (المقاصد الحسنة/٥٠)دا دەفەرموێ: سەحیحە. هەروەها بن باز رحمەالله.

٢ بۆ زیاتر شارەزابوونت لە سزا ئیسلامییەکان و گونجاوێتییان بۆ هەموو سەردەمانێکی ژیانی مرۆڤایەتی و هێنانەدیی دادپەروەریی تەواو لە دیاریکردنی هەر سزایەک و رادەو برِو چۆنیەتی چەسپاندنییدا بڕوانە بەشی: (الجریمة والعقاب) لە کتێبی: (الإنسان بین المادیة والإسلام) و بەشی (أدرؤا الحدود بالشبهات) لە کتێبی: قبسات من الرسول ﷺ) کە هەردووکیان هی نووسەرن رحمەالله.

هەروەها نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و داب و ئاداب و رەفتارو ڕەوشتی کۆمەڵگەکەو ئادابی جنسی تاکەکان.. ئیسلام یاسای تایبەتی خۆی بۆ هەموویان داناوەو ڕێپیشاندەریان دەکات، هەروەك کە بۆ ئاشتیی و برایەتیی و یارمەتییدان و خۆشەویستیی و چاکەخوازیی ڕێپیشاندەریان دەکات. ئەمانەش بە یەکەم نیشانەی کۆمەڵگەی خواوویست دادەنرێت.. هەروەها ئیسلام سنووری نێوان ئافرەت و پیاوی دیاریکردووە، سروشتی پەیوەندییەکانیانی لەو کۆمەڵگە ئیسلامیەیدا بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕوونکردۆتەوە کە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان لەش و رۆح بگرێتەوە. بۆ نموونە: مەرجی شێوەی جلوبەرگی ئافرەتی دەستنیشانکردووە، لە لایەکیترەوە ئادابی تێرکردنی ئارەزوی جنسی بە شێوەیەك دیاریکردووە، کە نە کۆمەڵ پیسببێت و نە تاکیش ئارەزوەکەی بە برسێتی بمێنێتەوە. بەمەش ژیانێکی ڕاست و پاك دەهێنرێتەدی.. ئاوا بەم شێوە جوانە، شەریعەتی ئیسلام هەموو لایەنێکی ژیانی گرتۆتەوە..

موسوڵمانانی یەکەم وا لەم شەریعەتە خواییە تێگەیشتبوون، کە تەنها سەرچاوەی هەمیشەیی ژیان هەر ئەم ئیسلامەیەو بەس، هیچ سەرچاوەیەکیتری لەگەڵ نیەو بۆ ڕێکخستنی کاروباری هەموو ژیانی هەموو مرۆڤ لە هەموو سەرزەمین، ناشێت سەرچاوەیەکیتری یاسایی لەگەڵ بێت !!

ئەمەش یەکێکیتر بوو لەو بەڵگەنەویستانەی باوەڕهێنانی ڕاست و پتەو بەخوا، هێنابوویەدی. ئەگەر وا نەبوایە ـو ئێستاش لە دڵی موسوڵمانانندا وا نەبێ ـ ئەو باوەڕهێنانە هیچ ماناو کاریگەرییەکی نابێت (با لە دڵی مرۆڤدا ڕاست و جێگیریش بێت) ئەگەر ئەوە بەڕاست نەزانێت کە خوای مەزن خێروخۆشی مرۆڤایەتی ویستووە، بۆیە ئەم شەریعەتەی بۆ دارشتوون و فەرمانی جەختلێکراویشی بەسەرادا داون کە هەر دەبێ بیهێننەدیی و ڕاپیەڕێنن و بیچەسپێنن؟ ئەو کەسانەی کە سیاسەتی حوکمڕانیان بەو قورئانە نیە کە لای خواوە هاتووە، ئەوانە خوای گەورە بەکافرو فاسق و ستەمکار دایناون!

مانای ڕاستەقینەی باوەڕهێنان بە خوایەتی خوای گەورە چیە ئەگەر موسوڵمان هەموو ناوەڕۆکی ئەو کتێبەی خوا بەڕاست نەزانێ، کە خوای گەورە خۆی ناردویّتی بۆی؟ یا ئەگەر هەموو یاساو بیرو باوەڕێکیتری غەیری ئیسلامی کە لەسەر (ئارەزوو هەواوهەوەس)ی چەند کەسانێك داڕێژراون، بە جاهیلیی و دژبە قورئانیان دانەنێ؟ کە دەشزانێ ئەم یاسادانەرانە موسوڵماننین و لە ڕێبازی ئیسلام لایانداوە! یان لەو بڕوایەدانەبێت کە تەنها شەریعەتەکەی خوا هەیە ڕاست بێت؟ چونکە لە ڕاستیی و ڕەوایی خواییەوە هاتووە، کە نە ستەمی تێدایەو نە شوێنکەوتنی ئارەزووی کەس و لایەن و چینێک..

مانای ڕاستەقینەی باوەڕهێنان بە خوایەتی خوای گەورە چیە، ئەگەر موسوڵمان وا بێت بە خەیاڵیدا کە گوایە زانستی خوای گەورە سنووڕێکی دیاریکراوی هەیەو زانستی تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ چاکترو ڕاسترن، وەك لە زانستی خوای گەورەو شیاوترن بۆ وەرگرتن و شوێنکەوتنی؟! یان مانای ڕاستەقینەی باوەڕهێنان بە خوایەتی خوای گەورە چیە، ئەگەر موسوڵمان وا بێت بە خەیاڵیدا، کە گوایە ئەم شەریعەتە فراوانەی پەیوەندی بە یاساکانی بوون و گەردوونەوە هەیە، تەنها بۆ ئەو کۆمەڵە عەرەبەی نیوەدۆرگەی عەرەب بووەو هەر بۆ ئەو ماوەیە بووە کە پێغەمبەر ﷺ لە نێوانیدا ژیاوە؟! ئەگەرچی خوای گەورەش لە قورئاندا دەفەرموێ کە ئەم ئایینە بۆ هەمووانە: ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ﴾ الزمر/٨٧ واتە ئەم قورئانە بەرنامەیەکی خواوویستیە بۆ هەموو جیهانیانە.. یان ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ الحجرات/١٣ واتە: ئەی خەڵکینە، ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێیەك دروستکردو کردمانن بە گەل و هۆزی جیاواز تا یەکتری بناسن، بشزانن کە بەڕێزترینتان لای خۆی گەورە بە تەقواترینتانە.. یان وا بڕوانەکات کە قورئان هەرچیەکی باسکردووە لە یاساو ڕێنماییکردن، هەمووی ڕاست و تەواون و گومانی هەڵەی

تێدانیه: ﴿وَبِالْحَقِّ أَنزَلْنَاهُ وَبِالْحَقِّ نَزَلَ﴾ الاسراء/١٠٥ واته: ئەم قورئانەی کە حەقە، بە حەقویستیشەوە ناردوومانەتە خوارەوە ..

ئەم ڕاستیانەش پەیوەندییان بە سروشتی ئەم بوون و گەردوونەوە هەیە: ﴿وَخَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ الجاثية/ ٢٢ واته: خوای گەورە ئاسمانەکان و زەمینی بە حەق و لەسەر ڕێسای حەقخوازیی دروستکردووە، بۆ ئەوەی هەر کەس بە گوێرەی ئەو کارو کردەوانەی دەیکات پاداشت یان سزا وەرگرێتەوە، ستەمیش لە کەس ناکرێت ..

کەوابوو ئەوە تەنها مافی ئەو کۆمەڵە عەرەبە کەمەی نیوەدۆرگەی عەرەب نیەو تەنها بەو ماوەیەوە نەبەستراوەتەوە کە پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم تێیدا ژیاوە. خوای گەورە لە کۆتا ئایەتی قورئاندا کە ناردیە خوارێ بە هەموو مرۆڤایەتی ڕاگەیاند کە ئایینەکەی بەتەواویی پێگەیاندوون، فەرمووی: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ المائدة/٣ واته: ئەمڕۆ من ئاینەکەتانم بۆ تەواوکردن و هەموو نیعمەتەکانی خۆمم پێ بەخشین و ڕازیشم ئیسلام بەرنامەتان بێ.

یان مانای ڕاستەقینەی ئەو باوەڕهێنانە بە خوایەتی خوای گەورە چییە، کە شتێك لەم گومانانە بە خەیاڵی موسوڵماندا بێت؟! یان لەو

ڕاستیانە پاشگەزببێتەوە کە لەم ئایینەدا هەن. بەو هەموو ئاڕاستەکردن و ڕێپیشاندەرێتیەیانەوە؟ !!

ئەمانە پێچەوانەی باوەڕهێنانی ڕاستەقینەن. موسوڵمانی باوەڕپتەوی بە هۆش، ئەمانە ناچنە مێشکیەوەو خۆشی نایەون.. ئەوە چواردە سەدەیە ئەم شەریعەتە هاتۆتەخوارەوە، بە درێژایی ئەم ماوەیە مرۆڤ لە هەموو جێەکی سەرزەمین، بە هەزارەها تاقیکردنەوەدا ڕۆیشت و گەلێك شت فێربوو و فەلسەفاندیشنی، ئەوەندەی بۆیکرا زانستی سیاسی خوێند، کەچی هەموو جارێك هەر ئەو ئەنجامەی وەدەستیدەهێنا، هەر ئەوەیە کە هەموو یاسایەکی دانراوی زەمینیی بریتیە لە هەست و هۆش و بیرکردنەوەی (چینێك) لەوانەی کە حوکمدەکەن، یاساکانیش لە بەرژەوەندی ئەو چینەوە هاتوون. ئەمەش بە دڵنیاییەوە لەسەر حسابی ڕەنجی چینەکانیترە، جارێك دەرەبەگ حوکمیکردووەو یاسای بۆ چینی دەرەبەگ داڕشتووەو (دادەڕێژێ)، تا بتوانێ بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێت، با لەسەر حسابی گەلی کلۆڵیش بێت.. جارێکیتر سەرمایەدار حوکمی کردووەو یاسای بۆ پاراستنی بەرژەوەندی سەرمایەداران داڕشتووەو (دادەڕێژێ). ئەمیش هەر بە دڵنیاییەوە لەسەر حسابی ڕەنجی کرێکار بووەو دەبێت. جارێکیکە دیکتاتوریەتی پرۆلیتاریا حوکمی گرتۆتەدەست، ئەویش یاسا بۆ (کرێکار!) دادەنێ و ئەگەر چی هەر

بەناویشە، یاسای ئەمیش بە دڵنیاییەوە لەسەر حسابی چینەکانیتری گەل دەبێت!!

لە مێژووی بیری مرۆڤایەتیشدا ئەوەی کە هاتبێت و حوکمیکردبێت هەر ئەم سێ بیروباوەڕە بوون.. ئەمەیە کە خوای پەروەردگار لە کتێبەکەیدا بە دوورودرێژیی و بە ئاشکرایی باسیکردووە کە هەموو یاساو بیرو باوەڕێك _غەیری شەریعەتەکەی خوا_ هەمووی (هەواوهەوەس)ەو لەگەڵ ئارەزوی خاوەنەکەیدا هەڵدەسوڕێت.

دوای ئەوەش ئەوە چواردە سەدەیە ئەم شەریعەتە هاتۆتەخوارێ و مرۆڤیش بە هەزارەها تاقیکردنەوەدا ڕۆیشت، کەچی تاقیکردنەوە، خۆی لە خۆیدا سەلماندویێتی کە هەر یاساو بیروباوەڕێك هێنرابێتە جێی شەریعەتەکەی خوا، مرۆڤی تووشی نەهامەتیی و دەردەسەریی کردووەو ئاسایشی لێ هەڵگرتووەو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پارچەپارچە کردووەو کۆمەڵێکی کردۆتە هۆی ناڕەحەتیی و چەرمەسەریی بۆ ئەوانیتر. ئەمە جگە لەو پشێوییە جیهانیەی کە هەر لەم چەرخەی ئێمەدا دوو جەنگی گەورەی جیهانیی لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا دروستکرد! ئەوە سێیەمیش سەرەتاتکێ دەکات و چاوەڕێتەیەتی بۆ هەلێکی گونجاو! نابینی وا نابینا هەڕەشەی وێرانکاریی و کاولکردنێکی بێئەندازە دەکات، کە تا ئێستا مێژوی مرۆڤایەتی هەڕەشەی وای لێ

نەکراوە.. ئەمەش هۆی پساندنی پەیوەندییەکانی خێزان و ڕوخاندنی ڕەوشت و سەرگەردانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، بە دەست جۆرەها بیروباوەڕی چەوتەوە.. یا ئەم هەموو نەخۆشیە بڵاوانەی دەبینرێن لە شێتیی و ئاڵۆزیی دەروون و هۆش و پاڵەپەستۆی خوێن و خۆکوشتن، کە لەوەتای مرۆڤە تا ئێستا ڕێژەی خۆکوشتنی لە هیچ نەوەیەکدا نەدیووە وەك لە نەوەی نوێی ئەم سەردەمەدا دیویەتی[١]!!

## حوکمڕانی

١ دەوڵەتانی ئەسکەندناڤی (دانمارک و سویدو نەرویج) یەکەمینی وڵاتانی جیهانن لە ئاشتی و ئەمان و دەوڵەمەندیی و تەندروستی باش و تەمەن درێژییدا، کەچی لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابوردووەوە تا ٢٠١٦ هەر سوید یەکەمین وڵاتی جیهان بوو لە رێژەی زۆری خۆکوشتندا. ئەوە دوو ساڵە یابان بووە بە یەکەمین وڵاتی دنیا لە رێژەی خۆکوشتندا، دووەم وڵاتیش فینلەندایە!

موسوڵمانی یەکەم هەستیان بەوە کردبوو _ئەگەر چی وەکو ئیستای ئێمەش نەیانفەلسەفاندبوو_ کە لە سروشتی مرۆڤدا لە هەموو کاتێکی ژیانیدا توخمێکی دامەزراوی نەگۆڕو توخمێکی بەردەوام گۆڕاو هەیە، ئەم دوو توخمەش پەیوەندییەکی تەواویان بە کیانی خودی مرۆڤەکەوە هەیە. هەستیشیان کردبوو کە شەریعەتەکەی خوا _کە هەمیشەییەو بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەموو چەرخێك هاتووە_ ئاڕاستەی ئەو دوو توخمە نەگۆڕو گۆڕاوەی لەخۆگرتووەو بە پەیوەستێکی عەقیدەیی پێکەوە گرێیداون. توخمێکی نەگۆڕ لەمرۆڤدا هەیە کە لە حەقیقەتە هەربووەکان (الحقائق الازلیة) وە وەرگیراون، بۆیە لە هیچ بارودۆخێکدا ناگۆڕێن، چونکە لە ویستی خواوە هاتوون: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾البقرة/٣٠ واتە: پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرموو من دەمەوێ جێنشینێك[١] لەسەر زەوی دروستبکەم.

١ ئێمە ئێستا وشەی جێنشین بۆ خوای گەورە بەکارناهێنین، کە ئاماژەیەکی تێدایە بۆ جێگرتنەوەو جێگرێتیی، بەڵکو وشەی بریکاریی بۆ بەکار دەهێنین کە پڕاوپڕ مەبەست ئایەتەکە دەپێکێت والله اعلم. چونکە بریکارێتییەکە: (١_خواناسین ٢_خواپەرستن ٣_پابەندبوون بە شەریعەت ٤_هەڵگرتنی بانگەواز ٥_دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلام و سەروەرێتی شەرع ٦_دەرهێنانی خێروبێری سەرزەمین بۆ کامەرانی مرۆڤایەتی) دەگرێتەوە.

حەقیقەتێکیتر ئەوەیە کە هەموو مرۆڤ لەیەککەسەوە پێکهاتوون: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً﴾ النساء/١ واتە: ئەی خەڵکینە، لەو پەروەردگارەتان بترسن کە هەمووتانی لەیەککەسەوە دروستکردووە .

حەقیقەتێکیتر: خوای گەورە ئافرەتی هەر لەم یەککەسەوە (واتە: هەر لە توخمی ئەوەوە) دروستکردووە، کە هاوسەرێتی، ڕۆژانە بە شێوەی گونجاو پێکەوە لەگەڵ یەك ڕەفتارو هەڵسوکەوتدەکەن: ﴿خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا﴾ النساء/١ واتە: ئێوەی هەموو لە یەککەسەوە دروستکردووە، لەو یەککەسەشەوە هاوسەرەکەی دروستکردووە.. ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ الروم/٢١ واتە: یەکێکیتر لە بەڵگەو نیشانەی گەورەیی و کارزانی خوای گەورە ئەوەیە کە هەر لە نەفسی خۆتان هاوسەری بۆ دروستکردوون، تا لە کەناریاندا سوکناییتان دەسکەوێت و لایان ئاسودەبن، سۆزو بەزەییشی بەرامبەر یەك خستۆتە دڵتانەوە!

ئینجا لەو دوانەوە پیاوی زۆرو ئافرەتی زۆری لێخستنەوە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا

وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً﴾ النساء/١ واتە: ئێوەی هەموو لە یەککەسەوە دروستکردووە، لەو یەککەسەشەوە هاوسەرەکەی دروستکردووە. یان: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ الحجرات/١٣ واتە: ئەی خەڵکینە ئێمە ئێوەمان لە نێرینەیەك و مێیینەیەك دروستکرد، ئینجا کردمانن بە تیرەو هۆز تا یەکتریبناسن، بەتەئکید بەڕێزترین کەستان لای خوای گەورە لەخواترسترەکەتانە. لەم پیاوو ژنەوە زۆر مرۆڤیتر، زۆر گەل و میللەتیتر کەوتنەوە. لەم حەقیقەتە هەربوو (ئەزەلی)یانەوە، چەند ڕاستییەکیتر دروستبوون، کە ئەوانیش هەر بوونەتەوە بە حەقیقەتی ئەزەلیی و ناگۆڕێن، بۆنموونە: دەبێ لەم ڕاستییەوە خەڵکی _بەو مەرجەی سروشتیان پاك مابێت_ هەستبکەن کە ئەمان بەندەی لاوازو بێدەسەڵاتی خوایەکی مەزن و بەدەسەڵاتن و هەر دەبێ مل بۆ ئەو کەچکەن و هەر ئەویش بپەرستن و هەر لەویشەوە داوای هاوکاریی و یارمەتیی بکەن ..

دەبێ ژن و مێرد کە خوای گەورە لە یەك مرۆڤەوە دروستیکردوون هەست بەو سۆزو خۆشەویستیەی نێوان خۆیان بکەن و بزانن کە

ئەو وای پێکەوە بەستوون، کە بوونی خۆیان بە یەکێتیی و خۆشەویستیی و هەست و سۆزی نێوانیان نەبێ، نایەتەدیی.

پێویستە خەڵکی . کاتێك دڵ و دەرونیان پاکدەبێتەوە هەستیان بەرزدەبێت . هەست بە برایەتی و مرۆڤایەتی نێوان خۆیان بکەن، چونکە هەموویان لە یەك کەسەوە پەیدابوون، بۆیە دەبێت لە خێرخوازییدا بەشداربن و یارمەتی یەکتریی بدەن.

ئەمانەش چەند توخمێکی نەگۆڕی هەمیشەیین، چونکە لەسەر چەند بناغەیەکی نەگۆڕ دامەزراون..

چەندین توخمیتر هەن کە ڕۆژانە _ئەنجامی پێشکەوتنی زانستی مرۆڤ، و هاریکاری نێوان ژیریی و گەردون_ نوێدەبنەوە.. ڕۆژانە مرۆڤ بە ژیریی خۆی هەوڵدەدات بگاتە کرۆکی نهێنیەکانی گەردون و گەوهەرە بەنرخەکانی دەربهێنێت، تا بۆ سوودو کەڵکی خۆی بەکاریان بهێنێت، و باروزروفی نوێتر بهێنێتەکایەوە. خەڵکی لە ژیانی دەشتەکێتییەوە بەرەو شارستانێتی ببات، لە کشتوکاڵەوە بۆ پیشەسازیی و لەویشە وە بۆ بوارەکانیتری قۆناغی داهاتوو.. هتد

ئیسلام ئایینی سروشتی مرۆڤەو بە هەردوو لایەنی سروشتی مرۆڤدا دەڕوات. لە لایەنی یەکەمیەوە شەریعەتێکی دامەزراوی دەداتێ، لە

لایەنی دووەمیەوە کۆمەڵێك بنەمای نەگۆڕیی دەداتێ. پاشان لە چوارچێوەی بنەمانەگۆڕە دامەزراوەکاندا بواری پێشکەوتنی هەمیشەیی بۆ دەکاتەوە، تا بتوانێت لە گەڵ سروشتی گەردون و سروشتی ژیاندا بڕوات. لە لایەکەوە عەقیدەی دەداتێ، عەقیدەی خواویستیی، کە یەکەو لەسەر بناغەیەکی دامەزراوی نەگۆڕ دامەزراوە. لە لایەکیترەوە، شانبەشانی عەقیدەکە، شەریعەت و یاسای نەگۆڕی دەداتێ، کۆمەڵی ئەحکامی جێگیریی دەربارەی ژنهێنان و تەڵاقدان و پەیوەستیە مەدەنیەکان دەداتێ، ئەم یاسایانە نەگۆڕن، چونکە پەیوەندییان بە توخمی ئافرەتێتیی و پیاوێتییەوە هەیە، بەو سیفەتەی ئافرەت و پیاون، کە بەهێزترین پەیوەست لە نێوانیاندا هەیە، کە یەکتر بۆ لای خۆ کێشدەکەن.

باروزروفی ژیان دەگۆڕێت، کۆمەڵگە دەگۆڕێت، باری ئابووری دەگۆڕێت، سیستمی فێرکردن دەگۆڕێت، سیاسەت دەگۆڕێت.. بەڵام گۆڕانی هیچ یەکێك لەمانە هیچ شتێك لەو ڕاستیە نەگۆڕاوانە ناگۆڕێت و لێیان کەمناکاتەوەو کە حوکمی سروشتی مروڤ دەکەن. چونکە هیچ شتێك لەم مرۆڤە لە ڕووی کاری ئەندامەکانی (فسیۆلۆژی و بایۆلۆژی)ەوە ناگۆڕێت. هەروەها لە ڕووی دروستبوون پێکهاتنی گڵاندو هۆرمۆن و کارە کیمیاییەکانیەوە ناگۆڕێت. چونکە

پیاو پیاوەو ئافرەتیش ئافرەتە، هیچیان دەسبەرداری ئەویتریان نابێت و لێك جویێ نابنەوە[١]..

هەروەها سزا (حدود)ەکان. ئەو سزایانەی لە هەق ئەنجامدانی تاوانکردن دانراون. ئەمانیش توخمێکی نەگۆڕن، چونکە ئەمانیش لەسەر بناغەیەکی دامەزراوو پتەو داڕێژراون، کە پەیوەندی نێوان مرۆڤە بەرامبەر مرۆڤیتر. یان پەیوەندی نێوان تاکو کۆمەڵ، تا ڕێ لەوە بگیرێت کە دەستدرێژیی بکرێتە سەر مرۆڤیتر..

باروزروفی ژیان دەگۆڕێت.. پەیوەندییەکانی کاروبار دەگۆڕێن، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەگۆڕێن، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و(ئامێر) دەگۆڕێ، سیستمە سیاسیەکان دەگۆڕێن، بەڵام ئەم گۆڕان

---

١ لە کتێبی (شبهات حول الإسلام: گومانگەلێک دەربارەی ئیسلام) لە بەشی (الإسلام والمرأة)دا باسێکی دوورودرێژی تێدایە لەسەر پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو و سروشتی ئەو پەیوەندییە لە ئیسلامدا. لەوێدا ئەوەم روونکردۆتەوە کە چۆن ئیسلام ئەم پەیوەندییەی لەسەر دادپەروەرانەترین رێسا دامەزراندووە، کە چۆن پێشبرد (التطور) نە شتێک ئیزافە دەکاتە سەر ئەم رێسایانەو نە بەرهەڵستیشیان دەکات. ئەمما پێشبرد بە مانای داوێنپیسی و خراپەکاریی، یان بە مانای یەکسانکردنی ئامێرییانەی ئافرەت و پیاو، ئەوە شتێکە لە ئەوروپا روویداوە کە بارودۆخی تایبەت بە خۆیان هەبووە، ئەمەشیانم هەر لەوێدا شەرحکردووە. ئەمەش کە ئەوان دەیڵێن هیچ بەهایەکی حەقیقی لە قییەمی مرۆڤایەتییدا نییە.

و گۆڕینانە هیچ شتێك لەو ڕاستیە دامەزراوە ناگۆڕێت کە واقیعی مێژوی مرۆڤایەتی شایەتی لەسەردەدا، کە بریتیە لەوەی هەموو مرۆڤەکان لەیەك کەسێکەوە پەیدابوون و پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان هەموانا هەیە[١].

هەروەها هەندێك یاسای مەدەنی هەن نەگۆڕن، وەکو کڕین و فرۆشتن و بەکرێدان و رەهنکردن و قەرز و وەکالەتکردن و.. ئەمانە جێگیرن بۆیە یاسایەکی دامەزراوی نەگۆڕیشان ئەوێت.. یاسا نێودەوڵەتیەکانیش هەر بەم شێوەیەن، ئەوانەی کە حوکمی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان دەکەن، چ ئەوانەی بۆ جەنگن، چ ئەوانەی دەربارەی ئاشتین ..

ئەمما ئەو لایەنانەی ژیانی مرۆڤایەتی کە گۆڕانکاریان بەسەرا دێت، ئەوانیش هەر لە لایەنێکەوە هەر بە بنەما نەگۆڕەکانەوە بەستراونەتەوە، وەکو سیاسەتی حوکم و سیاسەتی دارایی، یان شێوازو چۆنیەتی ئیدارەو فەرمانڕەوایی و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە،

---

١  کۆمۆنیزم دەڵێ: هەموو ئەم پەیوەندییانە لەو کات و شوێنانەدا پەیدا دەبن کە خاوەنێتی و موڵکایەتی تاککەسی زاڵدەبێت. هەر کاتێک ئەو موڵکایەتییە تاککەسییە ئیلغاکرایەوە، یاساو رێسای ئەو پەیوەندییانەش نامێنن. ئەمە راستە. بەڵام ئەوەتا دەبینیت کە کۆمۆنیزم سەرلەنوێ رێگای بە موڵکایەتی تاککەسی داوەتەوە.. چاوەڕوان بین ئەوانیتریشی دێن !

ئیتر کۆمەڵگەکە خێڵەکیی بێت یان کشتوکاڵیی یان بازرگانیی و پیشەسازیی.. یان هەر جۆرێکیتر.

ئەمانەش وەکو ووتمان چەند وەسیلەیەکن و شیاوی گۆڕانن، قابیلی بەرەو پێشچون و پێشکەوتنن. لە گەڵ گۆڕانی ژیری مرۆڤ و هەڵسوکەوت و چۆنیەتی رەفتارکردنی لەگەڵ گەردوندا دەگۆڕێت، بەڵام هەموو لایەنەکانی ئەم پێشکەوتن و گۆڕانکاریە بە شێوەیەکی وا نین کە لە سەرچاوە نەگۆڕەکەو بنەما دامەزراوەکان لادەن، نەخێر چونکە مرۆڤ یەکەو پەیوەندی پێکەوە بەستراوی تایبەتی خۆی هەیەو زەحمەتە لێك جوێبکرێتەوە و دابەشبکرێت.

ئیسلام لەم مەسەلانەدا ئەو پەڕی حیکمەتی هەبووە، چونکە هەر لە گەڵ سروشتی مرۆڤدا رۆیشتووەو وەڵامی پێداویستیەکانی ئەوی داوەتەوە، ئەویش بەوەی کە تەنها هێڵە سەرەکیەکانی بۆ مرۆڤایەتی دیاریکردووە. واتە ئیسلام (چوارچێوە)یەکی بۆمرۆڤایەتی دیاریکردووە کە نابێت لە سنووری ناوەوەی ئەو چوارچێوەیە دەرچن. بەڵام بوارێکی تەواویشی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کردۆتەوە، کە هەر نەوەیەك بەو شێوەیە ئەو بەرنامەیە داڕێژێت، کە لەگەڵ بارودۆخ و سەردەمیدا دەگونجێت، بەگوێرەی ئەو پێشکەوتنانەی بەدەست هاتوون، کومەڵگەکەیان ببەن بەرێوە، بەو جۆرەی کە لەگەڵ زەوق و ئارەزوو

باروزروفی مادیی و رادەی زانیاری و بەرهەمهێنانیاندا دەگونجێت، بەڵام بەو مەرجەی پڕاوپڕی چوارچێوەکە بن، نەزیاتر لەو نەکەمتر.

لە سیاسەتی حوکمڕانییدا، دوو ڕێسا (قاعدة)ی سەرەکی داناوە: دادپەروەریی، و ڕاوێژکردن (العدل والشوری): ﴿وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ﴾النساء/٥٨ واتە: ئەگەر حوکمی خەڵکیتان کرد، دادپەروەرانە بیکەن. هەروەها: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ﴾ الشوری/٢٨ واتە: موسوڵمانان کاروباریان بە راوێژکارییە.

ئەم ڕێسایانەی دیاریکردووە بەڵام چۆنیەتی ڕاوێژکردنەکەی دیارینەکردووە، کە ئایا یەك ئەنجومەن دەبێ یا دوو؟ ئایا ئەو ئەنجومەنە هەڵدەبژێررێت یان تەعیندەکرێت؟ ئایا نوێنەرێتی ئەندامەکانی بە گوێرەی سیفەتی شەخسی دەبێت یان بە گوێرەی کارو پیشەیان؟ یان بە گوێرەی سیفەتیتریان؟!! ئیسلام ئەمەیانی وازلێهێناوە بۆ مرۆڤ خۆی و تاقیکردنەوەو ئەزموون و لێکۆڵینەوەکانی خۆی. ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە ئیسلام بە سوودبەخشی دەزانێ بۆ چەسپاندنی ئەو دوو ڕێسایە.

لە سیاسەتی داراییدا کۆمەڵە ڕێبازێکیتری داناوە کە هەموویان لە سەرەتایاندا یەکن و لە کۆتاییشیاندا یەکدەگرنەوە. ئەویش ئەوەیە کە دەبێ هەموو خەڵکی لە نێو خۆیاندا لە خێرخوازییدا هاوبەش بن،

به جۆێك كەس بێبەش (مەحروم)نەبێت. قورئان بڕیاریداوە كە سامان و دارایی لە بنەڕەتدا هی خوان، ئەو خۆی بە یەك یەكی مرۆڤایەتی بەخشیووە: ﴿آَمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَأَنْفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُمْ مُسْتَخْلَفِينَ فِيهِ﴾ الحديد/٧ واتە: باوەڕ بە خواو پێغەمبەرەكەی صلى الله عليه وسلم بهێنن و لەو سەروەت و سامانە ببەخشن، كە كردونی بە وەكیل تێیدا. یان كە دەفەرموێ: ﴿وَآتُوهُم مِّن مَّالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ﴾ النور/٣٣ واتە: لەو سەروەت و سامانەی خوای گەورە پێی بەخشیوون، ئێوەش لێی ببەخشن.

ئیسلام بڕیاریداوە كە كۆمەڵگە خاوەنی مافی یەكەمە و تاك فەرمانبەرێتی و بە قەدەر هەڵسوكەوت و كردەوەی خۆی دەیدرێتێ. ئەگەر تاكێك نەیتوانی ئەو سامانەی هەیەتی بە ڕێگایەكی ڕاست مامەڵەی پێوەبكات، سامانەكە دەگەڕێنرێتەوە بۆ كۆمەڵگەكە، بەو سیفەتەی كە ئەو خاوەنی یەكەمی مافی خاوەنێتیەكەیە. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ قِيَامًا﴾ النساء/٥ واتە: ئەو سەروەت و سامانەی خوای گەورە كردوێتییە مایەی گەشەو نەشونماتان مەیدەنە دەست گەلۆرو هێڕەكانتان.. یان كە نەیهێشتووە سامان لە دەست كۆمەڵێكی پارەوویست و پیسكەدا گیربخوات و هەر لە خزمەتی ئەوانا بمێنێتەوە: ﴿كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنكُمْ﴾ الحشر/٧ واتە: با سەروەت و سامان لە دەست

دەوڵەمەندەکانتاندا گێرنەخوات.. یان کە بڕیاریداوە زەکاتی سامان دەربکرێت و کردوشیەتی بە مافێکی ڕەوای دیاریکراوی هەژاران. کە دەبێ دەوڵەت خۆی بۆیانی وەربگرێت و لە (بیت المال) بیانداتێ. وەك دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ﴾ التوبة/٦٠ واتە: زەکات هەر دەبێ بۆ هەژارو دەسکورتەکان و ئەو کەسانە بێت کە کاری تێدا دەکەن. پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: (النَّاسُ شُرَكَاءُ فِي ثَلَاثٍ: الْمَاءُ وَالْكَلَأُ وَالنَّارُ)[1] واتە: خەڵکی لە سێ شتدا هاوبەشن: ئاوو پاوەن (لەوەڕگا)و ئاگر. یان دەفەرموێ: (لإنْ يمنحَ أحدُكم أخاهُ (أرضه) خيرٌ لهُ مِن أنْ يأخذَ عليه خَرْجَاً مَعلومَاً)[2] واتە: یەکێکتان زەوییەکەی خۆی بدات بە براکەی بیکێڵێت لەوە باشترە کە بەشێکی دیاریکراو لە بەرهەمی براکەی وەربگرێت..

---

١ ئەبوداوود (٢٤٧٦)، ئیبنوماجە (٢٤٧٢)، بەیهیقی (١٥٠/٦)، ئەبوعوبەیدە لە: (الأموال/٧٣٦). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (إرواء الغليل/١٥٥٢)دا دەفەرموێ: زەعیفە. بەڵام بە لەفزی: (الْمُسْلِمُونَ شُرَكَاءُ فِي ثَلَاثٍ: فِي الْمَاءِ، وَالْكَلَإِ، وَالنَّارِ) شێخی ئەلبانی رحمەالله هەر لە (إرواء الغليل/١٥٥٢)دا دەفەرموێ: سەحیحە. ریوایەتی: (ثَلَاثٌ لَا يُمْنَعْنَ: الْمَاءُ، وَالْكَلَأُ، وَالنَّارُ)ش سەحیحە. بڕوانە: (صحيح إرواء الغليل ٦/٨_٩).

٢ نووسەری بەڕێز هەر ئەوەندەی نوسیوە (رواه البخاري) راستە: بوخاری (٢٦٣٤) موسلیم (١٥٥٠).

عومەری کوڕی خەططاب . خوا لێی ڕازی بێ . دەفەرموێ: (ئەگەر لە بەر موسوڵمانانیتر نەبوابە، هەر ناوچەیەکم بگرتایە بەسەر دانیشتوانەکەیدا دابەشمدەکرد، هەر وەکو کە پێغەمبەرﷺ خەیبەری دابەشکرد. ئاوا ئیسلام ئەم ڕێسا گشتیانەی داڕشتووە، بەڵام چۆنیەتی هاوبەشکردنی خەڵکی لەو سامانەی خوا داویّتی بە کۆمەڵگەکە، دیارینەکردووە کە ئایا به شێوەی خۆماڵیکردن (تەئمیم) دەبێت؟ یان بە شێوەی بەشداریکردنی کرێکاران لە سەرمایەکەیا دەبێت؟ یان بەو شێوەیەی ئەوان کاربکەن و ئەمیش کرێیان بداتێ؟! ئیتر بە هەرجۆرێك بێت، گرنگ ئەوەیە پێویستیەکانیان جێبەجێبکات، ئەو پێویستیانەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەو حەدیسەیدا دیاریکردووە کە فەرموویەتی: (مَنْ كانَ لَنَا عامِلاً وَلَمْ يَكنْ لَهُ مَسكَنٌ فَليتَّخِذْ مَسكنًا، ولَيس لهُ زَوجةً فليتخذْ زوجةً ولَمْ يكنْ لَهُ خادمٌ فليتخِذْ خادمًا ولم يكن له دابَّة فليتخذْ دابَّةً)[١] واتە: ئەوی کرێکاری بۆ ئێمە دەکاو خانووی نییە با خانوویەکی بدرێتێ، ئەوی خێزانی نییە با ژنێك بهێنێت، ئەوی

---

١ ئەبوداوود (٢٩٤٥)، نەسائی لە: (السنن الكبرى/ ٣٧٧/٨)، ئەحمەد (٢٢٩/٤)، بەیهیقی لە: (السنن الكبرى٦/٣٥٥)، حاکم لە: (المستدرك ٤٠٦/١)، فەرموشیەتی بە پێی مەرجەکانی بوخارییەو سەحیحە، ئیبنوخوزەیمە لە: (صحيح ابن خزيمة/٢٣٧٠)، ئیبنوئەبی شەیبە (٧٧٨)، طەبەرانی (٧٢٥). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح أبي داود/ ٥٦٨/٢)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

خزمەتکاری نییە با خزمەتکارێك بگرێت، ئەوی سواریەکی نییە با سوارییەك وەرگرێت.

ئیسلام هیچ شێوەیەکی لەم بوارەنەدا دیارینەکردووە، نە لە سیاسەتی دارایی و نە لە سیاسەتی حوکمڕانیی. هەمووی بۆ نەوەکانی مرۆڤایەتیی لێگەڕاوە، تا ئەوان بە بیرو هۆشی خۆیان شێوەیەك دیاری بکەن کە زیاتر لە گەڵ باروزروفیاندا بگونجێت، با ئەوان خۆیان نەخشەیەکی تایبەتی نەگۆڕی دوورودرێژی بۆ داڕێژن، کە لەگەڵ پێگەیشتن و گەشەکردنی کۆمەڵگەکەیاندا بگونجێت. چونکە کۆمەڵ لە پێشکەوتن و گۆڕانکاریی خۆیدا بەردەوامە. ئیسلام وەك ئەم سەربەستیەی داونەتێ، لە هەمان کاتیشدا نەیهێشتووە ئەم جۆرە یاساو ڕێسایانە لە دەست ڕاستیە دامەزراوەکان دەرچن. نەیهێشتووە خەڵکی بە بێ بەڵگە تیایاندا تەسەڕوفبکەن، بەو بەهانەی گوایە خۆیان لە کاروباری (دنیای خۆیان)دا زاناترن! نەخێر ئەم تەسەڕوفە سەربەستەش بوو کە لە ئەورووپا و لە دەرەوەی چوارچێوەی پرۆگرامی ئیسلامی بە گشتی پەیدابوو، کە خراپترین چەوساندنەوەی هێنایەکایەوە، کە مرۆڤایەتی (پێشکەوتوو!)ی ئەمڕۆ لە شەرماندا چین چین ئارەقی شەرمەزاریی دەردەدا! یەکەمجار دەرەبەگێتیی بوو، پاشانیش سەرمایەداریی.. ئەو هەموو چەوسانەوەو

ڕووتاندنەوەی تیایاندایە کە چۆنیەتیی و شیوازەکانی ناژمێرڕێن! ئەم دوانە هەردووکیان لە روانگەی ئیسلامەوە حەرامن، چونکە دەوڵەمەندەکان سەروەت و سامانی خۆیان گەنجدەکەن و گیری دەدەن و چینەکانیتری گەل بێبەشدەکەن لێی. جا بۆ ڕزگاربوون لەم چەوسانەوەیە، کۆمۆنیزم (شیوعییەت) هاتەئاراوە! کە بریتی بوو لە پەرستنی دەوڵەت و دیکتاتۆریی بەربڵاوو بێسنووروی حزب و حوکمی زۆرەملێی.

ئیسلام بەرنامەی خوایە، بۆ هەموو سەر زەمین و بۆ هەموو نەوەکانی مرۆڤایەتی هاتووە. هەرگیز رووینەداوە وازی لە خەڵکی هێنابێ و بۆ جۆرە (پێشکەوتن)ێکی بەجێهێشتبن، کە کۆت و زنجیرو رووتانەوە دروشمێتی. بەڵکو لە هەموو کاتێکدا دەستیگرتوون و ڕێپیپیشانداوون. تەنانەت سەربەستی گەشەپێدان و سەربەستی خۆ گونجاندنیشیان لەگەڵ باروزروفە نوێکانیانی وازلێنەهێناوە، بەڵکو هەر ئاراستەیکردوون. نەبادا پەرتەوازەببن و لە ڕێ لادەن. دیسان بۆ ئەوەی ئازادی ناخی خۆیان لە دەستنەدەن و تەسلیم بە بارودۆخی ناهەموارنەبن .

موسوڵمانانی یەکەم هەستیان بەمانە هەمووی کردبوو، ئەگەرچی وەکو ئێمە نەیانفەلسەفاندبوو، هەموو ئەحکامە شەرعییەکانیان

دەربارەی بابەتە نەگۆڕە دامەزراوەکان دەزانی، کە ڕاڤەی دەقەکانی قورئان بوون. لەگەڵ پارێزگاریکردنی تەواویاندا، ئاسان و ئاسایی وەریاندەگرتن و دەیانچەسپاند. هەروەها ئەحکامە شەرعیەکانیتریش کە دەربارەی ئەو بابەتە گۆڕاوانەشبوون، بەڵام لەگەڵ پاڕاستنی بناغەکانیاندا.

لەم ڕوانگەوە بوو کە عومەری کوڕی عبد العزیز دەیفەرموو: (یجد للناس من الأقضیة بقدر ما یجد لهم من القضایا)[1] واتە: بەقەدەر کێشە و گیروگرفتەکانی خەڵکی (ئەحکام) ی تازەش دێنەپێش.

---

١ نووسەری رەحمەتی هەروا بێ سەنەدو بێ سەرچاوە هێناوێتییەوە. بەو دەقەی سەرەوە نەمدۆزییەوە، بەڵام بە لەفزی (تَحْدُثُ لِلنَّاسِ أَقْضِیَةٌ بِقَدْرِ مَا أَحْدَثُوا مِنَ الْفُجُورِ) وا لای ئیمامی شاطبی لە (الاعتصام ب١ ل: ٤٧٦)، هەروەها ئیمامی ئیبنوحەجەر لە (فتح الباري ١٤٤/١٣)و زەرکەشی لە: (البحر المحیط في أصول الفقه ١٣١/١) هەندێک لە مالیکییەکان وەکو (الباجي) لە (المنتقی شرح الموطأ ٤٦/٦) دەفەرموون: ئەمە قەولی ئیمامی مالیکە، بەڵام لە توێژینەوەدا دەردەکەوێت کە وانییە، قەولی عومەری کوڕی عبدالعەزیزە رحمەالله کە زۆرجاری تر ئیمامی مالیک قەولەکانی لێوەرگرتووە بێ ئەوەی بفەرموێ کە هی ئەون. ئیمامی ئیبنوحەزم رحمەالله لە (الإحکام في أصول الأحکام ٢٦٤/٦-٢٦٥)دا زۆر بە توندیی رەددی لەم مەقوولەیە داوەتەوە. بەڵام زانایانی تر زۆرن کە رەددیان لە خۆی داوەتەوەو بۆچوونەکەی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزیان پەسەندکردووەو کردوویانە بە ڕێسایەکی داوەریی.

# ئیشکردن و خواپەرستی

موسوڵمانانی یەکەم وا لە ئیسلام گەیشتن کە ڕێی زەمین و ئاسمان یەکە. ڕێی دنیاو ئاخیرەت یەکە. هەر ئەو ڕێیەیە کە بەرەو خوای گەورەت دەبات، هەر ئەویش ڕێی ئیشکردنی دنیایە! پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ (إنْ قامَتْ السَّاعَةُ وبيدِ احَدِكُمْ فَسيلَةٌ فَاِنْ اسْتَطَاعَ أنْ لا يَقُومَ حَتَّي يَغرِسَهَا فَلْيَغْرِسْهَا فَلَهُ بِذلِكَ أجْرٌ)[١] واتە: ئەگەر لەو کاتەدا کە قیامەتدادێت، یەکێکتان نەمامێکی بە دەستەوە بوو، گەر بۆی دەلوێ پێش ئەوەی هەستێ، با بینێژێت، چونکە پاداشتی خۆی لەسەر وەردەگرێت.

یەکەم شتێك کە لەم فەرمایشتەوە دێتەبیری مرۆڤ، ئەو خاڵە سەرەکیە سەیرەیە کە لە فیکری ئیسلامییدا هەیە، ئەویش ئەوەیە

---

١ نووسەری بەڕێز هەروا نوسیویێتی و ئاماژەی بە سەنەدو سەرچاوەکەی نەکردووە.

_ بوخاری لە: (الأدب المفرد/ ٤٧٩) شوعەیبی ئەرنائووط و عادل مورشید لە توێژینەوەی مەسنەدی ئیمامی ئەحمەد (٢٩٦/٢٠)دا کە بە سەرپەرشتی (عبدالله بن عبدالمحسن الترکی) یە، دەفەرمون: (إسناده صحيح علی شرط مسلم)

_ئەحمەد (١٢٩٠٢) بە لەفزی (**إِنْ قَامَتْ عَلَى أَحَدِكُمُ الْقِيَامَةُ ، وَفِي يَدِهِ فَسِيلَةٌ فَلْيَغْرِسْهَا**). ئەلبانی رحمەالله لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٩)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

کە ڕێگای قیامەت هەر ڕێگای ئەم دونیایەیە، هیچ جیاوازیەك لە نێوانیاندا نیە.

ئەو دوو ڕێگایە لە ئیسلامدا دوو ڕێی لێکجیاوازنین، یەکیان بۆ دنیا بێت و ئەویتریشیان بۆ قیامەت. ڕێگایەك لە دنیادا نییە ناوی ڕێگای ئیشکردنی دنیایی بێت و یەکێکیتری پەرستنیش هەبێت ناوی ڕێگای قیامەت بێت.

ڕێگای بەرەوخواچوون لە ئیسلامدا هەریەکە، سەرەتاکەی لە دنیاوە دەستپێدەکات و لە ڕۆژی قیامەت کۆتاییدێت، هەردوکیان لە روانگەی ئیسلامەوە تێکەڵی یەکترن و پێکەوە لکاون و هەردووکیان شان بە شانی یەکتریی لەو یەك ڕێگایەدا دەڕۆن. ئیشکردن هەتا کۆتا ساڵی تەمەن بەردەوامە. تا کۆتا هەنگاوی ژیان. تەنانەت لەو ساتەشدا کە بە دڵنیاییەوە ئەوا قیامەت دێت و نەمامێکی پێیە با بیڕوێنێت!

لە ئیسلامدا بایەخدان بە نرخی ئیش و دەرخستنی و هاندانی، فیکرەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە. ئەوەی لێرەشدا سەرنجڕاکێشە وەنەبێ هەر ڕێزگرتنی نرخی ئیشکردنەکە بێت، بەڵکو نیشاندان و تەئکیدکردنەوەی ئەوەیە کە ئەم ڕێگای ژیانە هەر ئەو ڕێگایەیە کە بۆ ڕۆژی قیامەت دەچێت. لە مێژووی ئێستاو ڕابوردوودا ماوەی زۆر بەسەر مرۆڤایەتییدا هاتووەو ڕۆیشتووەو لە درێژی ئەم ماوانەشدا

هەر هەستی بەوە کردووە کە گوایە ئەو دوو ڕێگایە لێکجوێن! هەروا تێگەیشتووە کە ئیشکردنی بۆ ئەو دنیا وا پێویستدەکات لەم دنیایە دابېڕێت! ئیشکردن بۆ دنیاش لە نێوان ڕێگای دنیاو ڕۆژی قیامەتدا ڕەگی لە دەروونی مرۆڤایەتیدا ڕۆچووەو بەم ڕەواڵەتەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو سەری بۆ چەند مەبەستیتر کێشاوە، کە بە بوون و قەوارەی هەموو گرۆهی مرۆڤەوە بەستراون. وەك: ئەم دونیاو ئەو دونیا لێکجوێن. لەش و گیان (ڕۆح) لێکجوێن. ماددیی لە نامادديی جوێیە. فیزیکی (بە زمانی فەیلەسوفەکان) و لە میتافیزیکی جوێیە. ژیانی ئیشکردن و ژیانی ئایدیالیزم، یان مەبەستە ڕەوشتیەکان، جوێن.

هەتا دەگاتە کۆتا هەنگاوی جیاوازی لە یەك خاڵێکەوە هەڵقووڵاون، ئەویش جیاوازی خستنە ناو دنیاو ڕۆژی قیامەتە، یان نێوان زەمین و ئاسمان.

قەوارەی دەروونیش بە حوکمی فیترەت و سروشتی خۆی کە خوای گەورە لەسەر ئەو شێوە دروستیکردووە یەکێتیەکی تێدایە. یەکێتیەك کە لەش و ژیریی و روح دەگرێتەوە. ماددیی و نامادديی دەگرێتەوە، ئارەزوکانی لەش، ئارەزووەکانی دەروون، سەرنجدانە ژیرییەکان، شوکرانەبژێریەکانی ژیان دەگرێتەوە. هەست و سۆزو سەرنجدانە بەربڵاوەکانی فیکرو پەروازی روح دەگرێتەوە. بێگومان

هەموو گەردیلەیەکی ئەم قەوارانە بەرهەڵستی یەکتردەکەن، هەر یەکەیان ڕوودەکاتە لایەك، ئەگەر وازی لێهێنرێ بەو شێوەیە پەرتەوازە بێت، هەر یەکەیان بە ئارەزووی خۆی دەدوێت. بەڵام ئەوەی لە قەوارەی ئەم مرۆڤەدا سەرسووڕهێنەرە، ئەو سروشتەیە کە خوای گەورە لە سەری دروستیکردووە، کە دەتوانرێ ئەو گەردیلە پەرش و بڵاوانە کۆبکرێتەوەو یەکی پێ بگیرێ. دەتوانرێ پەیوەندییان لە نێواندا دروستبکرێ! پاشان دەتوانرێ بەو یەکێتیە گەورەترین هێزی لە سەر زەمیندا پێ دروستبکرێت! بەو مەرجەی ئاڕاستەی بزاوتی ئەم ئەتۆمە فەوتاوە _کە مرۆڤە_ لە هێزی هەربووی نەمرەوە وەرگرێت. ئاواش ڕۆشندەبێتەوەو نوورەکەی پەخش دەبێت و وەك نوورێکی بەربڵاو سەربەست دەبێت کە ماددیی و مەعنەویی پێکەوە ببەستێتەوە ..

کۆکردنەوەی ئەم گەردیلە پەرش و بڵاوانەش گەورەترین ڕێگایە، کە بریتیە لە یەکخستنی ڕێگای دنیاو قیامەت لە یەك ڕێبازدا .. ئەو کاتە ژیان بە سەر ئیشکردن و پەرستندا دابەشنابێت، دەروونیش بەسەر لەش و گیاندا دابەشنابێت، ئامانجیش بە سەر تیۆرو کردەوەدا دابەشنابێت، یان بەسەر ئایدیالیزمی ومەتریالیزمیدا دابەشنابێت ..

کاتێك ڕێگای دونیا بە ڕێگای قیامەت دەگات جووتدەبن. یەکشتیان لێ پێکدێت، ئەمەش دەبێ لە دەروونندا ڕوودەدات، تا ئامانجە پەرتەوازەکان لە یەکتر نزیکببنەوە، تا گەردیلە پەرت و بڵاوەکان یەکبگرنەوەو هەموو لە شتێکدا کۆدەبنەوە.. ئینجا دەرونی تاکەکە لەگەڵ قەوارەی یەکبووندا یەکدەگرن و لەگەڵ ژیانی گەورەدا سازدەبنەوە. چونکە ئامانجەکان یەکدەکەون و گەردیلەکان پەیوەندیان پێکەوە دەبەستنەوە. ئینجا لەگەڵ ژیانی هەرەگەورەدا یەکدەگرن و دەحەوێنەوەو لە چوار چێوەی ئەودا ستاردەگرن و لە کەشە ڕەهاو بەربڵاوەکەدا مەلەدەکەن. هەر وەك کە ئەستێرەکان لە هەوای ئەم گەردونەدا مەلەدەکەن و لە نێوان خۆیاندا پێکناکێشرێن. چونکە ئەو کاتە هەموویان یەك یاسای بەرفراوان دەیانگرێتەوە.

ئیسلام ئەم کارە سەرسوڕهێنەرە دەکات، زۆر بە ئاسانیش دەیکات. بەوەی کە ڕێگای دنیاو ڕێگای قیامەت لە ڕژێمێکدا دەکات بەیەك. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الآخِرَةَ وَلا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا﴾ القصص/٧٧ واتە: مەبەستت لە بەکارهێنانی ئەوەی کە خوای گەورە پێی بەخشیویت ڕۆژی دوایی بێت و پشکی دنیایی خۆشت لەبیرنەچێتەوە.. یان دەفەرموێ: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي

الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ الأعراف/٣٢ واتە: بڵێ کێ ئەو جوانیانەی یاساغکردووە کە خوای گەورە بۆبەندەکانی فەراهەم هێناوە؟! یان ئەو هەموو رزق و رۆزیە حەڵاڵ و پاکەی خستویتیە بەردەستیان؟! بڵێ: ئەو شتانە لە ژیانی دونیادا بۆ ئیمانداارانە بە گشتی، بەڵام لە ڕۆژی دواییدا بە تایبەت پێشکەشیان دەکرێت ..

بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ نموونەیەکی ڕاستەقینەی تەواوی دیدو ڕێگای ئیسلام بوو، چونکە ڕێگای دونیاو قیامەت لە دەروونییدا یەك ڕێگاو یەك مەبەست بوون .

هەروەها موسوڵمانان هەستیان بەوەکردبوو کە پەرستن لە ئیسلامدا شتێکی زۆر بەربڵاوەو گەلێك چالاکی ژیان دەگرێتەوە .

بەرزترین سیفەتی بەرنامەی ئیسلام ئەوەیە کە پرۆگرامی پەرستنە، بەڵام ئەو پەرستنە وە نەبێت تەنها مەبەست لەو جۆرە پەرستنە بێت کە ناسراوە، وەکوو نوێژو ڕۆژو زەکات، بەڵکو مانایەکی قووڵتری هەیە، کە ئەویش بریتیە لە بەستنی پەیوەندییەکی ئان و ساتی بەردەوام بە خوای پەروەردگارەوە. ئەمەش لە ڕاستییدا هەموو بەرنامەی پەروەردەکردن دەگرێتەوە، چونکە هەموو لقەکانی ژیان لەو جوێ دەبنەوەو لە کۆتاییشا دەگەڕێنەوە سەر ئەو.

نوێژو ڕۆژو زەکات وحەج دروشمی پەرستنەکانیتر تەنها کلیلن، کلیلی پەرستن. یان دەتوانین بڵێین وێستگەن و گەشتیارە ڕێبوارەکان بۆ وەرگرتنی زادی ڕێ دادەبەزن و تویێشووی قۆناغی داهاتوو لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن.. بەڵام ڕێبڕینەکە هەمووی هەر خواپەرستییە.. هەرچی ئیشکردنێکی دێتەڕێ، هەر خواپەرستییە. هەرچی یادو بیرو هەست و سۆزێکی تێدا بەرهەمدێت، هەمووی هەر بە خواپەرستی حسێبن! خواپەرستیی ئەمەیە. بەو مەرجەی نییەتی هەموو هەڵسوکەوتەکان هەر ڕەزامەندیی خوای گەورەبن. لەم ڕوانگەیەوەیە کە خواپەرستن هەموو ئەم  مانایانەی ژیان دەگرێتەوە.

پەرستن وەنەبێت ئەو چەند ساتەکورتە بێت کە لە کاتی خوا پەرستییدا دێن و دەچن، خۆ مەبەستی خوای گەورە ئەمە نییە، کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ الذاريات/٥٦ واتە: پەری و مرۆڤم تەنها لەبەر خاتری پەرستنی خۆم دروستکردووە.. کەوابوو پەرستن هەموو کەلێن و کونجێکی ژیان دەگرێتەوە، ئەگینا ئەو چەند ساتە چ نرخێکیان لە لاپەڕەی گەردوندا هەیە؟ تا خوای گەورە ئەم  مرۆڤەیان لەبەر خاتری ئەو ساتە خێرایانە دروستکات؟! خۆ ئەو ساتە خێرایانە هیچ شوێنەوارێك بەجێناهێڵن و ناشمێننەوە، هەر لە هەوادا دەفەوتێن! ئەو پەرستنەش کە لەو ساتە خێرایەدا ئەنجام دەدرێ چ نرخێکی هەیە، ئەگەر  نەبێتە زادی نەخشەیەکی

پەروەردەیی خووڕەوشت، نەخشەی فێرکردن، نەخشەی هەست و سۆز، نەخشەی هەموو ڕەفتارێك كە لەسەر پرۆگرامێکی ئاشکرا بۆ هەموو سات و کاتێکی ژیانی مرۆڤ دابڕێژرێت..

سەرچاوەی ئاڕاستەی هەموو کارێکیش بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو سەرچاوەی ئاڕاستەو ڕێنمایی کارەو هانا بەس دەبرێتەبەر ئەوو جێپرسی هەموو کارێکی راوێژکردن تەنها دەستوورەکەی ئەو دەبێت..

ئەمەیە مانای پەرستن لە ئیسلامدا، نەك ئەوەی مرۆڤ خۆی گۆشەگیربکات و دەستبداتە ڕاهیبگەڕێتی.

پەرستن مانای ئەوە نیە کە لە کاتی سوجدەو ڕکوعی نوێژدا ترسی خوای گەورە دڵ و دەروون داگرێ و کە نوێژەکەش تەواوبوو سەر لە تەماعکاریی و دوژمنداریی و شەڕخوازیی بئاڵێ! یان چاو بەرامبەر دەستپاکیی شۆڕبکرێ! یان خۆ بەلاواز دابنرێت بۆ ئەوەی هەوڵنەدرێ هەق و ڕاستی وەسەربکەوێت. یان پشت لە ئیشوکار بکرێتەوەو هۆکاری ماددیی سەرفرازیی وازلێبهێنرێت! بۆچی؟! چیە؟ کە دەپرسیت بۆ وا دەکەن؟ دەڵێن: وەڵا پشتمان بە خوای گەورە بەستووە!

نەخێر. نا، ئەوە پەرستن نیەو دڵی وا بە خوای گەورەوە نەبەستراوە! بەڵکو ئەوە (سواڵکەر)ێکەو لە وێستگەی پەرستندا چۆکیداداوەو نەکەوتۆتە ڕێ.

پەرستن بریتییە لەوەی بکەویەڕێ و جارجار خواردن و پێویستی وەربگری. وەڕێکەوی و دڵت بارگەیەکی ئیمانی زیندووی بەردەوامی لە خۆ گرتبێ، کە پاڵپێوەنەری ئیشکردن بێت، پاڵپێوەنەری بەرەو پێشەوە چوون بێت..

ئیسلام لە دەربڕینی ئەو بڕیارەیدا کە ئیشکردن، پەرستنە، ئاشکراو ڕاشکاوە. مادام ویستی دڵ و نییەت ڕەزامەندی خوای گەورە بێت. ئەوەتا خوای گەورەی دەفەرموێ: ﴿لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ يَمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الاخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَيَتَي الْمَالَ عَلَي حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَي وَالْيَتَامَي وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّيَئِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ اليَلاةَ وَيَتَي الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ وَاليَابِرِينَ فِي الْبَأْسَاو والضَّرَّاو وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ﴾ البقرة/١٧٧ واتە: چاکەخوازیی ئەوە نییە ڕووتان بکەنە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەڵکو بریتیە لەوەی باوەڕتان بە خوای گەورەو بە ڕۆژی دوایی و فریشتەو کتێبە ئاسمانیەکان و پێغەمبەران هێنابێت، هەروەها لەو سامان و

دارایییەی خۆتان کە حەزی لێدەکەن و دڵتان وا پێوەی لە خۆشەویستی خوای گەورەو لەبەرخاتری ئەو ببەخشن، بیدەن بە خزمانی خۆتان و هەتیوو و دەسکورت و لێقەوماوو بۆ ئازادکردنی کۆیلە، هەروەها چاکەخوازی بریتیە لە نوێژکردن و زەکاتدان. ئەوانەش کە پەیمانیان دەبەنە سەرو ئەوانیتر کە لە خۆشی و ئاسوودەیی و لە ناڕەحەتی و گرانیدا ئارامن. ئا ئەوانە ئەوانەن کە ڕاستیانکردو دا ئەوانەشن پارێزکارانی دیندار.

ئەمەیە ئەو پرۆگرامی پەرستنەی کە ئیسلام نەخشەی بۆ کێشاوەو بناغەی پەروەردەکردنی لە سەر دارشتووە، کە ڕاستکردن لە گەڵ خوای گەورەو لەخواترسان و گوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکانی کردووە بە مەرجی سەرەکیی. ئەمەش یەعنی هەبوونی پەیوەستیی بەردەوام و هەمیشەیی بە خوای گەورەوە .

****

## موسوڵمانێتی وورەبەرزییە

هەروەها موسوڵمانانی یەکەم هەستیان بەوە کردبوو کە ئیسلام بریتیە لە دڵ نەبەزیوی و سەر بڵندیی: ﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ال عمران/١٣٩ واتە: لاوازمەبن و خەم مەخۆن، هەر ئێوەن سەرکەوتووترین، بەو مەرجەی موسوڵمان بن.. کەوابوو سەرکەوتن سیفەتی موسوڵمانانە. بەڵام هۆی سەرکەوتن ئاشکرایەو ناشاررێتەوەو هیچ هۆیەکیتری نایەتەگەڵ. ئەگەر **موسوڵمان بن**.. ئامێرو هۆی سەرکەوتنەکە تەنها موسوڵمانبوونە، تەنها باوەڕهێنانە!! هۆی سەرکەوتن سامان و ماڵ نیە، بەرهەمی ماددیی نیە، ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی و دەمارگیریی و توخمپەرستیی نییە .

ئەوەی کە ببێتە هۆی سەرکەوتن هیچ یەکێك لەمانە نییە، کە خەڵکی بە درێژایی مێژوو لە جاهیلیەتەکەیاندا دووپاتیدەکەنەوە، بەڵکو هۆی سەرکەوتن باوەڕە.. تەنها باوەڕ.

ئەمەش فریوودانی خوایی نییە بۆ بەندە موسوڵمانەکانی !

پەروەردەکردنی ئەوان لەسەر ئەو ڕاستیەبوو کە حەقیقەتێکی بوونەو هەتاهەتایە لاڕووێری و چەوت و نارێکی تێکەڵنابێت.. چونکە ئەو کەسەی موسوڵمانە، ڕێنمایی خوایی وەرگرتووە، ئەو کەسەی

ڕێنماییش کرابێت، مانای وایە کە شارەزای ڕێ بووەو فێری یاساو ڕێساکانی ژیان بووە، بۆیە بە ڕاستی لە هەموو دروستکراوێکیتر بڵندو سەرکەوتووترە.. (بڵندو سەرکەوتوو)ە چونکە لە ڕوانگەیەکی زۆر فراوانترەوە تەماشای ئەم گەردوونە دەکات، لە ڕوانگەی ئەو مرۆڤانەوە کە خوای گەورە نیعمەتی موسوڵمانێتی پێ بەخشیبوون و کەوتوونەتەسەر دیدو بۆچوونی ڕاست، دەربارەی خوای گەورەو گەردون و ژیان. کە زۆرزۆر فراوانترو گەورەترە لە بیروهۆش و ڕای ئەو کەسانەیتر کە باوەڕی ئیسلامییانەیان نەهێناوە. بیروهۆشی موسوڵمان ـبەرامبەر مرۆڤ بە تایبەتی و ژیانی مرۆڤایەتی بە گشتیـ زۆرزۆر فراوانترە لەوەی بە خەیاڵی مرۆڤیترا بێت. پاشان ئەم دیدو ڕوانگە فراوانە دەربارەی مرۆڤ و گەردوون و ژیان، دەبێتە هۆی هێنانەدیی ئەو بڵندیی و سەرکەوتنەی لە جیهانی واقیعدا دێتەدیی.. کە سەرکەوتنێکە لە جیهانی واقیعدا وەك ئەو سەرکەوتنەی لە جیهانی دەرووندا هاتۆتەدیی ..

موسوڵمانانی یەکەم لە فراوانترین بواردا هەستیان بەم ڕاستیە کردبوو، بۆیە هەر یەکێکیان کە باوەڕ لە دڵیدا جێگیردەبوو، دەسبەجێ وا هەستیدەکرد کە بۆتە مرۆڤێکی تازەو زۆرزۆر بڵندترە لەو جاهیلییەتەی لە دەوروبەرین، چونکە ڕێمنایی خوابەیەکناسین،

سووکیی و بێنرخیی ئەو بتانەو بێنرخیی و هیچ و پووچیی پەرستنی ئەو بتانەی بۆ خستوونەتەڕوو. ئینجا هەست بە بڵندیەك دەخاتەڕوو... ئەمە شتێکی ڕاستبوو، بەڵام ئەمە هەموو ڕاستیەکانی سەرکەتن و سەربڵندییە ئیسلامیەکە نەبوو.

بتپەرستی وە نەبێ تەنها (عەقیدە)یەك بووبێت و موسوڵمان بە بیروهۆش و باوەڕی پتەوو وورەی بەرزەوە بەرەو ڕووی وەستابنەوەو زاڵبووبن بەسەریدا، بەڵکو (هێز)ێکی ماددیی و مەعنەویش بوو.. هێزێك کە لە زۆری شوێنکەوتوو و دەسەڵات و توانای ئازاردان و توانای بەرهەڵستیکردنا دەردەکەوت، کە نەیدەهێشت ڕێمنایی خوایی بە خەڵکی بگات.. بەڵام موسوڵمانانی یەکەم _هەر چەندە چەند کەسانێکی بێهێزیشبوون، کە هیچ چارەیەکیان نەبوو_ بەسەریدا زاڵبوون.. چونکە ئەو باوەڕە موسوڵمانانی فێری سەربڵندیی کردو واشی لێکردن کە خۆ لەبەر ئەو هەموو تواناو دەسەڵاتی ئازاردەرانەدا ڕاگرن... ئارامیانگرت تا سەرکەوتن.. سەرکەوتنەکەش تەنها لە لایەنی بیروهۆش و هەست و سۆزەوە نەبوو، بەڵکو لە هەموو لایەنەکانی جیهانی واقیعییدا بوو، چونکە بە لێوەشاوەیی توانییان ڕووبەڕووی هێزی ماددیی و مەعنەویی جاهیلییەت ببنەوە. ئەو هێزەش لە دڵڕەقی و هیچ وپووچیی جاهیلیەتەکەدا دەردەکەوت کە لەسەر ڕێی موسوڵمانانا سەنگەری لێدابوو، کە دەیەویست _بە هەموو

شێوەیەك كە دەستی لێی گیردەبێ_ تێكیانبشكێنێت و بیانهارێت، بەڵام موسوڵمانەكان هەر بەسەر ئەو جاهیلییەتە بەهێزو سەرسەختەدا سەركەوتن.. نەك هەر بەسەر جاهیلییەتی قورەیش و عەرەبەكاندا، بەڵكو بەسەر توانا‌و دەسەڵاتی لەوان بەهێزترو بەدەسەڵاتتردا، بەسەر فارس و ڕۆمەكاندا! كە لە ڕووی ماددیی و مەعنەویەوە لەوانەی نیوەدۆرگەی عەرەب زۆر بەهێزتربوون!

موسوڵمانانی یەكەم ئەو كاتەی كە رووبەڕووی (فارس و ڕۆم)ەكان ڕاوەستان و زاڵبوون و سەربڵندیی و سەركەوتوویيان وەدەستهێنا، خۆ بە هۆی ژمارەیانەوە نەبوو. موسوڵمانەكان زۆرزۆر لەوان كەمتربوون! بە هۆی سامانیشەوە نەبوو، خۆ تا ئەو كاتەش موسوڵمانەكان خەڵكێكی دەسكورت و هەژاربوون و بە كولەمەرگی دەژیان.. بە هۆی چەكەكانیشیانەوە نەبوو، خۆ دوژمنەكانیان چەكی چاكترو زیاتریان هەبوو. سیستمی سەربازیی و مومارەسەیەكی زۆریشیان دەربارەی هونەری شەڕكردنی ڕێك و پێك هەبوو !

موسوڵمانانی یەكەم هەر ئەو عەرەبانە بوون كە پێش ئیسلام نەیاندەتوانی و نەیاندەوێرا بە (گیانی عروبەو عەرەبێتیی)یەوە رووبەڕووی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە دامەزراوانە ببنەوە. بە پێچەوانەوە، هەندێ هۆزی عەرەب خزمەتی دەسەڵاتدارێتی ئەوانیان

دەکردو جەنگیان بە کرێ بۆ دەکردن. بە کرێ بەرهەڵستی هێرشی عەرەبە خێڵەکیەکانیان (بۆ بەرژەوەندیی ئەوان)!

موسوڵمانەکان کە بەسەر فارس و رۆمدا سەرکەوتن بە هۆی شارستانێتیەوە نەبوو، خۆ بێگومان ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە خاوەنی شارستانێتی وابوون، کە لەگەڵ شارستانێتی هەموو چەرخێکی نیوەدوورگەی عەرەبەکاندا هەر بەراوورد ناکرێت! بەڵام ئەمانی موسوڵمان بە شتێکیتر بەسەر ئەواندا سەرکەوتن، ئەویش باوەڕی موسوڵمانانەیە. کە بیروباوڕو دیدو روانگەو هەست و سۆزی خۆیان بە بڵندتر دەزانی لەوەی بەرامبەرانیان هەیانبوو! چونکە (موسوڵمان) بوون! وا هەستیاندەکرد کە هەر چەند هێزو چەك و شارستانێتی و یاسا وسیستمی فارس و ڕۆم پتەوتر بێت، هەر ئەمان باشترو بەهێزترن. چونکە ئەوان هەموو لادەرن! جاهیلیەتن، چونکە بە ڕێمنایی خوایی نارۆن و ژیانی تاکوکۆیان بە پێی شەریعەتی خوایی دانەمەزراندووەو جاهیلیین..

ئینجا ئەو کارە سەرسووڕهێنەرە دروستبوو کە خوای گەورە دەیزانی قابیل نەبوو هەر دەبوو دروستببێت، مادام خەڵکی بە (باوەڕهێنان بە پێی دیدی ئیسلامی) وا سەربڵند بوون و سەرکەوتوون.. ئەم هێزەی بە باوەڕهێنان بەهێزبووەو بڵندبۆوە، هەوڵیدا بوونی خۆی لە جیهانی

واقیعدا بهێنێتەدی، لە هەموو بەشێك لە بەشە جیاوازەکانی هێز. بۆیە زانستی فێربوو، هونەری شەڕکردن فێربوو، باشترین چەکی پەیداکرد، شارستانێتی فێربوو، ئینجا بوونی خۆی لە جیهانی واقیعدا هێنایەدی، کە تا ئێستاش گەورەترین و پتەوترین هێزە لە هەموو مێژووی ئەم زەمینەدا ئاوا لە کات و شوێن و نەوەیەکی مرۆڤایەتییدا هاتبێتەدی.. پاشان بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کشان، بە خێراییەکی بێوێنە، سەربەرزانە بۆ لادانی هێزو دەسەڵاتی شەڕخوازیی کشان. بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێمنایی خوایی بڵاوبوونەوەو بە سەر هەموو کۆسپێکی دانراوی سەر ڕێیاندا زاڵبوون.. لە هەر کات و شوێنێکی هەر بوارێکدا کە موسوڵمانەکان تیایدا سەرکەوتبن، هۆی سەرکەوتنەکەیان ژمارەی جەنگاوەرو زۆریی سامان و بەهێزیی سوپا و زانستیی و شارستانێتیی نەبوو، بەڵکو هەستی سەر بڵندیی خۆیان بوو کە موسوڵمانن و لە سەر هەقن و جاهیلیەتی دەوروپشتیان لەسەر ناهەقە. ئاوا سەرکەوتن.. بە هۆی سەر بڵندیی و نەبەزیوویی دەروونیانەوە (کە بەباوەڕهێنان دروستبووبوو) توانیان سەربڵندیی و سەرکەوتوویی ڕواڵەتی دەرەوەشیان لە هەموو جۆرێکی هێزو بوارێکی دەسەڵاتدارێتیدا بهێننەدی...

## مرۆڤ و کۆمەڵ

موسوڵمانان وا لە ئیسلام گەیشتن کە مرۆڤ هێزێکی کاریگەری ئەم سەرزەمینەیە. ئەمەیان هەم لە تەوجیهاتەکانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ ڕوونبووبۆوە، هەم لەو واقیعەوە کە لە ژێر چاودێری خوای گەورە و پێغەمبەرە کەیدا ﷺ دروستیانکردبوو و تیایدا دەژیان، کە لەسەر ڕێسای ئەو ئایەتە دروستکرابوو کە دەیفەرموو: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ البقرة/٣٠ واتە: خوای پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرموو: من دەمەوێ خەلیفەیەك لەسەر زەمین دروستبکەم. لەمەوە وا تێگەیشتبوون کە مرۆڤ مادام جێنشینی خوای گەورەیە لەم سەرزەمینە، کەوابوو دەبێ ئەوە بزانین کە ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی ژیانی پێسپێرراوە، کە دەبێ هەموو ڕەنجی خۆیان بۆ بخاتەگەڕ: ﴿يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَى رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلَاقِيهِ﴾ الانشقاق/٦ واتە: دەی مرۆڤ، بەڕاستی تۆ زۆر ڕەنجدەریت و هەر بەرەو خوای خۆشت دەگەڕێیەوەو کاروکردەوەکانت دێنەوەڕێت.. خوای گەورە هەرچی لەسەر زەمین و لە ئاسمانەکانیدایە خستوویتیە بەردەست مرۆڤ و هەموو ئاسانکارییەکی بۆ کردووە، تا بەو جێنشینێتیە هەستێت: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ الجاثية/١٣ واتە: هەرچی لە زەمین و ئاسمانەکاندایە، خوای

گەورە بۆی ژێربار خستوون.. لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە لەسەرشانی مرۆڤەكان بە ڕەنجی تایبەتی خۆیان هەوڵبدەن تا ئەو رۆزی و خێرو بێرەی خوای گەورە لەسەر زەمیندا بۆی بەدیهێناون، بۆ خێرو خۆشی خۆیان بەكاریان بهێنن: ﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولًا فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِن رِّزْقِهِۦ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ﴾ الملك/١٥ واتە: هەر خوای گەروەیە كە ئەو زەمینەی ئاوا بۆ دەستەبەركردوون، دەی سا ئێوەش بە هەموو لایەكیدا بڕۆن و بڕۆن و لە رزق و رۆزیەكەی بخۆن كە تیایدا گەنجینەكراوە.. هەروەها ئەو ئایەتەی كە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ الرعد/١١ واتە: خوای گەورە ئەوەی لە خەڵكانێكدا هەیە نایگۆڕێت، تا خۆیان ئەوە نەگۆڕن كە لە ناویاندا هەیە.

موسوڵمانانی یەكەم لەمەوە وا تێگەیشتبوون كە ڕووداوەكانی ژیان لەخۆڕا ڕوونادەن! ڕاستە خوای گەورە ئاگای لە هەموو شتێكی زەمین و ئاسمانەكانەو هەموو شتێك بە ویستی ئەوەو تەنها ئەویش نادیار دەبینێ، بەڵام ئەوەشیان دەزانی كە خوای گەورە كە ئەم رۆڵە گرنگەی داوە بە مرۆڤ، مەبەستی بووە كە ویستی خوایەتی خۆی بە ویستی ئەم مرۆڤە بهێنێتەدی، تا ویست و هەڵسوكەوتی مرۆڤ ببنە روداوو مێژوی گۆڕانكاری ناو خۆیان، چونكە لەگەڵ ئەوەشدا كە

خوای گەورە دەسەڵاتی بێسنوری هەیە، بەڵام هیچ تیرەو هۆزو قەوم و نەتەوەیەك لە خۆیەوە ناگۆڕێت، تا ئەوان خۆیان خۆیان نەگۆڕن. دەبێ ئەوان خۆیان وا لێبکەن کە گۆڕانکاریيان بەسەرابێت و بەرەو باشتر هەڵنرێن.. داواش لەو فەرمودەیەی خوای گەورە تێگەیشتبوون کە دەفەرموێ: ﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ﴾ الروم/٤١ واتە: ئەنجامی ئەوەی خەڵکی دەیکەن، ئەوەتا وا خراپەکاریی لەسەر زەمین و لە دەریادا دەرکەوتووە.

موسوڵمانانی یەکەم لەوە حاڵیبووبوون کە خراپەکاریی شتێکی نادیارنییەو . بێئەوەی مرۆڤ خۆی ئاگای لە هۆکانی هەبێت، بە سەرزەمیندا ببارێت! بەڵکو بەوە تەشەنە دەکات کە خەڵکی بە دەستی خۆیان دەیکەن. کەوابوو خەڵکی خۆیان هێزە کاریگەرەکەی ژیانی سەرزەمینن. کردەوەکەی خۆیان چۆن بێت، ئەنجامەکەش هەر بەو پێیەیە. جا کردەوەکە لە خێرخوازیدا بێت یان لە شەڕخوازیدا ئەنجامەکەی هەر لە توخم و ڕەگەزی ئەو دەبێت.. ئەوان ئەم تێگەیشتنەیان لە قورئان وەردەگرت، لە ژیانی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم وەریاندەگرت، کە دەیانبینی ڕەنجی پیرۆزی خۆی لە جیهانی واقیعدا بۆ ڕیشەکێشکردنی شەڕخوازیی و بڵاوکردنەوەی ڕێمنایی ڕاستی خوایی دەخستەگەڕ، هەروەها لەو واقیعەی خۆشیانەوە کە تیایدا دەژیان، کە بەرهەڵستی جاهیلیەتی یەکەمجاریان، لە

نیوەدورگەی عەرەب و جاهیلییەتەکانیتری سەرزەمین تیادادەکرد.. ئەمەش هەر لە خۆیەوە نایەتەکایەوە. ئەم ئایینە ئەگەرچی خوای گەورەش خاوەنێتی و ئەویش دەتوانێ بە ئاسانی بڵاویبکاتەوە، بەڵام هەر لە خۆیەوە بڵاونابێتەوە، بەڵکو بە هەوڵدانی ئەوان خۆیان دێتەکایەوەو بە گوێرەی رادەی هەوڵدانی ئەوان و پارێزگاریکردنی ئەوان دەپارێزرێت. بە قەدەر ئەو پاراستنەی ئەوانیش دەمێنێت.. ئەگەر ئەوان لە یەك مەسەلەی بچووك یان گەورەی ئەم ئایینەدا لاواز ببن یا لاواز بکرێن و تیایدا بێبایەخبن، ئاینەکەش بە قەدەر ئەو لاوازیی و بێبایەخیەی ئەوان لاوازدەبێت. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەریان هەمیشە لە خۆیان و لەو کۆمەڵگا موسوڵمانەی کە تیایدا دەژین ووریا بن، ئاگاداری ئەو جیهانەبن کە وا بە دەوریانەوەیە، ئەگینا نە سەرکەوتنیان دێتەدەست و نە هێزو دەسەلاتداریەتیش. چونکە ئەمانە بە باوەڕی راست نەبێ، نایەنەدیی. ئەمەشە مەبەستی ئەو فەرمایشتەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ئال عمران/٢٠٠ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە، ئارام بگرن و ئارامی زیاتر بە خۆتان بدەن و پەیوەستیتان بەهێزکەن و لە خوای گەورەش بترسن تا سەرکەون ..

(ۆڵفێرد كانتۆڵ سمیث) _ئەوەی لەمەوبەر ئاماژەمان بە چەند ووتەیەكیتری كرد_ لە بەراودێكی دووررودرێژدا دەربارەی روانگەی هیندۆكیی و مەسیحیی و موسوڵمان و ماركسیی بەرامبەر فیكرەی لێكدانەوەی مێژوو دەڵێ: (موسوڵمانیش وەكو ماركسیستێك ڕووداو لێكدەداتەوە، كە هەرچی شتێك لێرە لەسەر ئەم زەمینە روودەدات، بەڵگەیەكی نەمری دەداتەدەست، كە ناتوانرێت بایەخی پێنەدرێت، چونكە بە دیتی موسوڵمانەكەش بنیاتنانی ژیانی كۆمەڵگەیەك لە سەر زەمین، لە سەر بناغەی پتەوو دامەزراو، شتێكی حەتمیەو دەبێ بكرێت! بێگومان ئەو هەوڵدانە ئیسلامیانەی كە بۆ بڵاوكردنەوەی دادپەروەریی لە نێوخەڵكیدا دراون، هەتا ئەم ساتەش لە هەموو هەوڵدانێكیتر ڕاسترو جیددییتربووەو لە هەموو هەوڵدانێكیتریش تێكۆشانی لەپێناودا زیاتركراوە، هەتا پێش پەیدابوونی (ماركسیزم) گەورەترین و بە هێزترین ڕەنجدانی هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلام لەو بارەیەوە لە ماركسیزم جیاوازە.. ئیسلام دەڵێ: هەموو هەڵسوكەوت و ڕووداوێكی ئەم ژیانەی دونیا دوو ڕێژگەی هەیەو لەبەر دوو ڕۆشناییدا تەماشادەكرێتەوە، هەموو جوڵانەوەیەك كە مرۆڤ پێی هەڵدەستێ (لەگەڵ جووڵانەوەیتردا) لە هەر دوو جیهاندا ڕێكدەكەوێ و پێكەوە دەگونجێن. ئەو ڕێبازەی بۆ كاروباری بەردەوامی دونیایی دەگیرێتەبەر شانۆیەكە، كە ئەو كردەوانەی لێرە پیشاندەدرێن،

کە کۆمەڵ کردوونی و لە هەمان کاتیشدا بریتیە لە کۆمەڵێك کردەوەی تەنهای لێك جیاواز، کە لە ڕۆژی دواییدا لە یەك یەکی تاکەکانی کۆمەڵ دەربارەی هەرچی شتێك کە کردویانە دەپرسرێتەوە، واتە هەموو هەڵسوکەوت و ئیشێك کە لەم دنیایەدا ئەنجامێکی هەیە لە جۆرێکی جیاواز، لەو دونیاش ئەنجامێکیتری هەیە لە جۆرێکیتر.. بە شێوەیەکیتر بڵێین: هەموو ئیشێك نرخ و کێشی سەربەخۆی خۆی هەیەو دەکێشرێت. هەروەها لە لایەنی پێشخستنی مێژوشەوە نرخ و کێشێکیتریشی هەیە.. کابرایەکی میتافیزیکیی دەتوانێ بڵێ ئەم جۆرە حوکمدانە بەسەر ئەو هەڵسوکەوتانەی دەکرێن نزیکترە لە ڕاستی مەوزوعییەوەو نزیکتریشە لەم ژیانەی مرۆڤی تێدایەو مرۆڤی لێ پێکهاتووە، هەروەها لەو ژیانەش کە مێژووی ژیانی ئێمەی لێ پێکدێت. چونکە شتێکی هەڵەیە ئەگەر تەنها لە لایەنێکەوە کە ئینکاری بوونی خوورەوشت بکات کە بەردەوام لە سەر زەمین هەیە.. مێژوش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە خۆی مانایەکی بێسنووری هەیە.

هەروەها ئەوەندە هەیە کە زۆر پێوەرو هەڵسەنگاندنیتر هەیە کە بڵندترە لە واقیعی ئەو کاروانە ڕووداوانەی مێژوویان لێ پێکدێت. دەشتوانرێت، بگرە پێویستیشە هەر بەم پێوەرو هەڵسەنگاندنە

حوكم بەسەر ڕووداوە مێژووییەکانا بدرێت، کە هەر خۆشی لە ڕاستییدا (لە فیکرەی ئیسلامییدا) وا حوکم دەدرێت.

تێگەیشتنی ئیسلام لە دەروونی موسوڵمانەکاندا هەر بەو شێوەیە بوو..

ئەنجامی ئەم تێگەیشتنەش بە سەرەکیی و لقەکانییەوە، بوو بەو سیفەتەی کۆمەڵگەی ئیسلامی پێناسراو، بوو بە ڕێگەیەکی تایبەتی موسوڵمانەکان کە لە کۆمەڵگەکانیتری جوێدەکردنەوە، چ پێش هاتنی ئیسلام بوو بن، چ لە پاش هاتنی ئیسلام، هەر وەکو کە هەموو مێژنووسەکان تۆماریانکردووە چ موسوڵمان بووبن، چ ڕۆژهەڵاتناسەکان. یەکێك لەو سیفەتانەی ئەو کۆمەڵگەیەی پێ دەناسرایەوە، ئەوە بوو کە ئەمانە ملکەچی فەرمانی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا بوون ﷺ بێئەوەی سستیی و ڕاڕایی و چەندو چوونیان ببێت. ئیتر جیاوازی نێوان تاکەکانی ئەم کۆمەڵە لە مەودای تەقواکارییدا (چەندێتی ملکەچکردنیان بۆ فەرمانەکانی خوای گەورەو پێغەمبەر ﷺ) دەمایەوە، کە ئەمەش دەکەوتە سەرلاوازیی و بەتینیی ئەو موسوڵمانە خۆی، کە تا چ ڕادەیەك دەهێڵێ دڵ و دەروونی بگاتە ئەو ئاستە بەرزەی کە پێویستە بیگاتێ. بەڵام نە ئەوەی پێشوو نە ئەمەشیان ئەوە ناگرێتەوە کە ئەم کۆمەڵگایە دیاردە سەرەکیەکانی

خۆی گۆڕیووە. ئەمەش شتێکە کە هەر یەك لەوانەی لە نێوان موسوڵمانانندا دەژین و ئەوانەی لە دەرەوەی ئەم کۆمەڵەوە تەماشای دەکەن و تۆماری دەکەن، هەر وەکو کە لێکۆڵەرەوەکانی مێژو تۆماری دەکەن و سەرنچدەدەنە ئەوە، کە سیفەتی سەرەکی ئەو کۆمەڵگەیە هەر ئەو تەقواکارییەیە.. لە کۆمەڵگەیەکیتری غەیری کۆمەڵگەی ئیسلامییدا ڕووینەداوە کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەیەک خەریکی بەجێهێنان و راپەڕاندنی فەرمانەکانی خوای گەورە بن و هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی وا بدەن، کە لە سەر فەرمانی خوایی دابمەزرێ! کە ئەمەش سەرەنجامی باوەڕی پتەوی ئەو تاکانەیە، باوەڕێکی وا کە بە قوڵایی دڵ و دەروونندا ڕۆچووبێت. هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە هەر بە سروشتی موسوڵمانبوون و دینداریی خۆی وا هەستدەکات کە لێ پرسراوێتیەکی لەسەرشانەو مومکیننییە لە گەردنی خۆیی داماڵێت، یا هەوڵبدات موناقەشەی لەسەربکات. تەنانەت لەو کاتانەشدا کە باوەڕ لە دڵ و دەروونیدا لاوازدەبێت، یا لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیدا هەست بە تەمەڵیی دەکات، ئەم جۆرە تەمەڵیی و لاوازییەش خاوەنەکەی دانی پێدادەنێت لە کاروباریشیدا نالێ کە ڕای خۆی و حوکمی خۆی لە حوکمی خوای گەورە یا حوکمی پێغەمبەر ﷺ باشترە.

هەموو تاکێك هەستدەکات کە لێپرسراوەو دەبێ ملکەچ و ڕاپەڕێنەری فەرمانەکانی خوای گەورە بێت، هەستدەکات کە دەبێ تەعلیماتەکانی ئیسلام لە خۆی و موسوڵمانەکانی دەورەبەریدا ڕاپەڕێنێت و جێبەجێیانبکات، لێپرسراوە لەوەی کە دەبێ ڕەوشتی وابێت کە خوای گەورە و پێغەمبەری خوا ﷺ دەیانەوێت، نەك هەر لە ئیشە گەورەکانییدا، بەڵکو لە بچوکترین و ووردترین مەسەلەشدا، وەك: سڵاوکردن، چۆنێتی دانیشتن، ڕۆیشتن، تەنانەت چۆنێتی ڕاگرتنی پاکوخاوێنی دەم ودانیشی! چونکە دوایی کە شارەزاتر دەبێ و لە ئاینەکەی دڵنیا دەبێ، لە قوڵایی دڵ و دەروونیەوە هەستدەکات کە ئەرکە ئیسلامیەکان گەورەو بچووکییان تێدانییە، پێویست و نا پێویستیان نییە، مەگەر ئەوەی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە مەودای عەزیمەت و ڕوخسەتدا، ڕێیدابن و سەرپشك (موخەییر)ی کردبن.. ئیتر ئەو کاتە دەمێنەوە خۆی و توانای خۆی، ئەو ئەرکانەش کە دەق (نص)ی قورئان، یان دەقی حەدیسیان لەسەرە، ئەوە بۆ گوێڕایەڵییکردن و جێبەجێکردنن، جێبەجێکردنێکی ڕاست کە لەگەڵ باوەڕدا بگونجێت. باوەڕێکی وا کە دڵنیابێت لەوەی کە ئەگەر کەسێك ئەو ئەرکانەی بە بنج و لقەوە بەو شێوەیەی کە خوای گەورەو پێغەمبەری خوا ﷺ دیاریانکردووە جێبەجێنەکرد، بە موسوڵمان ناژمێررێت.. لەم حوکمەشدا سیواکدبەکارهێنان و

جیهادی گۆڕەپانی شەڕ، چوونیەکن. چونکە جارێکیان موسوڵمانەکان ئەم دوو مەسەلەیەیان هێندە پێکەوە گرتبوو، کاتێك (لە یەکێك لە غەزاکاندا) کە سەرکەوتنەکەیان درەنگ وەدەستهێنا، بەوە لێکیاندایەوە کە زۆربەیان سیواکیان بەکارنەهێناوە! بۆیە ئیتر هەندێکیان ئەوانیتریان وەبیردێنایەوە کە یەکێك لە ئەرکەکانی سەرشانیان وازلێهێناوە، پێویستە جێبەجێیبکەن تا خوای گەورە سەرکەوتنیان پێ ببەخشێت.

سەرچاوەی لێوەرگرتنی خووڕەوشت، فەرمایشتی خوای گەورەیە، یا فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ هەموو تاکێکی موسوڵمان وا هەستدەکات کە ئەرکێکی دەربارەی خۆی لەسەر شانەو ئەرکێکیتریشی لەسەر شانە، کە دەربارەی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تیایدا دەژی. ئەو ئەرکەی لەسەر شانێتی و دەربارەی خۆیەتی وەکو ووتمان، بریتییە لەوەی هەست و سۆزو بیرو هۆش و خووڕەوشتی وا لێبکات دیمەنێکی ئیسلام بن، بە گوێرەی توانای خۆی وەکو ئەو شێوە ئیسلامییە بن، کە قورئان و فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ دیاریانکردووە، دەبێ خەڵکی خۆشبوێت و رقی لێان نەبێتەوە، نابێت غەیبەتیانبکات، نابێت ناوو ناتۆرەیان لێبنێت، یا زیانیان پێبگەیێنێت، نابێت دەستدرێژی بکاتە سەر سامان و خوێن و ناموسیان، دەبێت دڵسۆزی خۆی بە

ئامۆژگاریی و قسەی جوان و خۆشەویستیی و برایەتیی بنوێنێت. دەبێت ئاگاداری فەرمانەکانی خوای گەورە بێت لە هەموو ئیشێکدا کە دەخرێتە بەردەستی، دەبێ فێڵنەکات، هەڵنەخەڵەتێنێت، دزینەکات، ماڵی کەس داگیرنەکات، تەمەڵیی و سستیی لە ئیش و کاردا نەکات، مادام توانای هەبێت.. دەبێ ئەمانەتی خوای گەورە بپارێزێت، کە ئەمەش زۆر جۆری هەیە، وەك: ئەمانەتی باوەڕ بە خوای گەورە، قەناعەتکردن بە یەکبوونی خوای گەورە، دەبێت ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە بێت، لە هەموو بەشەکانی ژیانییدا هەر ئاوا خۆی رابهێنێت کە بە پێی تەعلیماتی ئاینەکەی دەڕوات بەڕێوە.. چ لە پەرستنەکاندا بێت، چ لە سەوداو مامەڵەو هەڵسوکەوت و ئەرکەکانی تری سەرشانیدا بێت، کە دەربارەی ئەو کۆمەڵگەیەن کە تیایدا دەژی، وەك ئەوەی کە دەبێت هاریکاریان لە گەڵدا بکات و هەست بە بەشە لێپرسراوێتی خۆی لە بنیاتنانی کۆمەڵگەکەی لەسەر بناغەیەکی پاك و پتەوی ئیسلامی بکات.. نابێ هەر ئەوەندە بێت کە خۆی چاکبکات و ببێتە نموونەیەکی باشی موسوڵمانێتی، بەڵکو دەبێ ـبۆ ئەوەی باوەڕو ئیسلامەتیەکەی ڕاست و تەواوترکات_ هەوڵبدات کە کۆمەڵگەکەشی شێوەیەکی پاك و ڕاستی ئیسلام بن. دەبێت لە پێناوی ئەم مەبەستەشدا بەرامبەر هەرچیی ناڕەحەتیی و ناخۆشیی هەیە، خۆڕاگربێت.

دەبێت هەموو تاکێکی موسوڵمان چ پیاو بێت و چ ئافرەت، هەست بکات کە ئەمە ئەرکی سەرشانێتی، دەربارەی خۆیان و دەربارەی کۆمەڵگەکەیان. ناکرێت تەمەڵی و سستی و ڕاڕایی و دوودڵی تێدا بنوێنێت.

ئا لەم ڕوانگەیەوەیە بوو کە کۆمەڵگەی یەکەمی ئیسلامی هەموو ئەندامەکانی بریتی بوون لەو شێوە نموونەییە پاك و بەرزە. پاك لە خووڕەوشتدا، لە سیاسەتدا، لە دابونەریتدا، لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکاندا، لە چالاکیە فیکری و ڕۆحیی و کردەوەیی و جەنگییەکاندا، لە هەموو لایەنەکانیتری ژیاندا.. موسوڵمان وای هەستنەکردووە کاتێ کە خوای گەورە دەپەرستێت، خواپەرستیەکەی هەر لە نێوان خۆی و خوای گەورە دایەو بەس، پاشانیش بڕوات و خووڕەوشتی کردەوەیی چۆن بۆ لوا، یان کۆمەڵگەکەی چۆن بۆی لواند، وابکات! هەر وەکو کە ئەو هەستە بەرزەی کردووە، کە ناشێت و نابێت و ئەستەمە واز لە کۆمەڵگەکەی بهێنێت و لە ئیسلام لابدات.

هەروەها وەنەبێت ئافرەتێکی موسوڵمان وای هەستکردبێت، کە کاتێ کە خوای گەورە دەپەرستێت لە نێوان خۆی و خوای گەورەدایەو بەس، پاشانیش بڕوات و سیماو دیمەن و ڕواڵەتیی، یان

رەفتارو رەوشتیی لە جلوبەرگ و خۆرازاندنەوەو هەڵسوکەوت و تێکەڵبوونیی لەگەڵ پیاواندا، یان لە شێوەی بیرکردنەوەو هەست و سۆزییدا، چۆنی بۆ لوا، یان کۆمەڵگەکەی چۆنی بۆ دەلواند، وایکردبێت! هەروەها وا هەستینەکردووە کە مومکین دەبێت، واز لە کۆمەڵگەکەی بهێنێت و هەقی نەبێت کە لە ئیسلام لا دەدات یا لانادات، با بەرەڵا بێت کەیفی خۆیەتی! بەڵکو ژن و پیاوی موسوڵمان هەردووکیان وا هەستیاندەکرد کە موسوڵمانێتییەکەیان ئەرکی لێپرسراوێتییەکی گەورەو قورسیان دەخاتە سەرشان، چ بەرامبەر خۆیان، چ بەرامبەر کۆمەڵگەکەیان، وای لێدەکردن کە دەبێ هەمیشە ئاگادار بن، نەوەکا گوناهێکی بچووك یا گەورە بێ بەسەر خۆیاندا، یا بەسەر کۆمەڵگەکەیاندا. ئاگادارییەکی وا کە لە هەموو کاروبارێکی هەر یەکەیاندا تاك وا هەستبکات کە مادام خوای گەورە لێی دەپرسێتەوە، کەوابوو دەبێت ئەم پێشتر لە خۆی بپرسێتەوە، ئا بەوەش موسوڵمان بوون.

ئەنجامی ئەم هەستکردنە ئیسلامییە بوو وایکرد کە کۆمەڵەو کۆمەڵگە موسوڵمانەکە دڵنیابن لەوەی مادام ملکەچی خوای گەورەو شوێنکەوتووی شەریعەتەکەیی و ڕاپەڕێنەری فەرمانەکانین، تەنها ئەوان بەهێزترین دەسەڵاتی سەرزەمینن و تەنها ئەوانیشن کە دەبێ جڵەوی حوکمکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگرنەدەست و

فەرماندەیّتی لە سەر ئەو ڕێبازە پیرۆزەو بە پێی ئەو بەرنامەیەی خوای گەورە بکەن.. لەبەر ئەمە بوو هیچ بەراوردێك لە نێوان ئەم کۆمەڵ و کۆمەڵگەو مرۆڤیتری سەرزەمین _کە ڕێنمایی خوای گەورەییان نیە_ نەدەکرا! لە هەموو ڕووەکانی بوونی هێزی ماددیی و مەعنەوییەوە.. خۆ ئەگەر شێوەیەکی بەراوردکردن لە حسابیاندا ببوایە، وەك دەربارەی ژمارەی ئەندام و هێزی چەك و هێزی زانین و هێزی شارستانێتیی، یا هێزی ڕێکخستن، یا هەر شێوەیەکیتری ئەم جۆرە هێزە ماددیی و مەعنەوییانە، ئەگەر بکەوتنایەتە حسابیانەوە، حەتمەن تووشی چاوترسان دەبوون و تێکدەشکان، بگرە نەیاندەتوانی هەر بیر لە بزوتنەوەش بکەنەوە، چونکە هەر خۆیان لە ناوخۆیاندا دەبەزین و لە خۆوە هەستیان بەکەمیی و لاوازیی و زەلیلیی دەکردا!

تەنها حسابیان بۆ شتێك دەکرد، ئەویش ئەو ڕاستیەبوو کە هەموو ڕاستیەکیتری لێوە وەردەگیرێ: کە ئەوان موسوڵمانن، ملکەچ و گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەری خوان ﷺ کەوابوو هەر ئەوانن سەرکەوتوو! ئیتر هەموو هێزێکی سەرزەمین کە بەرامبەریانە لاوازەو خۆناگرێت! بەڕاستی هەر واش بوو.. لە ڕاستیدا چونکە ئەوان ملکەچ و گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا بوون ﷺ هەر ئەوان

بوونه ئەو هێزە بە هێزەی سەر زەمین، کە توانی دەسەڵاتی سەر زەمین بگرێتەدەست و توانیشی فەرماندەیی و ڕابەڕێتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە سەر ئەو ڕێبازە پیرۆزە خواییە بکات. وەنەبێ بەرهەمی ئەم هەستکردنەش تەنها ڕزگارکردنە جەنگییەکان بووبێت، ئەگەرچی جەنگ و جیهادەکە خۆی لەخۆیدا لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا دیاردەیەکی سەرسووڕهێنەربوو، بەڵکو ئیسلام بریتییبوو لە (بزوتنەوە)یەکی بەهێز، کە هەر وا بە زیندوییەکی بێوێنەوە بەهەموو لایەکدا پەرەیسەند..

ئەو سیستمی شارستانێتیەی ئیسلام لە ڕێگایدا سازیکرد، زۆری پێ نەچوو هەمووی ـبە پێی پرۆگرامێکی تایبەتی سەربەخۆـ واقیعەکەی گرتەخۆی. پرۆگرامێکی گونجاوی دەربارەی واقیع دانا، بەوەی کە ئەوانەی لەگەڵ ئیسلامدا دەگونجا، وەریدەگرت و ئەوانەی لەگەڵیشیدا نەدەگونجا ڕەفزی دەکردەوە، یان ڕاستیدەکردەوەو وای لێدەکرد کە لەگەڵ خۆیدا بیگونجێنێت. ئەمەش بە پێی سروشت و بیرو هۆشە تایبەتیی و پێوەرە ئەسڵییەکەی خۆیبوو. بۆیە هەر بە ماوەیەکی کەم هەمووی بووە شارستانێتی ئیسلامی سەربەخۆی خۆی.. ئەم شێوەیەش بوو کە موسوڵمانەکان بۆ هەرجێیەکی ئەو وڵاتانە دەچوون کە ڕزگاریاندەکردن، ئەم سیما شارستانێتیەی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد.. هەر جۆرە (زانستی)یەك کە ئیسلام

لەو وولاتانەیدا تووشیدەهات، زۆری پێ نەدەچوو، ئەو بەشەی ڕاستبوایە وەریدەگرت و بە لێکۆڵینەوەو فراوانکردن، زیادیدەکردو ڕواڵەتی تایبەتیی ئیسلامیی خۆیی دەکرد بە بەریداو دەیکردە زانستیەکی ئیسلامیی.. پاشان ئیسلام هەر بەو شێوە ئیسلامییەی خۆی بە هەموو ئەو وولاتانەی کە موسوڵمانان دەیگەیشتنێ، بڵاویدەکردەوە. ئەوجا نەك هەر موسوڵمانەکان، بەڵکو هەموو کەسێکیتری سەرزەمین _کە حەزی لە وەرگرتنی زانست بکردایە_ وەریدەگرت.

ڕۆژهەڵاتناس (جیبب) لە کتێبەکەیا (ئاڕاستە تازەکانی ئیسلام Moderen Trendsin Islam)ا دەڵێ: لەو بڕوایەدام کە هەموو ڕایەك لەسەر ئەوەیە کە ئەو تێبینیەووردبینیانەی لێکۆڵەرەوە موسوڵمانەکان دەیانکرد، زۆر یارمەتی پێشخستنی زانستییدا، یارمەتیەکی هەستپێکراوەو ئاشکرایە. هەر لە ڕێگای ئەو تێبینییە ووردبینیانەشەوە بوو کە پرۆگرامی تاقیکردنەوەی (المنهج التجريبی) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گەیشتە ئەوروپا.

ڕۆژهەڵاتناس (بریفۆڵت)یش لە کتێبەکەیدا (بنیاتنانی مرۆڤایەتی Making of humanity) دەڵێ: گەورەترین شتێك کە شارستانێتی عەرەب بۆ جهانی نوێ هێنای، زانست بوو. ئەوەی کە ژیانی کردەوە

بەبەر ئەوروپادا تەنها زانستنەبوو، بەڵكو گەلێك هۆی كاریگەریتریش هەبوو لە هۆكارە كاریگەرەكانی شارستانێتی ئیسلامی، كە گەیشتە ئەوروپاو ژیانی بۆ ڕووناككردنەوە. هیچ لایەنێكی پێشكەوتووی ئەوروپایی نییە سەرچاوەكەی بە شێوەیەكی تەواو نەگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنبیریی ئیسلامی! ئەم كارتێكردنە زۆر ڕوون و ئاشكرایەو لە پەیدابوونی ئەو ووزەیەدا دەردەكەوێت كە جیهانی نوێی ئەمڕۆ كردوێتی بە هێزێكی نەگۆڕی جیاواز. هەروەها لە سەرچاوەی ئەو هێزەوە دەردەكەوێ كە بووە هۆی پێشكەوتنی ئەوروپا، كە بریتییە لە زانیاری سروشتناسیی و رۆحیی و لێكۆڵینەوەی زانستییانە..

ئەم كۆمەڵە موسوڵمانەی باوەڕی بە خوای مەزن هێنابوو و ملكەچ و گوێڕایەڵی فەرمانەكانی بوو، گەلێكیتری خوو نەریتی ژیان و شێوازو بیروباوەڕیتری بڵاوكردەوە. هەرواش بە پتەویی و دامەزراویی لە بنیاتنانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییدا مایەوە، تەنانەت پاش ئەوەش كە فەرماندەیێتیی و رابەڕێتیی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی لەسەر ڕێبازێكی خوایی پیرۆز كە مێژونووسە ئەوروپاییە بە ویژدانەكانی خۆیان بڕیاریان لەسەرداوە، گەرچی ئیسلامیشیان بوغزاندووەو پیلانیان دژی داناوە، بەڵام ئێمە ناتوانین ئێستا شێوەی تەواویی ئەو تێگەیشتنە ئیسلامییە وەك كە لە مێشكی موسوڵمانانی یەكەمیندا چەسپیبوو، بەو شێوەیەی خۆی تێیناگەین و وەكو حەقیقەتی خۆشی هەستی

پێناکەین، تا لەگەڵ ئەم شێوە گشتیە ئیسلامەی باسمانکرد، شێوەیەکی واقیعیشی نەخوێنین، کە لە ژیانێکی ئیسلامی تەواودا هاتبێتەدی، ئەمەش لەو نموونانەی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دەردەکەوێ کە لە سەرەتای ئیسلامدا هاتنەدی.

## چەند نموونەیەک
## لە کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە

لە بەندی پێشوودا ووتمان کە چەمکە گشتییەکانی ئیسلام وەکو خۆیان هەستپێناکرێن تا بە شێوەیەکی بەرجەستە لە ژیانی واقیعیانەی کۆمەڵگەیەکی موسوڵماندا نەبینرێن، کە بە ئیسلامەکە گۆشبووبن و هەر بە ئیسلامەکە رەفتارو رەوشت و قییەمی خۆیان دارِشتبێت و بزاوتی خۆیان هەر بە ئیسلامەکە سەررِاستانە کردبێت.

دەسپێکی ئاسایی و سروشتی یەکەمی نیشاندانی نموونەی کۆمەڵگە موسوڵمانەکەی یەکەم، ئەوەیە کە هەندێک بزاوت و هەڵوێست لە ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ و یاوەرانیەوە وەربگیرێت، کە لە ژیانی بەرزی خۆیاندا هەموو سیفەتە جوامێرییەکانی مرۆڤیان لە خۆیاندا سەلماندو چەسپاند و نموونەی نەمریان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمارکرد.

وەکو ووتم دەسپێکێکی ئاسایی و سروشتی ئەوەیە کە سەرەتا بە هەندێک هەڵوێستی نموونەیی پێغەمبەری خوا ﷺ بهێنینەوە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ نموونەی لوتکەی پارسەنگیەکەیە، بە تایبەتی کە هەر هەموو سات و ئانی ژیانی پیرۆزی ئەو لە پێشچاوی یاوەرانی بوو، تا ئیقتیداپێبکەن و بەردەوام بگەرِێنەوە سەر رەفتاری

نموونەیی جەنابی ﷺ ، تا _بە پێی توانای یەک بەیەکیان، لە خۆشیی و ناخۆشییدا، لە هێمنیی و سەختیدا_ وەکو جەنابی ﷺ بکەنەوە.

یاوەرانیش خوا لێیان رازی بێت لە ترۆپکی نموونەی بەشەرێتییدان، راستە دەگمەن و زۆر کەم وێنەن، بەڵام خۆ هەر بەشەرن.. هەر وەکو نەوەکانی تری مرۆڤن، بەڵام ئەوەی هەیە کە ئەم نەوە بەرێزە رۆحیان بەو نووره خواییە پاکبووبۆوە کە بە وەحی بۆ پێغەمبەری خوا پێشەوا ﷺ دەهات. وورەیان بەو فەرمانە خواییانە بەرزدەبۆوە، ئاوا گەیشتنە ئەو ئاستەی لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە هیچ شوێنێکی سەرزەمیندا، هیچ کۆمەڵە مرۆڤێک نەگەیشتەوە ئەویٚ. بۆیە ئەوان _بۆ موسوڵمانانی هەموو کات و شوێن و نەوەیەک _ ئەو ئاستە نموونەییەی پەروەردەکراوەن، کە هەموو _بە پێی تواناو هیممەتیان_ هەوڵدەدەن بگەنەوە نزیکی ئاستیان.

کەوابوو بۆ ئەوەی نموونەیەکی تەواوو ئاشکراو راشکاوی کۆمەڵگە ئیسلامییەکەی یەکەمینجار نیشانبدەین، هەر دەبی نموونە لە سیرەی پێغەمبەری خوا ﷺ یاوەرانی بهێنینەوە.

بەڵام ئێمە لەم کتێبەدا کە قسە لەسەر ئیسلامیی (شەعبیی) دەکەین، _ئەگەر ووشەی شەعبییەکەمان راست بێ_ ئەو ئیسلامەی کە لە هەموو تاکێک داواکراوە باوەڕی پێبهێنێت و پێوەی پابەند بێت،

بەو رادەیەیە کە هەموو تاکێک _ هەرچەند جیاوازی لەگەڵ ئەوانیتردا هەبێت_ دەتوانێت دینداریی پێوەبکات. بێگومان حساب بۆ لاوازیی مرۆڤ بە گشتیی و هەر تاکێکیش بە تەنیا کراوە، کە زۆر کەس وا لێدەکات نەگاتە لوتکە داواکراوەکە..

ئێمە لەم کتێبەدا نامانەوێت هەر ئەو نموونانە بهێنینەوە کە وێنەی کۆتایی و هەرەبالای بەشەرین، چ ئەوانەی لە مێژووی ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەیهێنینەوە، چ ئەوەی لە یاوەرانی بەڕێزیەوە. گومان لەوەدا نییە کە هەر کەسێکی بە ئینساف و دادپەروەر ئەم نموونانە ببینێت دەسبەجێ دان بە بەرزیی و بێوێنەیی ئەم نموونانەدا دەنێت و دەشزانێت کە ئەمە بەرهەمی ئیسلامەکەیە. ئەگینا خۆ ئەو یاوەرانە هەر ئەو عەرەبانە بوون کە ماوەی پێش موسوڵمانبوونیان لە جاهیلییەتەکەدا بردبووەسەر. سەیریش ئەوەیە کە جاری وا هەیە هەڵوێستە نموونەییەکە وەکو خۆی گێڕراوەتەوە بێ ئەوەی زۆر جەخت لە ناوو ژیانە کەسەکە کرابێتەوە! لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە جاری وا هەیە هەڵوێستەکە گێرراوەتەوەو زۆر جێی سەرسوڕمانە، کەچی ناوی بکەرەکەی نەگێڕراوەتەوە! چونکە ئەوە بە لاوە گرنگ بووە بسەلمێت کە ئەم هەڵوێستە بەرهەمی موسوڵمانبوون و دینداریەکەیە.

لەگەڵ نیشاندانی نموونە بەرزەکانی یەکەمین کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، نموونەی حاڵەتی لاوازی بەشەریش _هەر لەو یاوەرە بەڕێزانەدا_ دەخەینەبەرچاو، کە کەسانێک لەو لوتکە بەرزەی بە دینداریەکە گەیشتبوونێ، یان دەبوو بیگەنێ، لە ساتەوەختی بێئاگایی، یان لاوازیی دینداریدا کەوتوونەتەوەخوارێ. مەبەستیشمان ئەوەیە کە لە لایەکەوە وێنەیەکی واقیعیانەی هەموو حاڵەتەکانی ئەو کۆمەڵگە موسوڵمانە نیشانبدەین و لە لایەکیترەوە ئەوە نیشانبدەین کە ئیسلامەکە بەرنامەیەکی واقیعییانەیەو رووەوڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، بە هەموو پنتەکانی بەهێزیی و لاوازییەوە، هەم لە رووی دەروونییانەوەو هەم لە رووی ژیانی واقیعی رۆژانەیانەوە. تا بسەلمێت کە ئیسلام زیاد لە توانای مرۆڤەکان هیچی زیادەی فەرزنەکردووەو واشیدانەناوە کە هەر هەمووتان دەبێ بگەنە ئەو لوتکە داواکراوەی دینداریی و ناشبێ کە نەتانتوانن بیگەنێ کۆڵبدەن یان کە گەیشتنێ بهێڵن لێوەی بکەونەوەخوارەوە. ئیسلام نەیفەرمووە مادام ئێوە موسوڵمانبوون ئیتر دەبێ لە رادەی توانای مرۆڤ زیاتر ئەنجامبەن. یان بۆ ئەوەی بە موسوڵمان حسابتانبکەم دەبێ لە توناو ووزەی بەشەرییانەی خۆتان زیاتر رەنجبدەن! نا، ئیسلام وا رەفتاری لەگەڵ هەر یەکەیانداکرد کە مرۆڤە و هەر یەکەشیان توناو ووزەی تایبەت بە خۆیی هەیە. بۆیە ئەوەی لێیان داوادەکرێت. هەر ئەوەندەش داوا

دەكرێت كە مرۆڤ پێیدەكریَ.. لە لایەنی سێیەمیشەوە بۆ ئەوە بوو تا خەڵكەكە بزانن و ببینن كە چۆن ئیسلام رەفتار لەگەڵ كەسی لاوازی كۆمەڵگەكەی خۆیدا دەكات؟! چۆن هەر كاتێک كە گلان دڵسۆزانە هەڵیاندەسێنێتەوەو سەرلەنویَ هانیاندەداتەوە تا بەوەو لوتكەكە، كە (تەقواكاری) پێهەڵگرنەوە..

ئێستا هەندێک نموونە دەخەمە پێشچاو بێئەوەی بایەخم بە ریزكردنی هەڵوێستەكان دابێت:

نموونەی یەكەم: كابرای ئەعرابی و حوشترە بەلەسەكەی:

(جَاءَ أَعْرَابِيًّ يوما يطلب من رَسُولِ اللَّهِ شَيْئا فَأَعْطَاهُ. ثُمَّ قَالَ لَه: أَحْسَنْتُ إِلَيْكَ؟ قَالَ الْأَعْرَابِيُّ: لَا، وَلَا أَجْمَلْتَ. فَغَضِبَ الْمُسْلِمونَ ، وَقامُوا إِلَيْهِ . فَأَشَارَ إِلَيْهِمْ: أَنْ كُفُّوا. ثم دخل مَنْزِلِه وأرسل إِلَى الْأَعْرَابِيّ وزَادَهُ شيئا، فقَالَ: أَحْسَنْتُ إِلَيْكَ؟ قَالَ: نَعَمْ فَجَزَاكَ اللَّهُ مِنْ أَهْلٍ وَعَشِيرَةٍ خَيْرًا . فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِنَّكَ قُلْتَ مَا قُلْتَ وَفِي نَفْسِ أَصْحَابِي شَيْءٌ مِنْ ذَلِكَ، فَإِذَا أحببتَ فَقُلْ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ مَا قُلْتَ بَيْنَ يَدَيَّ حَتَّى يَذْهَبَ عَنْ صُدُورِهِمْ ما فيها عليك. قَالَ: نَعَمْ . قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِنَّ هذا الْأَعْرَابِيُّ قَالَ مَا قَالَ، فزدناهُ فَزَعَمَ أَنَّهُ رَضِيَ أَكَذَاكَ؟. فَقَالَ الْأَعْرَابِيُّ : نَعَمْ ، فَجَزَاكَ اللَّهُ مِنْ أَهْلٍ وَعَشِيرَةٍ خَيْرًا. فَقَالَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِنَّ مَثَلِي وَمَثَلَ هَذَا الْأَعْرَابِيِّ كَمَثَلِ

رَجُلٍ كَانَتْ لَهُ نَاقَةٌ شَرَدَتْ عَلَيْهِ، فَتبَعَهَا النَّاسُ فَلَمْ يَزِيدُوهَا إِلَّا نُفُورًا، فناداهم صَاحِبُ النَّاقَةِ: خَلُّوا بَيْنِي وَبَيْنَ نَاقَتِي فَأَنَا أَرْفَقُ بِهَا وَأَعْلَمُ، فَتَوَجَّهَ لَهَا صَاحِبُ النَّاقَةِ بين يئها فَأَخَذَ لَهَا مِنْ قُمَامِ الْأَرْضِ، فردها هونا هونا، حَتَّى جَاءَتْ وَاسْتَنَاخَتْ، وَشَدَّ عَلَيْهَا رَحْلَهَا وَاسْتَوَى عَلَيْهَا، وَأَنِّي لوتركتكم حَيْثُ قَالَ الرجل مَا قَالَ فقتلتموه دَخَلَ النَّارَ)[١] واته:

١ نووسەری بەڕێز ئەو بەسەرهاتەی هەر ئاوا هێناوەتەوە، بێئەوەی ئاماژە بە سەنەد یان سەرچاوەکەی بکات، بێئەوەی سەروبۆریشی پێوە بێت.. هەموو ریوایەتەکە ئاوایە: (أَنَّ أَعْرَابِيًّا جَاءَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ يَسْتَعِينُهُ فِي شَيْءٍ قَالَ عِكْرِمَةُ: أُرَاهُ فِي دَمٍ، فَأَعْطَاهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شَيْئًا ، ثُمَّ قَالَ: أَحْسَنْتُ إِلَيْكَ؟ قَالَ الْأَعْرَابِيُّ: لَا، وَلَا أَجْمَلْتَ. فَغَضِبَ بَعْضُ الْمُسْلِمِينَ، وَهَمُّوا أَنْ يَقُومُوا إِلَيْهِ . فَأَشَارَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَيْهِمْ: أَنْ كُفُّوا. فَلَمَّا قَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَبَلَغَ إِلَى مَنْزِلِهِ دَعَا الْأَعْرَابِيَّ إِلَى الْبَيْتِ، فَقَالَ لَه إِنَّكَ جِئْتَنَا، فَسَأَلْتَنَا فَأَعْطَيْنَاكَ، فَقُلْتَ مَا قُلْتَ. فَزَادَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شَيْئًا، فَقَالَ: أَحْسَنْتُ إِلَيْكَ؟ فَقَالَ الْأَعْرَابِيُّ: نَعَمْ فَجَزَاكَ اللَّهُ مِنْ أَهْلٍ وَعَشِيرٍ خَيْرًا. فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِنَّكَ كُنْتَ جِئْتَنَا فَسَأَلْتَنَا فَأَعْطَيْنَاكَ، فَقُلْتَ مَا قُلْتَ وَفِي نَفْسِ أَصْحَابِي عَلَيْكَ مِنْ ذَلِكَ شَيْءٌ ، فَإِذَا جِئْتَ فَقُلْ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ مَا قُلْتَ بَيْنَ يَدَيَّ حَتَّى يَذْهَبَ عَنْ صُدُورِهِمْ. قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: فَلَمَّا جَاءَ الْأَعْرَابِيُّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِنَّ صَاحِبَكُمْ كَانَ جَاءَنَا، فَسَأَلَنَا فَأَعْطَيْنَاهُ، فَقَالَ مَا قَالَ، وَإِنَّا قَدْ دَعَوْنَاهُ فَأَعْطَيْنَاهُ فَزَعَمَ أَنَّهُ قَدْ رَضِيَ أَكَذَاكَ؟ قَالَ الْأَعْرَابِيُّ: نَعَمْ، فَجَزَاكَ اللَّهُ مِنْ أَهْلٍ وَعَشِيرٍ خَيْرًا. قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِنَّ مَثَلِي وَمَثَلَ هَذَا الْأَعْرَابِيِّ كَمَثَلِ رَجُلٍ كَانَتْ لَهُ نَاقَةٌ فَشَرَدَتْ عَلَيْهِ، فَاتَّبَعَهَا النَّاسُ فَلَمْ يَزِيدُوهَا إِلَّا نُفُورًا، فَقَالَ صَاحِبُ النَّاقَةِ: خَلُّوا بَيْنِي وَبَيْنَ نَاقَتِي فَأَنَا أَرْفَقُ بِهَا وَأَعْلَمُ بِهَا، فَتَوَجَّهَ إِلَيْهَا صَاحِبُ النَّاقَةِ فَأَخَذَ لَهَا مِنْ قُشَامِ الْأَرْضِ، وَدَعَاهَا حَتَّى

رۆژێک ئەعرابییەک هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ ، داوای شتێکی لە سامان لێکرد، جەنابیشی پێی بەخشی، پاشان پێی فەرموو: کارێکی چاک بوو لەگەڵم کردیت؟ ئەعرابیەکە ووتی: ناوەڵا نە چاک بوو نە رەفتارێکی جوانیش بوو! موسوڵمانەکان تووڕەبوون، بۆی هەستان. پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی بۆکردن کە دانیشن هەقتان بەسەریەوە نەبێت. پاشان تەشریفی بردە ماڵی خۆیان و کابرای ئەعرابی بانگکردە ماڵەوەو سامانیتری دایە. ئینجا لێی پرسیەوە: کارێکی چاک بوو لەگەڵم کردیت؟ ئەعرابیەکە ووتی: بەڵی خوا پاداشتی خێرت بداتەوە، بە راستی کەسوکارو عەشرەتمانی. پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: ئەوەی پێشتر ووتت شتێکی لە دڵی یاوەرانمدا دروستکردووە، ئەگەر حەزدەکەیت ئەوەی لای من لێرە ووتت، لای ئەوانیش بیڵێرەوە. کابرای ئەعرابی ووتی: بەڵێ باشە. کاتی نیوەڕۆ پێغەمبەری خوا ﷺ رووی لە یاوەران کردو فەرمووی: ئەم ئەعرابییە پێشتر ئەوەی ووت کە زانیتان، دواتر سامانیترمان دایە، ئێستا وا دەزانێ ئەوەندەی کە وەریگرتووە بەسێتی و پێی رازییە. وایە؟ کابرای ئەعرابی ووتی: بەڵی

---

جَاءَتْ وَاسْتَجَابَتْ، وَشَدَّ عَلَيْهَا رَحْلَهَا وَاسْتَوَى عَلَيْهَا، وَلَوْ أَنِّي أَطَعْتُكُمْ حَيْثُ قَالَ مَا قَالَ دَخَلَ النَّارَ) بەیهیقی: مجمع الزوائد ومنبع الفوائد (١٤١٩٣)، القاضي عیاض: (الشفا ١/٢٥٣). توێژەرەوەکانی فەرمووده دەفەرموون بە هۆی هەبوونی ئیبراهیمی کوڕی حەکەم کوڕی ئەبانەوە لە سەنەدەکەیداکە (متروک الحديث)ە ریوایەتەکە زەعیفە.

وایە، خوای گەورە پاداشتی خێرت بداتەوە، بە راستی کەسوکارو عەشرەتمانی. پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: حاڵی من و ئەم ئەعرابییە وەکو ئەوەیە کابرایەک حوشترەکەی لێ بەرەڵا بووبێت و خەڵکەکە کەوتبنە دوای تا بۆ یبگرنەوە، بەڵام زیاتر لێی بەلەسە دەکەن، خاوەن حوشتر هاواریان لێ دەکا، کاکە بۆ خۆمی لێیگەڕێن، خۆم دڵسۆزترم بۆی و شارەزای تەبیعەتیم، چنگە گیایەکی لە زەویەکە گرت بە دەستیەوەو بەرەوە حوشترەکەی چوو، هێدی هێدیی گرتیەوەو بارەکەی لێنایەوەو سواربوو، رۆیشت. منیش ئەگەر لە سەرەتاوە لێتان گەڕامایە بەرامبەر کابرا چیتان پێ باشە بیکەن، دەتانکوشت، سەرەنجامیش دەچووە ئاگری دۆزەخەوە..

## نموونەی دووەم: سێ دواکەوتووەکەی غەزای تەبووک:

ئیمامی ئەحمەدو بوخاری و موسلیم لە زوهرییەوە، ئەویش لە عبدالرحمانی کوڕی کەعبی کوڕی مالیکەوە، ئەویش لە عبداللەی کوڕی کەعبی کوڕی مالیکەوە (کە چاوساغی باوکی بوو) گێڕاوێتییەوە: (سَمِعْتُ كَعْبَ بْنَ مَالِكٍ يُحَدِّثُ حَدِيثَهُ حِينَ تَخَلَّفَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي غَزْوَةِ تَبُوكَ، فَقَالَ كَعْبُ بْنُ مَالِكٍ :لَمْ أَتَخَلَّفْ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي غَزَاةٍ غَيْرِهَا قَطُّ إِلَّا فِي غَزْوَةِ تَبُوكَ، غَيْرَ أَنِّي كُنْتُ تَخَلَّفْتُ فِي غَزَاةِ بَدْرٍ، وَلَمْ يُعَاتَبْ أَحَدٌ تَخَلَّفَ عَنْهَا،

وَإِنَّمَا خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُرِيدُ عِيرَ قُرَيْشٍ، حَتَّى جَمَعَ اللَّهُ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ عَدُوِّهِمْ عَلَى غَيْرِ مِيعَادٍ، وَلَقَدْ شَهِدْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَيْلَةَ الْعَقَبَةِ حِينَ تَوَافَقْنَا عَلَى الْإِسْلَامِ، وَمَا أُحِبُّ أَنَّ لِي بِهَا مَشْهَدَ بَدْرٍ، وَإِنْ كَانَتْ بَدْرٌ أَذْكَرَ فِي النَّاسِ مِنْهَا وَأَشْهَرَ، وَكَانَ مِنْ خَبَرِي حِينَ تَخَلَّفْتُ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي غَزْوَةِ تَبُوكَ أَنِّي لَمْ أَكُنْ قَطُّ أَقْوَى وَلَا أَيْسَرَ مِنِّي حِينَ تَخَلَّفْتُ عَنْهُ فِي تِلْكَ الْغَزَاةِ، وَاللَّهِ مَا جَمَعْتُ قَبْلَهَا رَاحِلَتَيْنِ قَطُّ حَتَّى جَمَعْتُهُمَا فِي تِلْكَ الْغَزَاةِ، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَلَّمَا يُرِيدُ غَزْوَةً يَغْزُوهَا إِلَّا وَرَّى بِغَيْرِهَا، حَتَّى كَانَتْ تِلْكَ الْغَزْوَةُ فَغَزَاهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي حَرٍّ شَدِيدٍ، وَاسْتَقْبَلَ سَفَرًا بَعِيدًا وَمَفَازًا، وَاسْتَقْبَلَ عَدُوًّا كَثِيرًا فَجَلَّى لِلْمُسْلِمِينَ أَمْرَهُمْ لِيَتَأَهَّبُوا أُهْبَةَ عَدُوِّهِمْ، فَأَخْبَرَهُمْ وَجْهَهُ الَّذِي يُرِيدُ، وَالْمُسْلِمُونَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَثِيرٌ، لَا يَجْمَعُهُمْ كِتَابٌ حَافِظٌ - يُرِيدُ الدِّيوَانَ - فَقَالَ كَعْبٌ: فَقَلَّ رَجُلٌ يُرِيدُ أَنْ يَتَغَيَّبَ إِلَّا ظَنَّ أَنَّ ذَلِكَ سَيَخْفَى لَهُ مَا لَمْ يَنْزِلْ فِيهِ وَحْيٌ مِنَ اللَّهِ، عَزَّ وَجَلَّ، وَغَزَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تِلْكَ الْغَزَاةَ حِينَ طَابَتِ الثِّمَارُ وَالظِّلُّ، وَأَنَا إِلَيْهَا أَصْعَرُ. فَتَجَهَّزَ إِلَيْهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَالْمُؤْمِنُونَ مَعَهُ، وَطَفِقْتُ أَغْدُو لِكَيْ أَتَجَهَّزَ مَعَهُمْ، فَأَرْجِعُ وَلَمْ أَقْضِ مِنْ جِهَازِي شَيْئًا، فَأَقُولُ لِنَفْسِي: أَنَا قَادِرٌ عَلَى ذَلِكَ إِذَا أَرَدْتُ، فَلَمْ يَزَلْ ذَلِكَ يَتَمَادَى بِي حَتَّى شَمَّرَ بِالنَّاسِ الْجِدُّ، فَأَصْبَحَ رَسُولُ اللَّهِ

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ غَادِيًا وَالْمُسْلِمُونَ مَعَهُ، وَلَمْ أَقْضِ مِنْ جِهَازِي شَيْئًا، وَقُلْتُ: الْجِهَازُ بَعْدَ يَوْمٍ أَوْ يَوْمَيْنِ ثُمَّ أَلْحَقُهُ فَغَدَوْتُ بَعْدَمَا فَصَلُوا لِأَتَجَهَّزَ، فَرَجَعْتُ وَلَمْ أَقْضِ شَيْئًا مِنْ جِهَازِي. ثُمَّ غَدَوْتُ فَرَجَعْتُ وَلَمْ أَقْضِ شَيْئًا، فَلَمْ يَزَلْ [ذَلِكَ] يَتَمَادَى بِي حَتَّى أَسْرَعُوا وَتَفَارَطَ الْغَزْوُ، فَهَمَمْتُ أَنْ أَرْتَحِلَ فَأُدْرِكَهُمْ - وَلَيْتَ أَنِّي فَعَلْتُ - ثُمَّ لَمْ يُقَدَّرْ ذَلِكَ لِي، فَطَفِقْتُ إِذَا خَرَجْتُ فِي النَّاسِ بَعْدَ [خُرُوجِ] رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ [فَطُفْتُ فِيهِمْ] يُحْزِنُنِي أَلَّا أَرَى إِلَّا رَجُلًا مَغْمُوصًا عَلَيْهِ فِي النِّفَاقِ، أَوْ رَجُلًا مِمَّنْ عَذَرَهُ اللَّهُ، عَزَّ وَجَلَّ، وَلَمْ يَذْكُرْنِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى بَلَغَ تَبُوكَ، فَقَالَ وَهُوَ جَالِسٌ فِي الْقَوْمِ بِتَبُوكَ: مَا فَعَلَ كَعْبُ بْنُ مَالِكٍ ؟ قَالَ رَجُلٌ مِنْ بَنِي سَلَمَةَ: حَبَسَهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ بُرْدَاهُ، وَالنَّظَرُ فِي عِطْفَيْهِ فَقَالَ لَهُ مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ: بِئْسَمَا قُلْتَ ! وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ إِلَّا خَيْرًا ! فَسَكَتَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ كَعْبُ بْنُ مَالِكٍ :فَلَمَّا بَلَغَنِي أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدْ تَوَجَّهَ قَافِلًا مِنْ تَبُوكَ حَضَرَنِي بَثِّي فَطَفِقْتُ أَتَذَكَّرُ الْكَذِبَ، وَأَقُولُ: بِمَاذَا أَخْرُجُ مِنْ سُخْطِهِ غَدًا؟ أَسْتَعِينُ عَلَى ذَلِكَ كُلَّ ذِي رَأْيٍ مِنْ أَهْلِي. فَلَمَّا قِيلَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدْ أَظَلَّ قَادِمًا، زَاحَ عَنِّي الْبَاطِلُ وَعَرَفْتُ أَنِّي لَمْ أَنْجُ مِنْهُ بِشَيْءٍ أَبَدًا. فَأَجْمَعْتُ صِدْقَهُ، وَصَبَّحَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَكَانَ إِذَا قَدِمَ مِنْ سَفَرٍ بَدَأَ بِالْمَسْجِدِ فَرَكَعَ فِيهِ رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ جَلَسَ لِلنَّاسِ.

فَلَمَّا فَعَلَ ذَلِكَ جَاءَهُ الْمُتَخَلِّفُونَ فَطَفِقُوا يَعْتَذِرُونَ إِلَيْهِ وَيَحْلِفُونَ لَهُ - وَكَانُوا بِضْعَةً وَثَمَانِينَ رَجُلًا - فَقَبِلَ مِنْهُمْ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَانِيَتَهُمْ وَيَسْتَغْفِرُ لَهُمْ، وَيَكِلُ سَرَائِرَهُمْ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى، حَتَّى جِئْتُ، فَلَمَّا سَلَّمْتُ عَلَيْهِ تَبَسَّمَ تَبَسُّمَ الْمُغْضَبِ، ثُمَّ قَالَ لِي: تَعَالَ، فَجِئْتُ أَمْشِي حَتَّى جَلَسْتُ بَيْنَ يَدَيْهِ، فَقَالَ لِي: مَا خَلَّفَكَ، أَلَمْ تَكُ قَدِ اشْتَرَيْتَ ظَهْرَكَ؟ قَالَ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي لَوْ جَلَسْتُ عِنْدَ غَيْرِكَ مِنْ أَهْلِ الدُّنْيَا لَرَأَيْتُ أَنْ أَخْرُجَ مِنْ سُخْطِهِ بِعُذْرٍ، لَقَدْ أُعْطِيتُ جَدَلًا وَلَكِنَّهُ وَاللَّهِ لَقَدْ عَلِمْتُ لَئِنْ حَدَّثْتُكَ الْيَوْمَ حَدِيثَ كَذِبٍترضَى بِهِ عَنِّي، لَيُوشِكَنَّ اللَّهُ يُسْخِطُكَ عَلِيَّ، وَلَئِنْ حَدَّثْتُكَ بِصِدْقٍ تَجِدُ عَلَيَّ فِيهِ، إِنِّي لَأَرْجُو أَقْرَبَ عُقْبَى ذَلِكَ [عَفْوًا] مِنَ اللَّهِ، عَزَّ وَجَلَّ وَاللَّهِ مَا كَانَ لِي عُذْرٌ، وَاللَّهِ مَا كُنْتُ قَطُّ أَفْرَغُ وَلَا أَيْسَرُ مِنِّي حِينَ تَخَلَّفْتُ عَنْكَ قَالَ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَمَّا هَذَا فَقَدَ صَدَقَ، فَقُمْ حَتَّى يَقْضِيَ اللَّهُ فِيكَ. فَقُمْتُ وَبَادَرَنِي رِجَالٌ مِنْ بَنِي سَلَمَةَ وَاتَّبَعُونِي، فَقَالُوا لِي: وَاللَّهِ مَا عَلِمْنَاكَ كُنْتَ أَذْنَبْتَ ذَنْبًا قَبْلَ هَذَا، وَلَقَدْ عَجَزْتَ أَلَّا تَكُونَ اعْتَذَرْتَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِمَا اعْتَذَرَ بِهِ الْمُتَخَلِّفُونَ فَقَدْ كَانَ كَافِيكَ [مِنْ ذَنْبِكَ] اسْتِغْفَارَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَكَ. قَالَ: فَوَاللَّهِ مَا زَالُوا يُؤَنِّبُونِي حَتَّى أَرَدْتُ أَنْ أَرْجِعَ فَأُكَذِّبَ نَفْسِي: قَالَ: ثُمَّ قُلْتُ لَهُمْ: هَلْ لَقِيَ هَذَا مَعِي أَحَدٌ؟ قَالُوا: نَعَمْ، [لَقِيَهُ مَعَكَ] رَجُلَانِ، قَالَا مَا قُلْتَ، وَقِيلَ لَهُمَا مِثْلَ مَا قِيلَ لَكَ. قُلْتُ: فَمَنْ هُمَا؟ قَالُوا: مُرَارَةُ

بْنُ الرَّبِيعِ الْعَامِرِيُّ، وَهِلَالُ بْنُ أُمَيَّةَ الْوَاقِفِيُّ. فَذَكَرُوا لِي رَجُلَيْنِ صَالِحَيْنِ قَدْ شَهِدَا بَدْرًا لِي فِيهِمَا أُسْوَةٌ. قَالَ: فَمَضَيْتُ حِينَ ذَكَرُوهُمَا لِي - قَالَ: وَنَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْمُسْلِمِينَ عَنْ كَلَامِنَا - أَيُّهَا الثَّلَاثَةُ - مِنْ بَيْنِ مَنْ تَخَلَّفَ عَنْهُ، فَاجْتَنَبَنَا النَّاسُ وَتَغَيَّرُوا لَنَا، حَتَّى تَنَكَّرَتْ لِي فِي نَفْسِي الْأَرْضُ، فَمَا هِيَ بِالْأَرْضِ الَّتِي كُنْتُ أَعْرِفُ، فَلَبِثْنَا عَلَى ذَلِكَ خَمْسِينَ لَيْلَةً. فَأَمَّا صَاحِبَايَ فَاسْتَكَانَا وَقَعَدَا فِي بُيُوتِهِمَا يَبْكِيَانِ، وَأَمَّا أَنَا فَكُنْتُ أَشَبَّ الْقَوْمِ وَأَجْلَدَهُمْ، فَكُنْتُ أَشْهَدُ الصَّلَاةَ مَعَ الْمُسْلِمِينَ، وَأَطُوفُ بِالْأَسْوَاقِ فَلَا يُكَلِّمُنِي أَحَدٌ، وَآتِي رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ فِي مَجْلِسِهِ بَعْدَ الصَّلَاةِ فَأُسَلِّمُ، وَأَقُولُ فِي نَفْسِي: حَرَّكَ شَفَتَيْهِ بِرَدِّ السَّلَامِ عَلَيَّ أَمْ لَا؟ ثُمَّ أُصَلِّي قَرِيبًا مِنْهُ، وَأُسَارِقُهُ النَّظَرَ، فَإِذَا أَقْبَلْتُ عَلَى صَلَاتِي نَظَرَ إِلَيَّ، فَإِذَا الْتَفَتُّ نَحْوَهُ أَعْرَضَ، حَتَّى إِذَا طَالَ عَلَيَّ ذَلِكَ مِنْ هَجْرِ الْمُسْلِمِينَ مَشَيْتُ حَتَّى تَسَوَّرْتُ حَائِطَ أَبِي قَتَادَةَ -وَهُوَ ابْنُ عَمِّي، وَأَحَبُّ النَّاسِ إِلَيَّ - فَسَلَّمْتُ عَلَيْهِ، فَوَاللَّهِ مَا رَدَّ عَلَيَّ السَّلَامَ، فَقُلْتُ لَهُ: يَا أَبَا قَتَادَةَ، أَنْشُدُكَ اللَّهَ: هَلْ تَعْلَمُ أَنِّي أُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ؟ قَالَ: فَسَكَتَ. قَالَ: فَعُدْتُ فَنَشَدْتُهُ [فَسَكَتَ، فَعُدْتُ فَنَشَدْتُهُ] فَقَالَ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ: فَفَاضَتْ عَيْنَايَ وَتَوَلَّيْتُ حَتَّى تَسَوَّرْتُ الْجِدَارَ. فَبَيْنَا أَنَا أَمْشِي بِسُوقِ الْمَدِينَةِ إِذَا نَبَطِيٌّ مِنْ أَنْبَاطِ الشَّامِ، مِمَّنْ قَدِمَ بِطَعَامٍ يَبِيعُهُ بِالْمَدِينَةِ يَقُولُ: مَنْ يَدُلُّ عَلَى كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ؟ قَالَ: فَطَفِقَ النَّاسُ يُشِيرُونَ لَهُ إِلَيَّ، حَتَّى جَاءَ فَدَفَعَ إِلَيَّ كِتَابًا مِنْ

مَلِكَ غَسَّانَ، وَكُنْتُ كَاتِبًا فَإِذَا فِيهِ: أَمَّا بَعْدُ، فَقَدْ بَلَغَنَا أَنَّ صَاحِبَكَ قَدْ جَفَاكَ وَلَمْ يَجْعَلْكَ اللَّهُ بِدَارِ هَوَانٍ وَلَا مَضْيَعَةٍ، فَالْحَقْ بِنَا نُوَاسِكَ. قَالَ: فَقُلْتُ حِينَ قَرَأْتُهَا: وَهَذَا أَيْضًا مِنَ الْبَلَاءِ. قَالَ: فَتَيَمَّمْتُ بِهِ التَّنُّورَ فَسَجَرْتُهُ حَتَّى إِذَا مَضَتْ أَرْبَعُونَ لَيْلَةً مِنَ الْخَمْسِينَ، إِذَا بِرَسُولِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَأْتِينِي، فَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَأْمُرُكَ أَنْ تَعْتَزِلَ امْرَأَتَكَ. قَالَ: فَقُلْتُ: أُطَلِّقُهَا أَمْ مَاذَا أَفْعَلُ؟ قَالَ: بَلِ اعْتَزِلْهَا وَلَا تَقْرَبْهَا. قَالَ: وَأَرْسَلَ إِلَى صَاحِبَيَّ بِمِثْلِ ذَلِكَ قَالَ: فَقُلْتُ لِامْرَأَتِي: الْحَقِي بِأَهْلِكِ، فَكُونِي عِنْدَهُمْ حَتَّى يَقْضِيَ اللَّهُ فِي هَذَا الْأَمْرِ. قَالَ: فَجَاءَتِ امْرَأَةُ هِلَالِ بْنِ أُمَيَّةَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَتْ لَهُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ هِلَالًا شَيْخٌ ضَائِعٌ لَيْسَ لَهُ خَادِمٌ، فَهَلْ تَكْرَهُ أَنْ أَخْدِمَهُ؟ قَالَ: لَا وَلَكِنْ لَا يَقْرَبَنَّكِ قَالَتْ: وَإِنَّهُ وَاللَّهِ مَا بِهِ حَرَكَةٌ إِلَى شَيْءٍ، وَاللَّهِ مَا يَزَالُ يَبْكِي مِنْ لَدُنْ أَنْ كَانَ مِنْ أَمْرِكَ مَا كَانَ إِلَى يَوْمِهِ هَذَا. قَالَ: فَقَالَ لِي بَعْضُ أَهْلِي: لَوِ اسْتَأْذَنْتَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي امْرَأَتِكَ، فَقَدْ أَذِنَ لِامْرَأَةِ هِلَالِ بْنِ أُمَيَّةَ أَنْ تَخْدِمَهُ. قَالَ: فَقُلْتُ: وَاللَّهِ لَا أَسْتَأْذِنُ فِيهَا رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَمَا أَدْرِي مَا يَقُولُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا اسْتَأْذَنْتُهُ وَأَنَا رَجُلٌ شَابٌّ؟ قَالَ: فَلَبِثْنَا [بَعْدَ ذَلِكَ] عَشْرَ لَيَالٍ، فَكَمُلَ لَنَا خَمْسُونَ لَيْلَةً مِنْ حِينِ نَهَى عَنْ كَلَامِنَا قَالَ: ثُمَّ صَلَّيْتُ صَلَاةَ الْفَجْرِ صَبَاحَ خَمْسِينَ لَيْلَةً عَلَى ظَهْرِ بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِنَا، فَبَيْنَا أَنَا جَالِسٌ عَلَى الْحَالِ الَّتِي ذَكَرَ اللَّهُ تَعَالَى

مِنَّا: قَدْ ضَاقَتْ عَلَيَّ نَفْسِي، وَضَاقَتْ عَلَيَّ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ سَمِعْتُ صَارِخًا أَوْفَى عَلَى جَبَلِ سَلْعٍ يَقُولُ بِأَعْلَى صَوْتِهِ: يَا كَعْبُ بْنَ مَالِكٍ ، أَبْشِرْ. قَالَ: فَخَرَرْتُ سَاجِدًا، وَعَرَفْتُ أَنْ قَدْ جَاءَ فَرَجٌ، فَآذَنَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِتَوْبَةِ اللَّهِ عَلَيْنَا حِينَ صَلَّى الْفَجْرَ، فَذَهَبَ النَّاسُ يُبَشِّرُونَنَا، وَذَهَبَ قِبَلَ صَاحِبَيَّ مُبَشِّرُونَ، وَرَكَضَ إِلَيَّ رَجُلٌ فَرَسًا، وَسَعَى سَاعٍ مِنْ أَسْلَمَ وَأَوْفَى عَلَى الْجَبَلِ، فَكَانَ الصَّوْتُ أَسْرَعَ مِنَ الْفَرَسِ. فَلَمَّا جَاءَنِي الَّذِي سَمِعْتُ صَوْتَهُ يُبَشِّرُنِي، فَنَزَعْتُ ثَوْبَيَّ، فَكَسَوْتُهُمَا إِيَّاهُ بِبِشَارَتِهِ، وَاللَّهِ مَا أَمْلِكُ غَيْرَهُمَا يَوْمَئِذٍ، وَاسْتَعَرْتُ ثَوْبَيْنِ فَلَبِسْتُهُمَا، وَانْطَلَقْتُ أَؤُمُّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، يَلْقَانِي النَّاسُ فَوْجًا فَوْجًا يُهَنِّئُونِي بِالتَّوْبَةِ، يَقُولُونَ: لِيَهْنِكَ تَوْبَةُ اللَّهِ عَلَيْكَ. حَتَّى دَخَلْتُ الْمَسْجِدَ، فَإِذَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جَالِسٌ فِي الْمَسْجِدِ حَوْلَهُ النَّاسُ، فَقَامَ إِلَيَّ طَلْحَةُ بْنُ عُبَيْدِ اللَّهِ يُهَرْوِلُ، حَتَّى صَافَحَنِي وَهَنَّأَنِي، وَاللَّهِ مَا قَامَ إِلَيَّ رَجُلٌ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ غَيْرَهُ قَالَ: فَكَانَ كَعْبٌ لَا يَنْسَاهَا لِطَلْحَةَ. قَالَ كَعْبٌ: فَلَمَّا سَلَّمْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ وَهُوَ يَبْرُقُ وَجْهُهُ مِنَ السُّرُورِ: أَبْشِرْ بِخَيْرِ يَوْمٍ مَرَّ عَلَيْكَ مُنْذُ وَلَدَتْكَ أُمُّكَ. قَالَ: قُلْتُ: أَمِنْ عِنْدِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَمْ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ؟ قَالَ: لَا بَلْ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ. قَالَ: وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا سُرَّ اسْتَنَارَ وَجْهُهُ حَتَّى كَأَنَّهُ قِطْعَةُ قَمَرٍ، حَتَّى يُعْرَفَ ذَلِكَ مِنْهُ. فَلَمَّا جَلَسْتُ بَيْنَ يَدَيْهِ قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ مِنْ تَوْبَتِي أَنْ أَنْخَلِعَ

مِنْ مَالِي صَدَقَةً إِلَى اللَّهِ وَإِلَى رَسُولِهِ. قَالَ: أَمْسِكْ عَلَيْكَ بَعْضَ مَالِكَ، فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ. قَالَ: فَقُلْتُ: فَإِنِّي أُمْسِكُ سَهْمِي الَّذِي بِخَيْبَرَ. وَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّمَا نَجَّانِي اللَّهُ بِالصِّدْقِ، وَإِنَّ مِنْ تَوْبَتِي أَلَّا أُحَدِّثَ إِلَّا صِدْقًا مَا بَقِيتُ. قَالَ: فَوَاللَّهِ مَا أَعْلَمُ أَحَدًا مِنَ الْمُسْلِمِينَ أَبْلَاهُ اللَّهُ مِنَ الصِّدْقِ فِي الْحَدِيثِ مُنْذُ ذَكَرْتُ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَحْسَنَ مِمَّا أَبْلَانِي اللَّهُ تَعَالَى، وَاللَّهِ مَا تَعَمَّدْتُ كَذِبَةً مُنْذُ قُلْتُ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى يَوْمِي هَذَا، وَإِنِّي لَأَرْجُو أَنْ يَحْفَظَنِي اللَّهُ فِيمَا بَقِيَ)[١]. واته: گوێم له کەعبی کوڕی مالیک بوو بەسەرهاتی دواکەوتنەکەی لەخزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ لە غەزای تەبووکدا دەگێڕایەوە، فەرمووی: لە غەزاکانیتری پێغەمبەری خوادا ﷺ دوانەکەوتبووم جگە لە غەزای بەدرو ئەم غەزایەی تەبووک. لەوەی بەدردا پێغەمبەری خوادا ﷺ لەسەر بەشدارنەبوون لۆمەی کەسی نەکرد، چونکە پێغەمبەری خوادا ﷺ خێرا لەشکرەکەی ڕێکخست و تەشریفیبرد، مەبەستی کاروانەکەی قورەیش بوو، بەڵام قەدەری خوای گەورە وابوو کە هەردوولایانی ـ بێ ڕێکەوتن لەسەر ئەو کات و شوێنەـ بەیەکتریی گەیاندو غەزاکە ڕوویدا. من یەکێک بووم لەوانەی کە شەوی عەقەبە بەیعەتم لەسەر سەرخستنی ئیسلام بە پێغەمبەری خوادا ﷺ دابوو، ئەم بەیعەتدانەم لە بەشداریی غەزای

١ بوخاری (٤٤٠٠)، موسلیم (٤٩٧٣)، ئەحمەد (١٥٣٤٣).

بەدر پێ خۆشتربوو کە لە هەموو روداوێک بەناوبانگتربوو و هەموو بەشداربووانیشی زۆر خۆشحاڵبوون پێی.

هەرگیز هیچ کاتێک وەکو ئەو کاتەی کە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ لە غەزای تەبووک دواکەوتم، بەهێزو دەوڵەمەند نەبووم، هەرگیز پێشتر نەمتوانیبوو دوو سواریی بۆ غەزا ئامادە بکەم، ئەو کاتە دووانم ئامادەکردبوو.. پێغەمبەری خوادا ﷺ هەر جارێک بیویستایە غەزایەک دژ بە لایەنێک بکات (هێرش بکاتە سەر لایەنێک) بە شێوەی لاوەکی لایەنیتری باسدەکرد، تا کەس لە مەبەستەکەی نەگات. بەڵام لە غەزای تەبووکدا کە کەوتبووە کاتی گەرماییەکی زۆر سەختەوەو مەسافەی بەرەی جەنگەکەش زۆردووربوو، رێی بەفەتەرەتچوون بوو، ئەو دوژمنەش کە دەبوو بەرامبەری ببووناياتەوە زۆرزۆر بوون، بۆیە پێغەمبەری خوادا ﷺ غەزاکەی بە خەڵکەکە راگەیاند، تا باش خۆیانی بۆ ئامادە بکەن، پێی فەرموون کە بەرەکەی دوژمن کێن، بە کوێدا دەڕۆن.. موسوڵمانانیش ئەو کاتەی لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ دا بوون زۆربوون. لەبەر زۆرییان لە پەڕاودا ناونووس نەدەکران.

کەعب دەفەرموێ: هەموو کەس گومانی وای دەبرد کە ئەگەر پیاوێک بیەوێت خۆبدزێتەوەو بەشدار نەبێت _ئەگەر قورئانی لەسەر

نەیاتە خوارەوە_ لە قەرەباڵغیی خەڵکەکەدا بزردەبێت، هەر نازانرێت کە بەشدارنەبووە. ئا لەو کاتەدا کە بەرسێبەر خۆشبووبوو، جۆرەها میوە پێگەیشتبوو، منیش حەزم بە حەوانەوەی ناو باخ و بێستان بوو.. پێغەمبەری خوا ﷺ و موسوڵمانان لەشکریان رێکخست و کەوتنەرێ.. منیش خەریکی خۆئامادەکردنبووم، بەڵام هەر دەهاتم و دەچووم بێئەوەی لەگەڵیاندا خێرا خۆم ئامادەبکەم. هەر بە خۆمم دەووت: دەی قەیدی نییە هەر کاتێک بمەوێت زوو بەرێدەکەوم و دەیانگەمێ، هەر وا هاتم و چووم و بێ مەبەست و ویست خۆم خافڵاند، تا پێغەمبەری خوا ﷺ و موسوڵمانان هەموو باریان لێناو دەرچوون. دیسان ووتم: قەیدی نییە ئەگەر یەکدوو رۆژیش دواکەوم هەر پێیان دەگەمەوە. کە ئەوان لە شار دەرچوون، لە خۆ پێچانەوە ساردبوومەوەو دانیشتم. بۆ سبەی هەروا، دوو سبەییش هەروا هیچم رێکنەخست، هیممەتێکم دایە بەرخۆم و ویستم هەر دەرچم و بیانگەمێ _خۆزگە هەروام بکردایە_ بەڵام دیاربوو کە تەقدیری خوای گەورە وا نەبوو_ ئیتر رۆژانی دواتریشم وا بەسەربرد، تا ئومێدی ئەوەم نەما پێیان بگەمەوە! تەواو. ئەوان رۆیشتن و من مامەوە..

کە هاتمە دەرەوەی ماڵ زۆر خەمباربووم، چونکە هەرچی پیاوێکم دەبینی کە لەگەڵ لەشکرەکە نەچووە، یان لەو کەسانەیە کە لە

دووڕوویيدا نقومبوون، یان لەوانەیە کە خوای گەورە کردوێتی بە خاوەن عوزرو بۆی هەیە نەچێتە بەرەی جیهادا!

پێغەمبەری خوادا ﷺ تا تەبووک باسی منی نەکردبوو، لەوێ کە یاوەران لە خزمەتییدا دانیشتبوون، منی بیرکەوتبۆوەو پرسیبووی: ئەرێ کەعبی کوڕی مالیک چی لێ بەسەرهات؟ کابرایەکی تیرەی بەنی سەلەمە ووتبووی: پۆشاک و عەباکەی سەرشانی بوونەڕیگری هاتنی[١].

موعاذی کوڕی جەبەل یەکسەر وەڵامی کابرای دابۆوەو فەرمووبووی: قسەیەکی زۆر خراپت کرد، بەخوا قەسەم ئەی پێغەمبەری خوا لە خێرو چاکەکاریی بەولاوە هیچیترمان لێ نەدیووە. پێغەمبەری خوادا ﷺ بێدەنگبووبوو..

کە هەواڵ هاتەوە کە پێغەمبەری خوادا ﷺ لە تەبووکەوە تەشریف دێنێتەوە، خەفەتدایگرتم، بیرم لە سازکردنی درۆیەک دەکردەوە، خۆمی پێ بپەڕێنمەوە، بە خۆمم دەووت: جا چی دەڵێیت تا نەکەویتە بەر تووڕەبوون و گلەیی سەختیی؟! پرس و رام بە هەموو کەسوکارو خزمانی خاوەن رەئی خۆمدەکرد.. کە هەواڵهات کە جەنابی

١ کەعب کابرایەکی چوارشانەی تێکسمراوبوو، دەوڵەمەندیش بوو، کە عەباکەی دەدا بەسەر شانییدا لە سەرۆک هۆزو ئەمیرو فەرماندە دەچوو. مەبەستی کابراش ئەوەبوو کە نەهات تا شانازی بەسەر خەڵکەکەوە بکات، کە گەورەکانیان لەوێ نەماون.

پێغەمبەری خوادا ﷺ گەیشتەوە مەدینە، هەموو ئەم فیکرە باتڵانەم لەسەر دەرچوو، زانیم بەو قسە ساختانە دەربازنابم، هەر دەبێ راستگۆیانە رەفتاربکەم.. جەنابی عادەتی وابوو کە تەشریفی لە سەفەردەهاتەوە دەچووە مزگەوت، دوو رکاتی دەکردو رووەورووی خەڵکەکە دادەنیشت. ئەم جارەش وایکرد، ئیتر هەموو ئەوانەی لە غەزاکە دواکەوتبوون _کە نزیکەی هەشتاوقسوور کەس بوون_ هاتنە خزمەتی و عوزریان هێنایەوەو بە سوێندخواردن خۆیان پەڕاندەوە. پێغەمبەری خوا ﷺ رەفتارە زاهیرییەکەی لێوەردەگرتن و داوای لێخۆشبوونی لە خوای گەورە بۆکردن و پەنهانکراوەکانی بە خوای گەورە سپاردن.

منیش هاتمە خزمەتیی، کە سەلامم لێکرد، زەردەخەنەیەکی _وەکو کەسێکی تووڕە_ هاتێ، پاشان فەرمووی: وەرە. رۆیشتمە خزمەتی تا لەبەردەستییدا دانیشتم. فەرمووی: چی وایکرد دوابکەویت؟ مەگەر سوارییت بۆ نەکڕیبوو؟ عەرزمکرد (پێمووت): ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر لەبەردەست هەر کەسێکیتری غەیری جەنابت _لە دنیاوویستان_ دانیشتمایە، چونکە توانای موناقەشەم هەیە، دەمتوانی بە عوزرێک خۆم لە تووڕەبوونەکەی قوتاربکەم، بەڵام بەخوا قەسەم ئەگەر ئەمڕۆ درۆیەکیشم پێبکرێت کە جەنابتی پێ رازیبکەم، دوورنییە خوای گەورە غەزەبی جەنابتم بخاتەسەر، ئەگەر

ڕاستییەکەشت عەرزبکەم بە دڵنیاییەوە شتێکت بەرامبەرم لا دروستدەبێت، بەڵام من هەر ئەمەیانم پێڕاستە کە ئومێدەوارم خوای گەورە بەر لێبوردنی خۆییم بخات.. بەخوا قەسەم ئەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هیچ عوزرێکم لە دواکەوتنەکەمدا نەبوو، بەخوا قەسەم پێش ئەم غەزایە هەرگیز ئاوا حەساوەو دەوڵەمەند نەبووم. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەمیان دیارە کە ڕاستدەکات. هەستە، چاوەڕوانبە خوای گەورە بڕیارێکت لەسەربدات. ئیتر هەستام.. کەسانێکی تیرەی بەنی سەلەمە هاتنە لام و ووتیان: دێ وەڵا ئەوەندەی بزانین تۆ پێشتر گوناحت نەکردووە، چما ئەوەندە دەسەوسان بوویت نەتتوانی عوزرێک بۆ پێغەمبەری خوادا ﷺ بهێنیتەوەو تۆش عوزرێکی وەکو عوزری وەکو ئائەوانەی دواکەوتبوون بهێنیتەوە؟ ئێ گوناحەکەشت ئەوەندەی بەسبوو، پێغەمبەری خوادا ﷺ داوای لێخۆشبوونی لە خوای گەورە بۆ دەکردیت. بەخواقەسەم ئەوەندەیان سەرزەنشتکردم کە خەریکبوو بگەڕێمەوە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و خۆم بەدرۆبخەمەوە!، بەڵام لێمپرسین: ئایا کەسیتر هەیە حاڵی وەکو من بێت؟ ووتیان: بەڵێ، دوو پیاویتریش وەکو تۆ بوون، ئەوانیش هەر وەکو تۆیان ووتووەو هەر ئەوەشیان پێوتراوە کە بە تۆ وترا. ووتم: ئەو دووانە کێن؟ ووتیان: مورارەی کوڕی ڕەبیعی عامری و هیلالی کوڕی ئومەییەی واقیفی. ناوی ئەم دوو پیاوە

چاکەیان بۆ هێنام کە بەشداری غەزای بەدریان کردبوو. ووتم دەی باشە ئەوە دوو کەسی چاکم لە پێشە کە ئیقتیدایان پێبکەم.. ئیتر ڕۆیشتم..

کەعب دەفەرموێ: پێغەمبەری خوادا ﷺ ڕێی لە موسوڵمانان گرت کە نابێت لەگەڵ ئەوانەی لەو غەزایە دواکەوتوون _تەنها لەگەڵ ئەو سێ کەسەماندا_ نابێت کەس لە موسوڵمانان قسەمان لەگەڵدا بکات. ئیتر خەڵکەکە لێمان دوورکەوتنەوەو توخنماننەدەکەوتن، هەموویان لەگەڵماندا گۆڕان. من وام لێهاتبوو ئەرزەکەش لێم بێزاربوو، هەستمدەکرد ئەرزەکەش ئەو ئەرزە نەماوە کە دەمناسی!.. ئاوا پەنجا ڕۆژ ماینەوە..

دوو هاوڕێکەشم لە ماڵەوە کەوتن و هەر دەگریان و نەدەهاتنە دەرێ. من هەر خۆم لە موسوڵمانان هەڵدەسوو، هەر تێکەڵیان دەبووم، دەچوومە نوێژی جەماعەت لە مزگەوت، دەچوومە بازاڕ، بەڵام کەس قسەی لەگەڵمدا نەدەکرد.. دەچوومە کۆڕی پێغەمبەری خوا ﷺ و دوای نوێژەکان سەلامم بە تایبەت لە جەنابی ﷺ دەکرد، لە دڵی خۆمدا لە خۆمم دەپرسی: ئەرێ لێوی _بۆ وەڵامدانەوی سەلامەکەم_ جوڵاند، یان نا؟! دەچوومە نزیکی نوێژم دادەبەست بە

دزییەوە سەیرمدەکرد داخۆ سەیرمدەکات، کە سەیری لای منی دەکردو دەیبینی سەیریدەکەم رووی پاکی خۆی دەکرد بەولادا..

کە قسەدابڕینی موسوڵمانان توولیکێشا، رۆژێک بەسەر دیواردا چوومە باخەکەی ئەبوقەتادە _کە ئامۆزاو خۆشەویستم بوو_ سەلامم لێکرد، بەخوا قەسەم وەڵامی سەلامەکەمی نەدایەوە، هاوارم کرد: کوڕە ئەبوقەتادە توئەوخوایە تۆ ئەوە دەزانیت کە من خوای گەورەو پێغەمبەری خوا ﷺ خۆشدەوێت؟ بێدەنگبوو، وەڵامی نەدامەوە. دیسان سوێندمدایەوە کە تو ئەو خوایە تۆ ئەوە دەزانیت کە من خوای گەورەو پێغەمبەری خوام ﷺ خۆشدەوێت؟ دیسان بێدەنگبوو، وەڵامی نەدامەوە. ئەم جارەش سوێندمدایەوە کە تو ئەو خوایە تۆ ئەوە دەزانیت کە من خوای گەورەو پێغەمبەری خوام صلی الله علیه وسلم خۆشدەوێت؟ ئیتر هەر ئەوەندەی وەڵامدامەوە کە: (الله أعلم: خوای گەورە زاناترە).. فرمێسک بە چاومدا هاتەخوارەوەو رۆیشتم، هەر وا بەسەر دیواری باخەکەدا بازمداو هاتمەدەرەوە..

بە بازاڕدا دەڕۆیشتم، گوێم لێبوو کابرایەکی نەبەطی خەڵکی شام _کە خۆراکی بۆ فرۆشتن هێنابوو بۆ مەدینە_ هاواریدەکرد: ئەرێ کێ کەعبی کوڕی مالیکم پێ دەناسێنێت؟ کەسانێک ئاماژەیان بۆ من کرد، کە ئەوەیە. هاتە لام و نامەیەکی پاشای (غەسسان) دامێ،

منيش خوێندەوارم، کردمەوە، دەبینم تێیدا نوسراوە: بیستوومانە کە هاوڕێکەت (مەبەستی پێغەمبەری خوابوو ﷺ ) دڵی لێت ڕەنجاوەو دەنگی لێدابڕیوویت. خوای گەورە ناچاری نەکردوویت لە وڵاتێک بیت کە زەلیلبکرێیت تێیدا، یان تێیدا بزرو بێناو بیت، وەرە لامان بۆ ئێرە، ئێمە دڵنەواییت دەکەین.. کەعب دەفەرموێ: کە خوێندمەوە ووتم: بەخوا ئەمەش موسیبەتێکیترە.. بردمەوە لەماڵەوە ئاگرم لە تەنوورێکدا بۆ کردەوەو سووتاندم.

کەعب دەفەرموێ: چل ڕۆژ لە پەنجا ڕۆژەکە ڕۆیشتبوو، قاسدێکی پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە لام و هەواڵیدامێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانت پێدەدات کە توخنی ژنەکەت نەکەویت و گۆشەگیربە لێی. ووتم: تەڵاقیبدەم ؟ یان چی بکەم؟ فەرمووی: نا هەر نزیکی نەکەویت و لێی دووربە. ئەم فەرمانەش بۆ هەردوو هاوەڵەکانیتریشم چووبوو.. بە خێزانمم ووت: بچۆرەوە ماڵی باوکت، لەوێ بمێنەرەوە تا فەرمانێکیتری خوای گەورەمان بۆ دێت..

دەفەرموێ: ژنەکەی هیلالی کوڕی ئومەییە هاتبووە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و عەرزیکردبوو: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕاستی هیلال پیاوێکی پیری پەککەوتەیەو کەسی نییە خزمەتیبکات. پێتناخۆشە بمێنمەوە خزمەتیبکەم؟ فەرمووبووی: نا، باشە لەلای

بمێنەرەوەو خزمەتی بکە، بەڵام توخنت نەکەوێت. ژنەکەی ووتبووی: بە خوا قەسەم جوڵەی نەماوە، لەو رۆژەوە کە فەرمانتداوە کەس قسەیان لەگەڵدانەکات، تا ئەمڕۆ، هەر لە ماڵەوەیەو دەگری. هەندێک لەوانەی خێزانی خۆم پێمیان ووت: دەی بۆچی تۆش _وەکو ژنەکەی هیلالی کوڕی ئومەییە_ داوا ناکەیت ژنەکەت لات بمێنێتەوە خزمەتت بکات؟ ووتم: بەخوا قەسەم داوای شتی وا لە پێغەمبەری خوا ﷺ ناکەم. نازانم وەڵامی چی دەبێت. چۆن داوای شتی وای لێبکەم کە من گەنجم.. دەفەرموێ: دە رۆژیتریشمان بردەسەر، پەنجا رۆژمان ئاوا تەواوکرد، کە کەس قسەی لەگەڵدا نەکردین. رۆژی پەنجایەمین بوو، نوێژی بەیانیم لە مزگەوت کردو هاتمەوە.. لەسەربانی ماڵەوە دانیشتبووم، لەو حاڵەتەدا بووم کە خوای گەورە وەسفیکردووە کە ئەوەندە دڵتەنگ و خەمباربووین کە ئەو سەرزەمینە بەرفراوانەمان لێ تەسکبووبۆوە، گوێم لە هاوارێک بوو _دەتووت لەسەر لوتکە شاخی بڵندەوە بە هەموو هێزی خۆی بانگدەکات_ ووتی: هۆ کەعبی کوڕی مالیک مژدەت لێبێت، یەکسەر چوومە سوجدە، زانیم کە میحنەتەکە ڕەوایەوە. پێغەمبەری خوا ﷺ دوای نوێژی بەیانی وەحی بۆ هاتبوو، بە خەڵکەکەی راگەیاندبوو کە خوای گەورە تۆبەکردنەکەمانی قبووڵکرد.. ئیتر هەر خەڵک بوو بە هەڵەداوان دەهات و مژدەی دەهێنا. پێش من هەواڵیاندابووە دوو هاوڕێکەم،

منیش پیاوێکی تیرەی بەنوسەلەمە چووبووە سەر شاخ و مژدەکەی ئاوا پێگەیاندم، یەکێکیتر بە سواری ئەسپ خۆی گەیاندمێ و مژدەکەی هێنا، هاواری سەرشاخەکە لە غاردانی ئەسپەکە خێراتربوو، بۆیە زووتر مژدەکەی گەیانمێ.. کە هاتە لام خێرا هەردوو پارچە پۆشاکەکەی بەری خۆمم وەکو مزگێنی پێداو لەبەریمکرد.. داوای دوو پارچە پۆشاکیترم لە ماڵ و منداڵم کرد، پۆشیم و ئیتر من بەرەو مزگەوت بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ دەچووم و خەڵکیش پۆل پۆل دەهاتن و پیرۆزبایی قبووڵبوونی تۆبەکەمیان لێدەکردم و دەیانووت: مژدەبێت کە خوای گەورە بە تایبەت تۆبەتی قبووڵکردووە. تا گەیشتمە مزگەوت. پێغەمبەری خوادا ﷺ دانیشتبوو، خەڵکێکی زۆر لە خزمەتییدابوون، طەلحەی کوڕی عوبەیدواللە بە هەڵەداوان بەرەو رووم هات، تەوقەی لەگەڵمدا کردو پیرۆزباییلێکردم. کەسیتر لە موهاجیران وەکو ئەو نەهاتە پێشوازییم.. (کەعب خوا لێی رازی بێت ئەم هەڵوێستەی سەیدنا طەلحەی لەبیر نەدەچۆوەو هەر باسیدەکردەوە).

کەعب دەفەرموێ: سەلامم لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، رووی پاکی لە خۆشیاندا دەدرەوشایەوەو فەرمووی: مژدەی رۆژێکت لێ بێت کە لەو رۆژەوە کە لەدایکبوویت رۆژی وا خۆشت بەسەردا نەهاتووە. عەرزمکرد: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمە لە جەنابتەوەیە یان لە

خوای گەورەوەیە؟ فەرمووی: لە خوای گەورەوەیە. پێغەمبەری خوا ﷺ کە خۆشحاڵدەبوو رووی پاکی دەتووت پارچەیەکە لە مانگ و دەدرەوشێتەوە، هەموو یاوەران ئەمەیان دەزانی. کە لە خزمەتییدا دانیشتم، عەرزمکرد: لە خۆشحاڵیی قبووڵبوونی تۆبەکردنەکەمدا، وا هەر هەموو سامان و ماڵی خۆمم لە رێی خوای گەورەو پێغەمبەری خوادا ﷺ بەخشی. فەرمووی: هەندێک سامانی لێ گلدەرەوە بۆ خۆت، ئاوا چاکترە بۆت. عەرزمکرد: باشە ئەو پشکەی لە سامانی خەیبەر هەمە دەیهێڵمەوە بۆ خۆم. عەرزمکرد: ئەی پێغەمبەری خوا سەرەنجامی راستگۆیی خوای گەورە قوتاریکردم، پەیمان دەدەم کە تاماوم غەیری راستیی هیچیتر نەڵێم.. کەعب دەیفەرموو: وەڵاهی وا نازانم کەسیتر بە ووتنی قسەی راست ئاوا وەکو من موبتەلا بووبێت و کارەساتی وای هاتبێتەرێ.. بەخوا قەسەم لەو رۆژەوە کە قسەکەم عەرزی پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە تا ئەم ساتە بە ئەنقەست درۆیەکمنەکردووە، هیواداریشم خوای گەورە هەر ئاوا بمهێڵێتەوە مادام لە ژیاندا بمێنم..

نموونەی سێیەم: لوتکەی ئیمانداریی و جوامێریی و وەفا:

ئیبنوئیسحاق دەربارەی جەنگی (بەنولموستەلیق) کە لە ساڵی شەشەمی کۆچییدا لەسەر ئاوەکەی (مورەیسیع) روویدا دەفەرموێ: دوای غەزاکە، لەو کاتەدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر ئاوەکە بوو، کرێکارێکی عومەری کوڕی خەططاب کە ناوی (جەهجاهی کوڕی مەسعوود) بوو، دەیویست ئەسپەکەی ئاودا، لەگەڵ (سینانی کوڕی وەبەری جوهەنی) کە هاوپەیمانی تیرەی عەونی کوڕی خەزرەج بوو، لەسەر نۆرەی ئاودان، کەوتنە شەڕەپاڵ، دواتر پەلاماری یەکترییاندا، جوهەنییەکە هاواریکرد: هۆ ئەنصاریی، فریامکەون، جەهجاهیش هاواریکرد: هۆ کۆچکەرەکان فریامکەون. عبداللّٰەی کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلول لەوێ بووم کۆمەڵێک لە خزمانی خۆی بە دەورەوە بوون، لەوانە زەیدی کوڕی ئەرقەم، کە مێرمنداڵێک بوو. عبداللّٰە ووتی: ئاخری کردیان، یان ئەرێ بەڕاست کردیان؟ بەڕاستی بە زۆربوونی ژمارەیان خۆیان زاڵکردو لە وڵاتی خۆماندا تەنگیان پێمان هەڵچنی، وەڵا حاڵی ئێمەو جلباب لەبەرانی قوڕەیش وەکو ئەوەیە کە وتوویانە: (سَمِّنْ كلبك يأكلك)[١]سەگەکەت قەڵەوکە دەتخوات، سا وەڵڵاهی بگەڕێینەوە مەدینە دەبێ پیاوماقووڵە بە عیززەتەکان زەلیلەکان لە شار دەرکەن. پاشان هاتە لای ئەو خزمانەی کە لەگەڵییدا بوون و وتی: بزانن چیتان بە خۆتان کرد. لە وڵاتی خۆتاندا نیشتەجێتانکردن، کردتانن بە برابەشی سامانەکانتان. بەو خوایە قەسەم ئەگەر دەستانیان لێبگرنەوەو هیچیاننەدەنێ، لاتاننامێنن و

١ دەشوترێت (جوّع كلبك يتبعك) واتە: سەگەکەت برسیکە وەدووتدەکەوێت.

دەڕۆن، دەچنە لای خەڵکانێکیتر. لەو کاتەدا زەیدی کوڕی ئەرقەم گوێی لە قسەکانی بوو، رایکردە لای پێغەمبەری خوا ﷺ _کە عومەری کوڕی خەطابیشی لە خزمەتدابوو_ قسەکانی پێیگەیاند. عومەر فەرمووی: فەرماندەرکە بۆ عەبادی کوڕی بیشر با بیکوژێت. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (دَعْهُ لَا يَتَحَدَّثُ النَّاسُ أَنَّ مُحَمَّدًا يَقْتُلُ أَصْحَابَهُ) واتە: نا لێیگەڕێ، تا خەڵکی نەڵێن محمد یاوەرەکانی خۆی دەکوژێت. بەڵام راگەێنە کە لێنین، تا بڕۆین. ئەمەش لە ساتەوەختێکدابوو کە عادەتی پێغەمبەری خوا ﷺ وا نەبوو، کە لە کاتی وادا سەفەربکات. خەڵکی باریان لێناو کەوتنەڕێ. عبداللەی کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول کە زانی هەواڵەکە گەیشتۆتەوە بە پێغەمبەری خوا ﷺ خێرا خۆی گەیاندە ئەوێ و سوێندی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ خوارد کە شتی وای نەوتووە. کابراش لەناو کەسوکارەکەیدا پیاوماقووڵ و سەرداربوو، بۆیە ئەو پشتیوانانەی لەوێ لە خزمەتیدا بوون _وەکو جۆرێک لە بەرگریی لە عبداللەی کوڕی ئوبەی_ فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ زەید منداڵە، لەوانەیە هەڵە لە قسەکەی حاڵیبووبێت..

ئیبنوئیسحاق دەفەرموێ: کە پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتەوەڕێ، ئوسەیدی کوڕی حوضەیری بینی، سەلامی پێغەمبەرێتی لێکرد (فەرمووی: السلام عليكم يا رسول الله) و فەرمووی: ئەرێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە عادەتی جەنابت نییە کە لەم ساتەوەختانەدا سەفەر بکەیت؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: مەگەر ئەوەت

نەبیستووە کە هاوڕێکەتان ووتوێتی؟ پرسی: کاک یاوەرمان ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی: عبداللەی کوڕی ئوبەی. پرسی: چی وتووە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی: وتوێتی: وەڵڵاهی بگەڕێینەوە مەدینە دەبێ پیاوماقووڵە بە عیززەتەکان زەلیلەکان لە شار دەرکەن.. ئوسەید فەرمووی: وەڵڵاهی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ جەنابت ئەو لە شارەکە دەردەکەیت، بەخوا قەسەم ئەو زەلیلەو جەنابت خاوەن عیززەت و دەسەڵاتیت.. پاشان فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا نەرمتربە لەگەڵییدا، بە خوا قەسەم ئەو کاتەی خوای گەورە جەنابتی بەم خێرەوە نارد بۆمان، خزمانی ئەو خەریکی چنین و نەخشاندنی تاجی شایانە بوون بۆی، بۆیە ئێستا ئەو هەستدەکات ئەو دەسەڵاتە شاهانەی لێ سەندراوەتەوە.

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ یاوەران، ئەو رۆژەیان تا ئێوارەکەی بەردەوام رۆیشتن، دیسان شەوەکەی تا سپێدەی بەیانی هات، دیسان لە رۆیشتن بەردەوامبوونەوە تا ئەو کاتەی ئیتر تینی خۆر و ماندووبوون شەکەتیکردن، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی لادەن با بحەوێنەوە.. هەر بەوەندەی جەستەیان خستە سەر زەوی هەر هەموو خەویان لێکەوت.. پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستی ئەوەبوو ئاوا ماندوو بن و یەکسەر بخەون تا قسەکەی عبداللەی کوڕی ئوبەی بەناویاندا بڵاونەبێتەوە..

ئیبنوئیسحاق دەفەرموێ: ئەو سوورەتەی کە خوای گەورە باسی دووڕووەکانی تێدا دەکات لەوێ لەسەر عبداللهی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول و هاوبیرەکانی هاتەخوارەوە.. کە ئایەتەکان تەواو هاتنەخوارەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ زەیدی کوڕی ئەرقەمی بانگکرد، گوێی زەیدی گرت و فەرمووی: (هَذَا الَّذِي أَوْفَى اللَّهُ لَهُ بِأُذُنِهِ)[١] واتە: ئەمە ئەو پیاوەیە کە خوای گەورە گوێیەکانی بە راستزانی و مافی خۆی دانێ.. هەواڵەکە لەولاشەو گەیشتبووە عبداللهی کوڕی عبداللهی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول.. (کوڕی عبداللهی سەرۆکی دووڕووەکانە هەردووکیان ناویان عبدالله بوو)

ئیبنوئیسحاق دەفەرموێ: عاصمی کوڕی عومەر لە قەتادەوە گێڕاوێتیەوە کە عبداللهی کوڕی عبداللهی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول هاتە خزمەت ﷺ و فەرمووی: هەواڵێکم پیگەیشتووە کە جەنابت بە تەمایت عبداللهی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول بکوژیت. ئەگەر هەر بە هیوای بیکوژیت، فەرمانم پێبدە با خۆم بیکوژم و سەریت بە بڕراوی بۆ بهێنم. بەخوا قەسەم هەموو هۆزی خەزرەجیش دەزانێت کە کەس لە من بەوەفاترو دڵسۆزتر نییە بۆ باوکم. دەترسم فەرمان بە غەیری من بکەیت و بیکوژێت، دوایی من چاوم بەرایی نەیات

١ بوخاری (٤٦٢٣).

سەیری بکوژی باوکم بکەم، دەترسم دوایی بیکوژمەوە، موسوڵمانێک لە خوێنی کافرێکدا بکوژم و بەو هۆیەوە بچمە ئاگری دۆزەخەوە. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (بَلْ نَتَرَفَّقُ بِهِ، وَنُحْسِنُ صُحْبَتَهُ مَا بَقِيَ مَعَنَا)[١] واتە: نا، هەر نەرمونیان دەبین وەلییداو بە رەفتاری جوانەوە هاوڕێیەتیی دەکەین مادام وەلماندا بمێنێت.

دوای ئەم رووداوە، هەر شتێکی بووتایە یان بکردایەو پەسەند نەبوایە، خزم و کەسوکارەکەی خۆی سەرزەنشتیان دەکرد.

دوای تەواوبوونی کاریگەریی قسەکە پێغەمبەری خوا ﷺ بە عومەری کوڕی خەططابی فەرموو: عومەر، چۆن بەسەرهاتەکە دەبینیت؟ بەخوا قەسەم ئەگەر ئەو رۆژەی پێت ووتم فەرمانبدە با بیکوژن و بمکوشتایە، زۆر کەس لووتیان بۆی سوور هەڵدەگەڕا (واتە ئامادەبوون بەرگریی لێبکەن و خوێنی بسەننەوە) بەڵام ئەمڕۆ دەکرێت بیکوژم و خوێنیشی بە هەدەر بڕوات. عومەر فەرمووی: راستە ئەی پێغەمبەری خوا، جەنابت باشتر پەییت پێبردو کاری جەنابیشت بەرەکەتی زیاترە لە کاری من..

---

١ ابن هشام: السيرة النبوية (٢/٢٩٣).

عیکرەمەو ئیبنویەزید دەگێڕنەوە: کاتێک لەشکرەکە گەیشتەوە مەدینەو لە دەروازەکەیەوە دەچوونە ژوورەوە، عبداللەی کوڕی عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول لەبەر دەروازەکەدا وەستاو شمشێرەکەی هەڵکێشابوو، خەڵکەکە بەبەردەمییدا دەڕۆیشتن و دەیبینین، کا باوکی گەیشتە لای، بە باوکی فەرموو: تۆ بوەستە. ووتی: چییە؟ بۆچی بوەستم؟ عبداللەی کوڕی فەرمووی: بەخوا قەسەم ئالێرە تێناپەڕیت تا پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتی چوونە ماڵەوەت پێنەدات، پێغەمبەری خوا ﷺ خاون عیززەت و دەسەڵاتدارەو تۆ زەلیل و بێ دەسەڵاتیت. پێغەمبەری خوا ﷺ عادەتەن لە کۆتایی لەشکرەکەوە دەڕۆیشت تا بە پێی پیرو لاوازە ماندوو نەخۆشەکان بڕوات و ئەگەر کەسێک پێویستی بە یارمەتی بوو یارمەتیبدات، کە گەیشتە لایان، عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول خێرا سکاڵای لە کوڕەکەی خۆی گەیاندێ. عبداللەی کوڕیشی فەرمووی: بەخوا قەسەم ئەی پێغەمبەری خوا ناچێتە شارەوە تا جەنابت مۆڵەتی نەدەیت. ئیتر پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتیداو عبداللەش فەرمووی: ئێستا کە پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتی پێدایت رێتدەدەم بچیتەوە شار..)[١]

---

١ نووسەری رەحمەتی بێ سەنەدو سەرچاوە هێناوێتییەوە، دیارە لەبەر

ئەمە عبداللەی کوڕی عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلولەخوا لیی ڕازی بێت، کە نموونەی موسوڵمانی خواویست و دیندارو گوێڕایەڵە: لە هەمووان زیاتر گیرۆدەی دەستی باوکێتی، لە ڕەفتارەکانی نارەحەتە، لە هەڵویستەکانی تەریقدەبێتەوە، بەڵام هەر بە وەفاو دڵسۆز دەمێنێتەوە بۆی، سۆزی بۆی دەجوڵێت و بەزەیی پێدا دێتەوە.. دەبیستێت کە گوایە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیەوێت باوکی بکوژێت، چەندین سۆزو ئینفیعالاتی دژ بەیەک لە ناخییدا دەوروژێن.. هەڵوێستی روون راشکاوانە دەردەبڕێ. ئیسلامەکەی خۆشدەوێت و دەزانێت ملکەچیی و گوێڕایەڵیی فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرزەو ڕەزامەندیی خوای گەورەی پێوەیە _ئەگەرچی کوشتنی باوکی ئەمیشە_ هەر دەبێ جێبەجێبکرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا چاوی بەراییناپات کە قاتڵی باوکی ببینێت ئاوا لە پێشچاوی دێت و دەڕوات.. تەحەمولی حاڵەتێکی وا ناکات کەسێک لەبەرچاوی لە ملی باوکی بدات و بیکوژێت و ئەمیش ڕۆژانە بیبینێتەوە! لەوە دەترسێت دواتر گیانی تۆڵە لە ناخییدا ببێتە پاڵنەرێکی شەڕخوازیی و زەللەیەکی گەورەی پێبکات..

---

ئەوەبووە کە بەناوبانگەو لە هەموو تەفسیرو کتێبەکانی سیرەدا هاتووە. وا لە: بوخاری (٤٦٢٤)، موسلیم (٢٥٨٤ ترمذی (٣٣١٥)، ئەحمەد (٣٩٣)، سیرة ابن هشام (٢/٢٩٢_٢٩٣) تاریخ الطبري (٢/٦٠٨)، ابن کثیر (تاریخ البدایة والنهایة ١٥٨/٤)

دەترسێت دڵ و دەروونی خیانەتی پێبکەن و هانیدەن قاتڵەکەی باوکی _کە موسوڵمانە_ بکوژێتەوە، دەترسێت شەیتان ئەمەی پێبکات و رەنج بەخەساربکەوێت. بۆیە بە هەڵەداوان خۆی دەگەیێنێتە خزمەت ﷺ تا ئەم ئاڕاستە تێکچڕژاوانەی ناخی بۆ بکاتە یەک ئاڕاستەو لەم پشێووی دەروون و کۆڵەخەم و حاڵەتە لاسەنگە رزگاریکات. بۆیە عەرزیدەکات کە ئەگەر بڕیاری کوشتنی باوکی دەرکردووە، با فەرمان بەم بدات تا باوکی خۆیی بۆ بکوژێت و سەری بڕاوی بهێنێتە بەردەستی، حەتمەن دەشیکات. باخۆی بیکات، نەک موسوڵمانێکی ترو دوایی ئەم موسوڵمانەکە بکوژێتەوەو بەو هۆیەوە خوای گەورە بیخاتە دۆزەخەوە..

ئەمە هەڵوێستێکی زۆر سەختە لە کەش و بارودۆخێکی هۆزگەرایی وەکو ئەو سەردەمەی عەرەبەکاندا. ئەمە حاڵەتاکانی دڵ و دەروونە بەرامبەر بڕیارێکی زۆر قورس، ئەگەر درابێت و چاوەڕێبکرێت جێبەجێبکرێت.. ئەم کە لە ناو هەموو کەسوکارەکانییدا زیاتر باوکی خۆشدەوێت و بەوەفاو دڵسۆزە بۆی.. ئەم لەم حاڵەتەی ململانێی دیدی ئیسلام و نەریتی جاهیلییەتەدایە. لە نێوان دوو هەڵوێستی یەک لە یەک قورستردایە: کوشتنی حەقیانەتی باوکی، یان کوشتنی موسوڵمانێک بە ناحەق! خۆی ناوێرێت هیچ هەڵوێستێکیان

بگرێتەبەر، هاتۆتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ تا بۆی یەکلابکاتەوە. داوای گۆڕینی فەرمانەکە ناکات، تکای تێدا ناکات.. تەسلیم بە بڕیارەکەیە کە ملکەچیی بۆ دەردەبڕرێت و بە ئاماژەیەک رادەپەڕێندرێت. باوکی هەر سەردەبڕرێت، بەڵام ئەم نایەوێت کەسێکیتر ئەو سەرببڕێت..

پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵوێستێک دەگرێتەبەر هەر هەموو حاڵەتەکانی جەستەو دەروونی تاکو کۆی خۆی و خزمانی پارسەنگ دەکاتەوەو هەموو ئینفیعالەکانی بە سینەفراوانی خۆی لێدەکاتەوەو زۆر نەرمونیانانە دەفەرموێ: (بَلْ نَتَرَفَّقُ بِهِ، وَنُحْسِنُ صُحْبَتَهُ مَا بَقِيَ مَعَنَا) واتە: نا، هەر نەرمونیان دەبین وەلییداو بە رەفتاری جوانەوە هاوڕێیەتیی دەکەین مادام وەلماندا بمێنێت. هەر وەکو هەڵوێستە پارسەنگەکەی پێشتر، کاتی سەرهەڵدانی فیتنەکە، کاتی بیستنی قسەژەهراوییەکە، کە سەیدنا عومەری کوڕی خەططاب خوا لێی رازی بێت فەرمووی: فەرمانی بۆ دەرکە با بکوژرێت. جەنابی فەرمووی: (دَعْهُ لَا يَتَحَدَّثُ النَّاسُ أَنَّ مُحَمَّدًا يَقْتُلُ أَصْحَابَهُ) واتە: نا لێیگەڕێ، تا خەڵکی نەڵێن محمد یاوەرەکانی خۆی دەکوژێت..

پاشان بڕوانە دانایی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن نەیهێشت لەو کاتەو دوواییتریش قسەژەهراوییەکە بڵاوبێتەوەو نەیهێشت کاردانەوەیەکی

لێبکەوێتەوە.. فەرمانییدا بە سەفەرکردنێکی تووڵانیی و بەردەوام، لە کاتێکدا کە نەسەفەرکردن لەو ساتەوەختەدا دەکراو نە ئەوەندەش بەردەوام خەڵکی دەڕۆیشتن! نەیهێشت هانابردنی دوو یاوەرەکەشی: (هۆ پشتیوانان و هۆ کۆچکەرەکان) سەدای هەبێت و کەس بە دەنگیانەوە بچێت! چونکە هاوارکردنی ئەو دوو یاوەرە بۆ لەسەرکردنەوە ماددەی فیتنەکەی هێنایەگۆڕێ و قسەکەی عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلولیش بوو بە کڵپەئاگرو لە ئانوساتدا بوو دیواری پتەویی برایەتیی موهاجیران و ئەنصار درزێکی تێبکەوێت و ئەو هەموو خۆشەویستی و سۆزو ڕێزەی لە نێوانیاندا بوو _کە مێژوو بە هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتییەوە نەیبینیوە_ خەریکبوو قسە دژوارو فیتنەکە بە ناویاندا بگەڕێت و لە ناو سەرو دەروون و کۆڕیاندا جیگابکاتەوە..

لە کۆتاییدا لەبەرئەم هەڵوێستەی عبداللەی کوڕی عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلولی ئیماندارو جوامێرو بەوەفادا بۆ سەرنجدان دەوەستین، کە ئاوا دەیبینین لەدەروازەی شاری مەدینەدا راوەستاوەو شمشێرەکەی بە رووتی گرتووە بە دەستیەوەو یەک یەک لە روخساری خەڵکەکە دەڕوانێت، تا هەر لەگەڵ باوکی بینی بەریبگرێت و رایگرێت تا لە ناو ئەو هەموو پیاوانەدا، لەو قسەیەی پەشیمانیبکاتەوە، کە

وتوێتی: وەڵڵاهی بگەڕێینەوە مەدینە دەبێ پیاوماقووڵە بە عیززەتەکان زەلیلەکان لەشاردەرکەن و ئەو ئیعتیرافەشی پێبەکات کە ئەو زەلیلەو پێغەمبەری خوا ﷺ خاوەن عیززەت و دەسەڵاتتدارە.. ئەوەتا وا زەلیلانە رایگرتووەو هەموو لایەک چاوەڕوانی فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن کە ئایا ڕێدەدات بچێتەوە شارو ماڵی خۆی یان نا؟! جەنابیشی ﷺ ڕێدەدات و بە کردەوە بۆی دەسەلمێنن کە ئەو زەلیلەو پێغەمبەری خوا ﷺ خاوەن عیززەتەو دەسەڵاتداری باڵایە..

بڕوانە ئەو لوتکە باڵایەی ئیمانداریێتیی و بەرهەمەکانی، کە ئەم پیاوە دەگمەنانەی مێژووی مرۆڤایەتی گەیشتنێ.. ئەم نەوەی یەکەمینی موسوڵمانێتییە هەر مرۆڤن، هەر مرۆڤەکانی بیست ساڵ لەمەوبەری هەمان تیرەوهۆزو کۆمەڵگەی مەککەو مەدینە بوون، بەڵام بڕوانە لە چ ئاستێکی نزمی ڕەفتارەوە گەیشتنە ئەو لوتکە باڵایەی راقیبوون.. ئەمە زادی ئەو عەقیدەیە کە لە ناخیاندا چەسپی و بوو بە بەڵگەنەویستی وجود.. هەر کاتێک ئەم مرۆڤایەتییە ئەم عەقیدە ئاوا وەربگرێتەوەو وەکو خۆی لێی تێبگات، درک بەو واقیعە دەکاتەوە کە ئەو یاوەرانەی تێدا ژیان.

کە شارەزای ئەو عەقیدەیە دەبین ئینجا دەزانین ئەم دینە چ واقیعێک لە ژیانی مرۆڤدا دروستدەکات، کە دەڵێی خەیاڵە، بەڵام

راستیشەو کەسەکان هەر مرۆڤن، دەخۆن و دەخەون و بەسەر زەمیندا دێن و دەچن..

## نموونەی چوارەم: کاتێک شەراب حەرام کرا:

ئەنەسی کوڕی مالیک خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (لەو کاتەدا کە پێکیتری شەرابم بۆ ئەبوطەلحەو ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح و ئەبودوجانەو موعاذی کوڕی جەبەل و سوهەیلی کوڕی بەیضاء تێدەکرد، کە سەریان لەبەر مەستبوونیان خۆی نەدەگرت، سەدای هاوارێک هاتەژوورەوە کە هۆ خەڵکینە ئاگادارین کە شەراب حەرامکرا.. ئیتر پێش ئەوەی کەسێک بێتە لامان، یان یەکێک لە ئێمە کۆڕەکە جێبهێڵێت، یەکسەر هەرچی شەرابمان لابوو رشتمان و گۆزەو کیتەڵەکانی شەرابەکەمان شکاندو هەر یەکە دەسنوێژیگرت، هەندێکمان خۆیشت و نانێکمان لای ئوم سولەیم خواردو خۆمان گەیاندە مزگەوت)[١]..

---

١ نووسەری بەڕێز هەر ئەوەندەی نوسیوە: (رواه ابن جرير بسنده في تفسير ابن كثير). راستە ئیبنوجەریری طەبەری خۆی لە تەفسیرەکەیدا (١٠/٥٧٨) هێناوێتیەوەو ئیبنوکەثیریش لە تەفسیرەکەیدا (٢/٩٤)دا هێناوێتیەوە. لای فەرمووده‌وانانیش: ئەبوداوود (٣٦٧٣)، نەسائی (٥٥٤١)، ئیمامی مالیک لە: الموطأ/ )، داریمی (٢٠٨٩)، هەیثەمی لە: (مجمع الزوائد/٨٠٧٧)، ئیمامی ئیبنوحەجەر (موسوعة الحافظ ابن حجر الحديثية ٥/٢٢٥) دەفەرموێ:

ئەبوبورەیدە لە باوکییەوە خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە: (لە کۆڕی شەرابخواردنەوەماندا دانیشتبووین، شەرابدانرابوو، چووم سەلامێک لە پێغەمبەری خوا ﷺ بکەم، لەو کاتەدا ئایەتی حەرامکردنی شەرابنۆشین هاتەخوارەوە. خێرا گەڕامەوە لای هاوڕێکانی کۆڕەکەم و پێمڕاگەیاندن کە شەرابنۆشین حەرامکرا. کە گەیشتمە کۆتایی ئایەتەکە کە دەفەرموێ: (... فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ) المائدة/٩١ واتە: ئایا وازتان لێهێناو تەواو؟ هەیانبوو نیوەی پێکەکەی دەستی خواردبۆوە، خێرا ئەوەی کە تێیدا مابوو رشتی، ئینجا ئەوانیتر ئەوەیان رشت کە لە گۆزەو کیتەڵەکانیاندا مابوو، هەموو هەر دەشیانووت: (انتهينا ربنا. انتهينا ربنا) واتە بەڵێ خوای پەروەردگارمان وا وازمان لێهێناوا تەواو. بەڵێ خوای پەروەردگارمان وا وازمان لێهێناوا تەواو)[1].

---

بەززار لە (مختصر الزوائد ٦٢١/١)دا ئەنەسەوە گێڕاوێتییەوە. بەشێکی ریوایەتەکەش وا لای بوخاری (٢٣٣٢) و لای موسلیم (١٩٨٠).

[1] نووسەری رەحمەتی هەر نوسیوێتی (رواه ابن جرير بسنده في تفسير ابن كثير). راستە: تەفسیری ئیبنوکەثیر (٢٨٤/٣)، تەفسیری ئیبنوجەریری طەبەری (٣٤/٧). ئەم ریوایەتە لە هەندێک لە سەرچاوەکانی پەراوێزی رابوردووشدا هەیە.. بشزانە کە دەیان ریوایەتیتری لەم شێوەیە لە سەرچاوەکانی فەرموودەو تەفسیردا هەیە..

نە کۆمەڵی مافیایی قاچاخچێتیی و نە سوپای چاودێریی و نە حوکمی ئیعدام و نە زیندانی هەتاهەتایی و نە موسادەرەکردنی سەروەت و سامانی خەڵکی... تەنها هاتنەخوارەوەی ئایەتێک: (فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ).. ڕاپەڕاندنی یەکسەریی ڕاستەوخۆ، بێ منجەمنج و بێ موناقەشەو بێ خۆ لێدزینەوە!

## نموونەی پێنجەم: کاتێک سەرپۆش فەرزکرا:

صەفییەی کچی شەیبە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: ( لە خزمەت خاتوعائیشەدا دانیشتبووین، باسی ئافرەتانی قورەیش و گەورەیی و چاکەکانیانمان دەکرد. خاتوو عائیشە فەرمووی: بێگومان ئافرەتانی قورەیش خاوەن چاکەو فەزڵن، بەڵام وەڵلاهی من لە ئافرەتانی پشتیوانەکان (أنصار) چاکترم نەدیووە، لەوانیش پابەندترم بە قورئانەوە نەدیووە، لەوانیش ئیماندارترم نەدیووە کە ئەوەندە تەسلیمی فەرمانەکانی قورئانن.. کاتێک ئایەتی: (وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ) لە سوورەتی نووردا هاتەخوارەوە، پیاوانی ئەنصار یەکسەر چوونەوە ماڵەکانیان و ئایەتەکەیان گەیاندە ئافرەتەکانیان، هەر یەکەیان ژن و کچ و خوشک و ئافرەتە خزمی خۆی لێ ئاگادارکرئەوە، ئیتر هەر ئەوەندەبوو، ئافرەتەکانیان _بۆ سەلماندنی باوەڕو یەقینیان بەو فەرمانانەی خوای گەورە ناردووونییەتە خوارەوە_ یەکسەر سەرپۆشیاندا بەسەریاندا)[١].

---

١ نووسەری رەحمەتی هەر نوسیوێتی: (رواه أبوداود). راستە: ئەبوداوود (٤١٠٠)، هەر صەفییەی کچی شەیبە لە خاتوو ئوم سەلەمەشەوە گێڕاوێتییەوە کە فەرموویەتی: (لَمَّا نَزَلَتْ: (يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ) الاحزاب/٥٩ نِسَاء

## نموونەی شەشەم: ئەبوبەصیری ئامر مەفرەزە:

(موشریکەکانی مەککە نەیاندەهێشت موسوڵمانەکان کۆچبکەن بۆ مەدینە، ڕێیان لێدەگرتن، دەیانگرتن، بەندیاندەکردن، بەزنجیر دەیانبەستنەوە، ئەشکەنجەیاندادان تا لەدینەکە پاشگەزیانبکەنەوە. کاتێک پەیمانی حودەیبییە بەسترا، یەکێک لە بەندەکانی ئەوەبوو کە هەر کەسێک لە مەککەوە هیجرەتبکات بۆ مەدینەو بچێتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ نابێ پێغەمبەری خوا ﷺ بیگرێتەخۆ، دەبێ بیگەڕێنێتەوە بۆ مەککە بۆ ناو قوڕەیش!

ئەبوبەصیر (عوتبەی کوڕی ئوسەید) موسوڵمانێک بوو لەو زنجیرکراوانەی مەککە، کە نەیاندەهێشت هیجرەتبکات بۆ مەدینە. شەوێک هەر چۆنێک بوو زنجیرەکانی لە دەست و پێی خۆی داماڵی و لە شار دەرچوو. دەیزانی بەدوایدا دێن بۆیە هەر شەوان دەڕۆیشت، دوای حەوت شەو خۆی گەیاندە مەدینە. بەڵام کە موشریکەکان زانییان لە مەدینەیە، دوو پیاوی خۆیان نارده خزمەت پێغەمبەری خوا

---

الأنصار وكأن على رُؤوسهن الغِرْبَان من الأكسية) واتە: کاتێک ئەو ئایەتە هاتەخوارەوە کە دەفەرموێ: با سەریان داپۆشن ئافرەتانی ئەنصار کە هاتنە دەرەوەو هەموو سەرپۆشیان بەسەرەوەبوو، دەتووی قەلەڕەشکە بەسەر سەریانەوە نیشتۆتەوە.. ئەبوداوود (٤١٠١) شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە کتێبی: حجاب المرأة المسلمة/پەڕاوێزی لاپەڕە/ ٣٥دا دەفەرموێ: سەحیحن.

ﷺ که به پێی پەیمانەکەی حودەیبییە دەبێ بیانگەڕێنێتەوە بۆ قورەیش. دەی سا بیاندەرەوە دەستمان.. ئەم داوایە لەسەر دڵی موسوڵمانان زۆر سەخت بوو، قورسبوو کە گەنجێکی موسوڵمان کە لە ئەشکەنجەی قورەیش خۆی قوتارکردووەو حەوت شەو رێکردووە تا گەیشتۆتە مەدینە، ئاوا ئاسان تەسلیم بکرێتەوە.. ئەبوبەصیریش هەروایدەزانی ئیتر گەیشتۆتە ئەمان و نامومکینە بدرێتەوە دەست قورەیش و دیسان بکەوێتەوە ژێر ئەشکەنجەو ناسۆرەوە. ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات، ئەوەبوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ بیداتەوە دەست قورەیش کە دوژمنی سەرسەختی پێغەمبەری خوا ﷺ و دینەکەی و شوێنکەوتووانین. بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیپێدا کە بگەڕێتەوە ناو قورەیش، ئاوا تەسلیم بە دوو کەسەکەی قورەیشی کردن! ئەبوبەصیر هاواریکرد: ئەی پێغەمبەری خوا دەمدەیتەوە دەست ئەمانە تا بمبەنەوە بەردەستی قورەیش و بکەونەوە ئەشکەنجەدانم و لە دینەکەم پاشگەزمبکەنەوە؟! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەبوبەصیر، ئێمە وەکو خۆشتدەزانیت پەیمانمان لەگەڵ ئەمانەدا مۆرکردووە، دینی ئێمە غەدرو خیانەتی تێدا نییە. خەمیشت نەبێت خوای گەورە بوارێکی ئاسان بۆ رزگاربوونی خۆت و یاوەرەکانت دەکاتەوە. ئەبوبەصیر بەسەرسامییەکەوە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم دەیتەوەدەست ئەمانە تا بمبەنەوە بۆ قورەیش؟!

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەبوبەصیر، بڕۆو خەمت نەبێت خوای گەورە بوارێکی ئاسانت بۆ دەکاتەوە. ئیتر دایەوە دەست دوو نێرراوەکەی قورەیش تا بیبەنەوە بۆ مەککە)[١].

## نموونەی حەوتەم: کێ دەبێتە هاوڕێی بەهەشتم؟ کەس!

ـ (قَالَ فَتًى مِنْ أَهْلِ الْكُوفَةِ لِحُذَيْفَةَ بْنِ الْيَمَانِ: يَا أَبَا عَبْدِ اللَّهِ، رَأَيْتُمْ رَسُولَ اللَّهِ وَصَحِبْتُمُوهُ؟ قَالَ: نَعَمْ يَابْنَ أَخِي. قَالَ: فَكَيْفَ كُنْتُمْ تَصْنَعُونَ؟ قَالَ: وَاللَّهِ، لَقَدْ كُنَّا نَجْهَدُ. فَقَالَ الْفَتَى: وَاللَّهِ، لَوْ أَدْرَكْنَاهُ مَا تَرَكْنَاهُ يَمْشِي عَلَى الأَرْضِ، وَلَحَمَلْنَاه عَلَى أَعْنَاقِنَا. فَقَالَ حُذَيْفَةُ: يَابْنَ أَخِي، وَاللَّهِ لَقَدْ رَأَيْتُنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ، صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، بِالْخَنْدَقِ، وَصَلَّى هَوِيًّا مِنَ اللَّيْلِ، ثُمَّ الْتَفَتَ إِلَيْنَا، فَقَالَ مَنْ رَجُلٌ يَقُومُ فَيَنْظُرَ لَنَا مَا فَعَلَ الْقَوْمُ، يَشْرِطُ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ أَنَّهُ يَرْجِعُ أَدْخَلَهُ اللَّهُ الْجَنَّةَ؟ فَمَا قَامَ رَجُلٌ. ثُمَّ صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ، صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، هَوِيًّا مِنَ اللَّيْلِ، ثُمَّ الْتَفَتَ إِلَيْنَا، فَقَالَ مِثْلَهُ، فَمَا قَامَ مِنَّا رَجُلٌ. ثُمَّ صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ، صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، هَوِيًّا مِنَ اللَّيْلِ، ثُمَّ الْتَفَتَ إِلَيْنَا، فَقَالَ : مَنْ رَجُلٌ يَقُومُ فَيَنْظُرَ لَنَا مَا فَعَلَ الْقَوْمُ ثُمَّ يَرْجِعُ ، يَشْرِطُ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ الرُّجْعَةَ، أَسْأَلُ اللَّهَ أَنْ يَكُونَ رَفِيقِي فِي الْجَنَّةِ؟ فَمَا قَامَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ

---

[١] نووسەری رەحمەتی هەروا بێ سەنەدو بێ سەرچاوە هێناویەتییەوە. بروانە: تاريخ الطبري (١٤٨/٢)،ابن هشام: (السيره النبوية ٣٢٣/٢)، ابن سعد: (الطبقات ٩٧/٢).

مِنْ شِدَّةِ الْخَوْفِ، وَشِدَّةِ الْجُوعِ، وَشِدَّةِ الْبَرْدِ. فَلَمَّا لَمْ يَقُمْ أَحَدٌ، دَعَانِي رَسُولُ اللَّهِ، صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَلَمْ يَكُنْ لِي بُدٌّ مِنَ الْقِيَامِ حِينَ دَعَانِي، فَقَالَ: يَا حُذَيْفَةُ، اذْهَبْ فَادْخُلْ فِي الْقَوْمِ، فَانْظُرْ مَا يَفْعَلُونَ، وَلا تُحَدِّثَنَّ شَيْئًا حَتَّى تَأْتِيَنَا. قَالَ: فَذَهَبْتُ، فَدَخَلْتُ فِي الْقَوْمِ، وَالرِّيحُ وَجُنُودُ اللَّهِ تَفْعَلُ بِهِمْ مَا تَفْعَلُ، لا تُقِرُّ لَهُمْ قِدْرًا وَلا نَارًا وَلا بِنَاءً. فَقَامَ أَبُو سُفْيَانَ بْنُ حَرْبٍ، فَقَالَ: يَا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ، لِيَنْظُرْ امْرُؤٌ جَلِيسَهُ. قَالَ: فَأَخَذْتُ بِيَدِ الرَّجُلِ الَّذِي كَانَ إِلَى جَنْبِي، فَقُلْتُ : مَنْ أَنْتَ؟ قَالَ: أَنَا فُلانُ بْنُ فُلانٍ. ثُمَّ قَالَ أَبُو سُفْيَانَ: يَا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ، إِنَّكُمْ وَاللَّهِ، مَا أَصْبَحْتُمْ بِدَارِ مُقَامٍ، لَقَدْ هَلَكَ الْكُرَاعُ وَالْخُفُّ، وَأَخْلَفَتْنَا بَنُو قُرَيْظَةَ، وَبَلَغَنَا عَنْهُمُ الَّذِي نَكْرَهُ، وَلَقِينَا مِنْ هَذِهِ الرِّيحِ مَا تَرَوْنَ، وَاللَّهِ مَا تَطْمَئِنُّ لَنَا قِدْرٌ وَلا تَقُومُ لَنَا نَارٌ وَلا يَسْتَمْسِكُ لَنَا بِنَاءٌ، فَارْتَحِلُوا فَإِنِّي مُرْتَحِلٌ. ثُمَّ قَامَ إِلَى جَمَلِهِ، وَهُوَ مَعْقُولٌ، فَجَلَسَ عَلَيْهِ، ثُمَّ ضَرَبَهُ، فَوَثَبَ بِهِ عَلَى ثَلاثٍ، فَمَا أَطْلَقَ عِقَالَهُ إِلا وَهُوَ قَائِمٌ، وَلَوْلا عَهْدُ رَسُولِ اللَّهِ، صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، إِلَيَّ أَنِّي لا أُحَدِّثُ شَيْئًا حَتَّى آتِيَهُ ثُمَّ شِئْتُ لَقَتَلْتُهُ بِسَهْمٍ. قَالَ حُذَيْفَةُ: فَرَجَعْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ، صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي مِرْطٍ لِبَعْضِ نِسَائِهِ مُرَحَّلٍ، فَلَمَّا رَآنِي أَدْخَلَنِي بَيْنَ رِجْلَيْهِ، وَطَرَحَ عَلَيَّ طَرَفَ الْمِرْطِ، ثُمَّ رَكَعَ وَسَجَدَ فَأَذْلَقْتُهُ، فَلَمَّا سَلَّمَ أَخْبَرْتُهُ الْخَبَرَ، وَسَمِعَتْ غَطَفَانُ بِمَا فَعَلَتْ قُرَيْشٌ فَانْشَمَرُوا رَاجِعِينَ إِلَى بِلادِهِمْ)[١] واته: گەنجێکی خەڵکی کووفە لە حوذەیفەی کوڕی یەمانی

١ ئەحمەد (٢٢٧٢٣)، طەبەری: جامع البيان (٢٦٠٤٣)، ئیبنوهیشام: (السيرة

پرسی: ئەرێ ئەبوعبداللە ئێوە بە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتن و هاوڕێیەتییتانکرد؟ فەرمووی: بەڵێ برازا. باشە، بۆ خزمەتکردنی چیتان دەکرد؟ فەرمووی: هەموو رەنجێکمان دەدا. گەنجەکە ووتی: وەڵلاهی ئێمە بووینایەوە بە خزمەتی بگەیشتینایە نەماندەهێشت بەسەر زەوییدا بڕوات. هەر دەبوو بەسەر شانمانەوە بێت. حوذەیفە فەرمووی: ئێ کاکە وەڵلا لە غەزای خەندەقدا لە خزمەتییدابووین، شەوێک دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی شەو جەنابی ﷺ هەستا شەونوێژی کرد، پاشان لای کرد بە لامانەوەو فەرمووی: چ پیاوێک هەڵدەستێت و دەچێت بۆ ناو ئەوان (قوڕەیش) تا بزانێت خەریکی چین. پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی بۆ دەکاتە مەرج، کە ئەگەر گەڕایەوە خوای گەورە بیخاتە بەهەشتەوە، بەڵام کەس هەڵنەستا. پێغەمبەری خوا ﷺ هەستایەوە بۆ شەونوێژی خۆی و کە ماوەیەکی شەوەکە تێپەڕی، هەر وا لای کردەوە بە لامانداو فەرموویەوە: چ پیاوێک هەڵدەستێت و دەچێت بۆ ناو ئەوان (قوڕەیش) تا بزانێت خەریکی چین. پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی بۆ دەکاتە مەرج، کە ئەگەر گەڕایەوە خوای گەورە بیخاتە بەهەشتەوە، دیسان کەس هەڵنەستا. پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ هەستایەوە بۆ شەونوێژی خۆی، ئەمجارەش کە ماوەیەکی شەوەکە تێپەڕی، لای کردەوە بە لامانداو فەرمووی: چ پیاوێک هەڵدەستێت و دەچێت بۆ ناو ئەوان (قوڕەیش)

---

النبوية ٢/٢٣٢)

تا بزانێت خەریکی چین. پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی بۆ دەکاتە مەرج کە بە سەلامەتی دێتەوەو داواشم لە خوای گەورە ئەوەیە کە بیکاتە هاوڕێم لە بەهەشتدا. کەس لەبەر زۆریی ترس و زۆریی برسێتیی و زۆریی سەرما هەڵنەستا.. ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ منی بانگکرد، نەدەکرا هەڵنەستم، جونکە بە ناوی خۆمەوە بانگی کردم. فەرمووی: حودەیفە، بچۆرە ناویانەوە، بزانە خەریکی چین، بەڵام هیچ نەکەیت تا دییتەوە لامان. (واتە خۆت تووشت شەڕ نەکەیت وکەسیش نەکوژیت). حوذەیفە دەفەرموێ: هەڵسام و رۆیشتم، چوومە ناویانەوە، رەشەباو سەربازانی خوا ئەوەیان پێدەکردن کە پێیان دەکردن!نە مەنجەڵیان بەسەر ئاگرەوە دەما، نە ئاگرەکەشیان بۆ دەکرایەوەو نە چادرێکیشیان بۆ قایم دەکرا.. ئەبوسوفیان لە ناویاندا هەلسایە سەرپێ و هاواری لە خەڵکەکە کرد کە ئادەی هەر کەسێکتان بزانێت ئەو کەسەی تەنیشتی کێیە (تا دڵنیابێت کە هەر سەربازانی خۆیانن و کەسی غەریبە نەهاتۆتە ناویانەوە)، منیش خێرا دەستی کابرای تەنیشتمم گرت و ووتم کێیت؟ وتی: فڵانی کوڕی فڵانم، ئیئتر گوێمان لە ئەبوسوفیان گرت، ووتی: هۆ قوڕەیشینە، بەخوا قەسەم ناتوانن لێرە بەم حاڵەوە خۆبگرن، ئەسپ و حوسترەکانمان فەوتان، بەنوقورەیزەش (جولەکەکان) وادەی خۆیانیان لەگەڵماندا نەبردە سەرو نەهاتن، هەواڵی واشمان لێیانەوە بۆ هاتووە کە پێمانناخۆشە. ئەوە خۆتان ئەو رەشەبایە دەبینن

چیمان پێدەکات: نه مەنجەڵمان بەسەر ئاگرەوه دەمێنێت، نه ئاگرمان بۆ دەکرێتەوەو نه چادرێکیشمان بۆ قایم دەکرێت.، جا لێنێن با بڕۆین، به خوا من بار دەکەم و دەڕۆم. ئیتر چوو بەلای حوشترەکانیەوه که بەسترابوونەوە، سواری یەکێکیان بوو، قامچییەکی لێدا، ئینجا هەر به سواری حوشترەکەیەوه هەوڵییدا گوریسەکەی بکاتەوە، سێجاری هەوڵدا تا کردیەوە. ئەگەر لەبەر ئەو بەڵێنەم نەبوایه که به پێغەمبەری خوام ﷺ دابوو، که هیچ نەکەم تا دەگەڕێمەوە، دەمتوانی به تیرێک بیکوژم. حوذەیفه دەفەرموێ: که گەڕامەوه خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر پۆشاکێکی قوماش یەمەنی که هی یەکێک له خێزانەکانی بوو، شەونوێژی دەکرد، لای پێیەکانیەوه دانیشتم، لێم نزیکتربۆوەو هەر له نوێژەکەدا لایەکی پۆشاکەکەی پێمدادا. پاشان رکوع و سجودی نویژەکەی تەواوکرد. که سەلامیدایەوه هەواڵەکەم پێدا.. پاشان غەطەفانیش _وەکو قوڕەیش_ ناوچەکەی جێهێشت و گەڕانەوه ناوچەی خۆیان..

تین و فشاری ئەو هێزەی دوژمن که لەم غەزایەدا کەوتبووه سەر موسوڵمانان، زۆر ترسناک بوو. ئەو برسێتیی و سەرماو سۆڵەی تووشیبووبوون، زۆر کاریگەربوو. ئەو ترس و بیم و تۆقینەی ڕوویتێکردبوون، مەترسیداربوو. حاڵەتەکه کارەساتێکی زۆر دژواری واقیعیی بوو هاتبووه رێیان، چارەنووسیانی خستبووه مەترسییەوە.

ووردكارانەتر بڵێین: ئەوە ئا ئەو بوو کە خوای گەورە بە بوومەلەرزەی ناوبردووە: (وَزُلْزِلُوا زِلْزَالًا شَدِيدًا) الأحزاب/١١.

یاوەرانیش هەر مرۆڤ بوون، توانای مرۆڤیش سنووردارە، خوای گەورەش زیاد لە توانا تەکلیف لە مرۆڤ ناکات. ئەو یاوەرە بەڕێزانە لەگەڵ ئەوەشدا کە متمانەیان بە بەڵێنی خوای گەورە هەبوو کە ئەنجامی رووبەڕووبوونەوەکە هەر ئەو سەرکەوتنە دەبێت کە خوای گەورە بۆیانی دەنێرێت.. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیانزانی پێغەمبەری خوا ﷺ راستگۆیە کە بەڵێنی مەدەدی خوایی پێداون و حەتمەن ئەو بەڵێنە دێتەجێ، جەنابی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵێنی لەوە گەورەترو گرنگتری پێدابوون، کە یەمەن و شام و رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەکەوێتە ژێر دەستیان.. لەگەڵ ئەم باوەڕو متمانەو دڵنیاییەشیاندا، هەر خەمیانبوو، نارەحەتبوون، دەترسان، چونکە ئەو خەتەریاتەی رووبەڕوویان بووبۆوە، زۆر لەوانە دژوارتربوو کە دیبوویان.

گێڕانەوەکەی حوذەیفە خوا لێی رازی بێت بە تەفسیل هەموو ئەو حاڵەتە نیشاندەدات بە دیقەتەوە وەسفی واقیعەکە دەکات. پێغەمبەری خوا ﷺ هەست بەو حاڵەتە قورسەی سەر یاوەرانی دەکات، ناخی دەروونیان دەخوێنێتەوە، بۆیە سەرەتا بە شیوەیەکی گشتی رووەوڕوویان فەرمووی: چ پیاوێک هەڵدەستێت و دەچێت بۆ ناو ئەوان (قوڕەیش) تا بزانێت خەریکی چین و هەواڵیانمان بۆ

بهێنێتەوە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵێنی بەهەشت دەدات بەو کەسەی کە بچێت و هەواڵەکە بهێنێتەوە! بەڵام کەس هەڵناسێت!.. نەک هەر دەچێتە بەهەشتەوە بەڵکو لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ دا دەبێت! کەچی کەس هەڵناسێت!! کەس ئەم خەڵات و رێزە ناقۆزێتەوە.. تا پێغەمبەری خوا ﷺ حوذەیفە بە ناو بانگ دەکات کە جەنابت هەستەو بڕۆرە ناویانەوە.. ئیتر وەکو حوذەیفە خۆی دەفەرموێ: چارم نەما هەر دەبوو هەستم و بچم.. حاڵەتی ئاوا بە دڵنیاییەوە لە کات و شوێنێکدا دەبێت کە تاکو کۆ تووشی ئەو ترس و تۆقین و سەرماو برسێتییە بووبن، کە وورەیانی ئاوا سڕکردبێت..

لە بەرامبەری ئەم حاڵەتە دەروونیی و مەیدانییەدا، لەگەڵ ئەم ترسوبیم و تۆقینەدا، لەگەڵ ئەم برسێتی و بێتواناییەدا، لەگەڵ ئەم بوومەلەرزەدا، دەبینین کە ئەم یاوەرە بەڕێزانە هیچیان باوەڕیان بە سەرکەوتنە خواییەکە کز نابێت، کەسیان متمانەیان بە بەڵێنی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا ﷺ کەمناکات. دڵنیان لە مەددەدی خوایی و لە سەرکەوتن.. تەنانەت گەیشتوونەتە ئەو حاڵەتە ئیمانییەی کە دڵنیان لەوەی کە مادام خۆیان وا لاوازو بێ دەرەتان دەبینن، حەتمەن خوای گەورە خۆی بە ویستی خۆی تەدەخول دەکات و بەرەکان و هێزەکانی ململانێ پارسەنگ دەکاتەوەو بەرەی موسوڵمانان بەهێزدەکاتەوە: (أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلِكُم مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاءُ وَالضَّرَّاءُ وَزُلْزِلُوا حَتَّىٰ يَقُولَ الرَّسُولُ

وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ مَتَىٰ نَصْرُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ) البقرة/٢١٤
واته: بۆچی وا دەزانن هەر ئاوا دەچنە بەهەشت بێ ئەوەی حاڵەتی وەکو حاڵەتی ئەوانەی پێش خۆتانتان بەسەردا بێتەوە؟ کە تووشی ناسۆرو کارەساتی بێهێزیی و ژێردەستەیی و گرانی و نەبوونی دەهاتن و کێشە وەکو بوومەلەرزە دەیهەژاندن، تەنانەت نێرراوەکەی خوای گەورەو ئەو موسوڵمانانەش کە لە خزمەتییدابون هاواریان لێ هەستابوو کە خوایە، کەی سەرکەوتنەکەی خۆتمان پیدەگەێنیت؟! سەرکەوتنی خوای گەورە بە دڵنیاییەوە نزیکە.. ئەوەتا ئەمانیش ئەو بوومەلەرزەیان بەسەردا هاتووەو کەوتوونەتە هەمان ئەو حاڵەتەوە کە بەسەر موسوڵمانانی پێشوودا دەهات.. ئەمانیش لە خزمەت پێگەمبەرەکەیاندان و کەوتوونەتە ئەو حاڵەتەوە.. ئەمان چاوەڕێی بەڵینی خوای گەورەبوون، چونکە سەرکەوتنی خوایی بۆ موسوڵمانانی پێشوو لە کاتی ئەو بومەلەرزەیاندا هات.. ئەمانیش جاوەڕوانبوون و متمانەشیان هەر بە بەڵێنی خوای گەورەوە پێغەمبەرەکەی هەبوو: (هَٰذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ)الأحزاب/٢٢ واتە: ئێستا کات و شوێنی هاتنی ئەو بەڵێنەیە کە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ بەڵێنیان پێدابووین، خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ راستیان فەرمووە.. پاشان خوای گەورە ئاستی ئیمانیان وەسفدەکات و دەفەرموێ: (وَمَا زَادَهُمْ إِلَّا إِيمَانًا وَتَسْلِيمًا)

واتە: ئەم بارودۆخ و واقیع و بوومەلەرزەیە باوەڕیانی بە خوای گەورە پتەوترکردو زیاتر تەسلیم بە ویستی خوای گەورەبوون..

(هَٰذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ..) بەڵێنی خوای گەورەو بەڵێنی پێغەمبەرەکەی ﷺ دوای ئائەم ترسوبیم و تۆقین و تۆقانە، دێت. دوای ئائەم برسێتی و سەرماو سۆڵەیە، دێت. دوای ئائەم ناسۆرو کارەساتە، دێت. دوای ئائەم بوومەلەرزە سەختە دەروونیی و مەیدانییە دێت.. حەتمەن سەرکەوتنە خواییەکە دێت. گومانی تێدا نییە، (وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ) خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ راستیان فەرمووە. خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ لە نیشاندانی پێشەکییەکانی هاتنەدیی بەڵێنەکەدا راستیان فەرمووە. لە نیشاندانی نیشانەکانی هاتنی سەرکەوتنەکەدا راستیان فەرمووە.. هەر ئەم واقیعە پڕ ترسوبیمە، هەر ئەم بوومەلەرزە خۆی لایان بۆتەوە بە مایەی ئیمانداریی و بەهێزبوونی پشتبەخوابەستنیان! حاڵەتەکە لە جیاتی ئەوەی وورەیان بڕوخێنێت، بۆتە مایەی زیادبوونی متمانەیان بە بەڵێن مەدەدو سەرکەوتنە خواییەکە: (وَمَا زَادَهُمْ إِلَّا إِيمَانًا وَتَسْلِيمًا).

ئەم یاوەرە بەڕێزانە هەر وەکو غەیری خۆیان بوون، هەر مرۆڤ بوون. وەکو کەسانیتر ئەمانیش نەیاندەتوانی لە هەست و هۆش و ئینفیحالاتی دەروونیی خۆیان خۆ ببوێرن، نەیاندەتوانی رێ لە لاوازیی

بەشەرێتیی خۆیان بگرن. ئەمانە لەوانیش داوا نەکرابوو، نەترسان و برسینەبوون و ڕاڕایی نەبوون و هاوشیوەیان لە سنووری بەشەریی بەدەرن، بۆیە شتێکی سروشتیی بوو کە ئەمانیشی تێبکەون. خۆ ئەمان کە موسوڵمانبوون مانای وانییە ئیتر دەبێ بەدەر لە سیفەتی مرۆڤ بژوێن! نا، خوای گەورە پێش موسوڵمانبوون و دوای موسوڵمانبوونیان هەر بە سیفەتە بەشەرییەکانیانەوە ڕەفتاریان وەلدا دەکات. ئەمانیش هەر مرۆڤن، خۆ نەبوونەتە فریشتەو پەری، یان ئاژەڵ و بەردودار.. وەکو هەموو مرۆڤی تر هەستیان بە ناڕەحەتی دەکرد، برسی دەبوون و دەترسان و دەکەوتنە ژێر تین و فشاری دوژمنانیان، دەکەونە حاڵەتی بوومەلەرزەیی دەروونیی و مەیدانی ئاواوەو کە هەستاین دەکرد لە ووزەو توانای بەشەرێتیی خۆیان بەدەرە، ماتدەبوون، دەتاسان، دەترسان.. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا یاوەران هەر لە تاک تاک و کۆی نەوەی مرۆڤی دەوروبەریان لێهاتووتر بوون، بەهێزتربوون، خۆگرتربوون، پشوودرێژتربوون.. باوەڕیان بە خوای گەورە، بە کاریگەریی ویست و تواناو دانایی خوای گەورە ئێجگار زۆربوو.. ئائەمەبوو نەیدەهێشت وەکو مرۆڤیتر وورەبەردەن، ببەزن و هەڵێن.. ئەم باوەڕە پتەوە، ئەم یەقینە نەیدەهێشت بێئومیدبن و بکەون.. لەگەڵ ئەو هەموو بارودۆخە سەختەدا یەقینیان هەبوو کە هەر سەردەکەون مادام حەبدایەتی

بۆخوای گەورە دەکەن و بۆی سوڵحاون.. ئەمەشە وایلێکردوون کە ببنە تاکە نموونەی مرۆڤایەتی، کە لە مێژووی هەموو مرۆڤدا لە هیچ کات و شوێن و نەوەیەکدا نەوەیەکی ئاوا لە کات و شوێنێکدا دووپاتنەبۆوە..

دەبێ زۆر باش درک بە حەقیقەتەکانی ئەم دینە بکەین تا درک بەم نموونە دەگمەنانەی مێژوو بکەین. دەبێ ئەوەمان لا بەڵگەنەویست بێت کە یاوەرانیش خوا لییان رازی بێت وەکە ئەو خەڵکەی تر هەر مرۆڤ بوون. پنتەکانی بەهێزیی و کاوازییان تێدابوو.. بەڵام نموونەییەکەیان لەوەدایە کە بەو سیفەتە بەشەرێتییەی خۆیانەوە گەیشتنە ئەو لووتکە بڵندەی راقیبوون. ئەو لووتکە نمونەییەی کە کۆتا ئاستی بڵندییە کە مرۆڤ بە سیفەتە بەشەرێتییەکەیەوەو بەم وەحییە خواییە، دەتوانێت بیگاتێ.

### نموونەی هەشتەم: با بە پاکیی برۆم:

بورەیدە (پیاوەو یاوەرە خواا لیی رازی بێت) دەگێڕێتەوە: (جَاءَ مَاعِزُ بْنُ مَالِكٍ إِلَى النَّبِيِّ عَلَيْهِ السَّلامُ، فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ طَهِّرْنِي. فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: وَيْحَكَ ارْجِعْ فَاسْتَغْفِرِ اللَّهَ وَتُبْ إِلَيْهِ. قَالَ: فَرَجَعَ غَيْرَ بَعِيدٍ ثُمَّ جَاءَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ طَهِّرْنِي. فَقَالَ النَّبِيُّ عَلَيْهِ السَّلامُ مِثْلَ ذَلِكَ، حَتَّى كَانَتِ الرَّابِعَةُ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

وَسَلَّمَ: مِمَّا أُطَهِّرُكَ؟ قَالَ: مِنَ الزِّنَا، فَسَأَلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَبِهِ جُنُونٌ؟ فَأُخْبِرَ أَنْ لَيْسَ بِمَجْنُونٍ، فَقَالَ: أَشَرِبَ خَمْرًا؟ فَقَامَ رَجُلٌ فَاسْتَنْكَهَهُ فَلَمْ يَجِدْ مِنْهُ رِيحَ خَمْرٍ، فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَزَنَيْتَ أَنْتَ؟ قَالَ: نَعَمْ. فَأَمَرَ بِهِ فَرُجِمَ.

فَلَبِثُوا بِذَلِكَ يَوْمَيْنِ أَوْ ثَلاثَةً، ثُمَّ جَاءَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُمْ جُلُوسٌ فَسَلَّمَ ثُمَّ جَلَسَ، ثُمَّ قَالَ: اسْتَغْفِرُوا لِمَاعِزِ بْنِ مَالِكٍ. لَقَدْ تَابَ تَوْبَةً لَوْ قُسِّمَتْ بَيْنَ أُمَّةٍ لَوَسِعَتْهُم. ثُمَّ جَاءَتْهُ امْرَأَةٌ مِنْ غَامِدٍ مِنَ الأَزْدِ، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ طَهِّرْنِي، قَالَ: وَيْحَكِ ارْجِعِي فَاسْتَغْفِرِي اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ وَتُوبِي إِلَيْهِ. فَقَالَتْ: لَعَلَّكَ تُرِيدُ أَنْ تَرْدُدَنِي كَمَا رَدَدْتَ مَاعِزَ بْنَ مَالِكٍ، قَالَتْ: إِنَّهَا حُبْلَى مِنَ الزِّنَا، قَالَ: أَثَيِّبٌ أَنْتِ؟ قَالَتْ: نَعَمْ. قَالَ: إِذًا لا نَرْجُمُكِ حَتَّى تَضَعِي مَا فِي بَطْنِكِ. قَالَ: فَكَفَلَهَا رَجُلٌ مِنَ الأَنْصَارِ حَتَّى وَضَعَتْ، فَأَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ: قَدْ وَضَعَتِ الْغَامِدِيَّةُ. قَالَ: إِذًا لا نَرْجُمُهَا وَنَدَعُ وَلَدَهَا صَغِيرًا لَيْسَ لَهُ مَنْ يُرْضِعُهُ. فَقَامَ رَجُلٌ مِنَ الأَنْصَارِ، فَقَالَ: إِلَيَّ رَضَاعُهُ يَا نَبِيَّ اللَّهِ. فَرَجَمَهَا)[١]. واته: ماعزی کوڕی مالیک هاته خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ وعەرزیکرد: ئەی پێغەمبەری خوا پاکمبکەرەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ داماو تۆبە بکەو بگەڕێرەوە، داوای لیخۆشبوون لە خوای گەورە بکە. گەڕایەوە بەڵام زۆری پێنەچوو هاتەوە خزمەتی و دیسان ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا

١ موسلیم (١٦٩٥)، ئەبوداوود (٤٤٣٣)، داریمی (٢٣٢٠)، ئەحمەد (٢٢٤٣٣)، طەبەرانی (٤٨٤٠)..

پاکمبکەرەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ هەر وەکو ئەوسا وەڵامیدایەوە. دیسان رۆیشت و پاش ماوەیەک گەڕایەوەو هەروا عەرزیکردەوە: ئەی پێغەمبەری خوا پاکمبکەرەوە. پێغەمبەری خوا ﷺ هەروا وەڵامی دایەوە کە بگەڕێرەوەو تۆبە بکەو داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکە. رۆیشت و بۆ جاری چوارەم هاتەوە خزمەتیی و هەر ئەوەی عەرزکردەوە کە پاکم بکەرەوە. پێغەمبەری خوا ﷺ لێی پرسی: لە چی پاکت بکەمەوە؟ (واتە چ گوناحێکت کردووە). عەرزیکرد: لە زینا. پێغەمبەری خوا ﷺ پرسی کە ئەگەر شێتیی لەگەڵدا بێت؟ عەرزیانکرد: نا شێتیی لەگەڵدا نییە. پرسی: ئەدی شەرابی نەخواردۆتەوە؟ کابرایەک هەستاو بۆنیدەمیکرد، هیچ بۆنێکی شەرابی لێنەداهات. پێغەمبەری خوا ﷺ لێی پرسی: ئایا زیناتکردووە؟ وەڵامیدایەوە: بەڵێ. ئیتر فەرمانیکرد رەجم (بەردەباران) بکرێت.

دوورۆژ، سێ رۆژ دوای ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە لای یاوەران کە دانیشتبوون، سەلامی لێکردن و دانیشت. پاشان فەرمووی: داوای لێخۆشبوون بۆ ماعز بکەن. بە راستی تۆبەیەکی کردووە، کە ئەگەر پاداشتەکەی بەسەر ئوممەتێکدا ببەخشنەوە بەشی هەموویان دەکات (دەبێتە مایەی لێخۆشبوونی خوای گەورە لە هەموویان). پاشان ئافرەتێکی غامیدی لە هۆزی یەزد هاتە خزمەتی. عەرزیکرد ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پاکمبکەرەوە. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: داماو تۆبە بکەو بگەڕێرەوە، داوای لیخۆشبوون لە خوای گەورە بکە.

بەڵام ئەو عەرزیکرد: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ رەنگە بتەوێت وەکو ماعزی کوڕی مالیک زۆرجاران بێم و بچمەوە، عەرزیکرد کە بە هۆی زیناوە دووگیان بووە. پێغەمبەری خوا ﷺ لێی پرسی کە ئایا بێوەژنە؟ عەرزیکرد: بەڵێ. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی بەردەبارانت ناکەین تا کۆرپەلەکەت دانەنێیت. دەفەرموێ: کابرایەکی ئەنصاریی کەفالەتیکرد، کە هەر لە ماڵی خۆیدا خزمەتیبکات تا ئەو کاتەی منداڵەکەی دەبێت و سزاکە دەدرێت. لای ئەو مایەوە تا منداڵەکەی بوو. ئەنصارییەکە هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و عەرزیکرد کە غامیدییەکە منداڵەکەی بوو. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەردەبارانی ناکەین و کۆرپەکەی وەلکەین کەسی نەبێت شیری بداتێ (یان بەخێوی بکات)، کابرایەکی ئەنصاریی هەستاو عەرزیکرد: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەخێوکردنی دەگرمە ئەستۆ. ئینجا بەردەبارانیکرد.

لە ریوایەتێکی تردا ئەم ئیزافەشی لەگەڵدایە: (أَنَّهَا لَمَّا وَلَدَتْ جَاءَتْ بِالصَّبِيِّ فِي خِرْقَةٍ قَالَتْ: هَذَا قَدْ وَلَدْتُهُ، قَالَ: فَاذْهَبِي فَأَرْضِعِيهِ حَتَّى تَفْطِمِيهِ، فَلَمَّا فَطَمَتْهُ أَتَتْهُ بِالصَّبِيِّ فِي يَدِهِ كِسْرَةُ خُبْزٍ فَقَالَتْ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ هَذَا قَدْ فَطَمْتُهُ وَقَدْ أَكَلَ الطَّعَامَ، فَدَفَعَ الصَّبِيَّ إِلَى رَجُلٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ ثُمَّ أَمَرَ بِهَا فَرَجَمُوهَا)[1] واتە: دوای ئەوەی منداڵەکەی بوو،

---

١ موسلیم (٣٢٠٨ و ١٦٩٥)، ئەبوداوود (٤٤٣٣)، داریمی (٢٣٢٤)، بەیهیقی: (السنن الکبری/ ١٦٤١٥).

رۆژێک لە پارچەپەڕۆیەکییەوە پێچابوو، هێنایە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و نیشانیدا کە ئەوەتا کۆرپەلەکەی داناوە. پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: برۆ شیری بدەرێ تا ئەو زەمانەی لە شیری دەبڕیتەوە. دوای لەشیربڕینەوەی هێنایەوە، منداڵەکە پارچەنانێکی بەدەستەوە بوو. عەرزیکرد ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەتا لە شیرم بڕیوەتەوەو خواردن دەخوات. ئیتر پێغەمبەری خوا ﷺ منداڵەکەی دایە پیاوێکی موسوڵمان و فەرمانییدا بەردەبارانکرا.

لە ریوایەتێکی تریشدا ئەم ئیزافەی تێدایە: (فَيُقْبِلُ خَالِدُ بْنُ الْوَلِيدِ بِحَجَرٍ فَرَمَى رَأْسَهَا فَتَنَضَّحَ الدَّمُ عَلَى وَجْهِ خَالِدٍ فَسَبَّهَا فَسَمِعَ نَبِيُّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سَبَّهُ إِيَّاهَا فَقَالَ مَهْلًا يَا خَالِدُ فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَقَدْ تَابَتْ تَوْبَةً لَوْ تَابَهَا صَاحِبُ مَكْسٍ لَغُفِرَ لَهُ ثُمَّ أَمَرَ بِهَا فَصَلَّى عَلَيْهَا وَدُفِنَتْ)[١] واتە لا کاتی بەردەبارانکردنییدا خالیدی کوری وەلید بەردێکی تێگرت لەسەریدا، خوینی پڕژاو هەندێکی بەر رووی خالید خۆی کەوتەوە، بۆیە جنێوی بە ئافرەتەکەدا. پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم گوێی لە جنێوەکەی بوو، فەرمووی: نا، خالید نا.. بەوەی گیانی منی بەدەستە تۆبەیەکی کردووە، ئەگەر خاوەن مەکس

---

١ موسلیم (٣٢٠٨ و ١٦٩٥)، ئەبوداوود (٤٤٤٢)، ئەحمەد (٢٢٤٤٠)، داریمی (٢٣٢٤)، بەیهیقی: (السنن الكبرى/ ١٦٤٣٨)، طەبەرانی لە: (المعجم الكبير ١٤٨/١). شێخی ئەلبانی رحمەالله دەربارەی ریوایەتەکەی طەبەرانی لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٣٢٣٨).دا دەفەرموێ: حەسەنە.

(گومرگەوان) ئەو تۆبەی بکردایا بۆ پاکبوونەوەو لێخۆشبوونی خوای گەورە لێی، بەسیبوو.. ئینجا نوێژی لەسەرکردو بەخاک سپێررا..

## نموونەی نۆیەم: قازانجی ئامۆژگاریی گرنگترە وەک لە قازانجی کاڵا:

یونسی کوڕی عوبەید[١] پۆشاکی جۆراوجۆری لە دوکانەکەیدا دانابوو بۆ فرۆشتن بە نرخی جیاواز، هەندیکیان بە چوارسەد درهەم و هەندێکیتریان بە دووسەد. کاتی نوێژ چووە مزگەوت. برازاکەی خۆی لەسەر دوکانەکە دانا. کابرایەکی ئەعرابی هاتە دوکانەکەو ووتی پۆشاکێکم دەوێت بایی چوارسەد درهەم بێت. دوکاندارەکە ئەوانەی خستەبەردەستی کە بە دووسەدن. پارچەیەکیانی بەدڵ بوو، کڕی و ڕۆیشت. هێشتا بە دەستیەوەبوو، لە بازاڕەکەدا یونسی کوڕی عوبەید

---

١ یونسی کوڕی عوبەیدی کوڕی دینار، ئیمامێکی بەڕێزی تابیعینەو لە یاوەران بە خزمەت سەیدنا ئەنەسی کوڕی مالیک گەیشتووە. قوتابی حەسەنی بەصریی و ئیبنوسیرین و عەطاء و نافیعی مەولای ئیبنوعومەرو ثابیتی بونانی و ئەبولعالییەو دەیانی تر بووە. مامۆستای دەیانی وەکو شوعبەو سوفیان و حەممادی کوڕی سەلەمەو هەشیم و ئەبوهومام و موعتەمیری کوڕی سولەیمان بووە. عەلیٖ کوڕی مەدینی دەفەرموێ: لە سەنەدی دووسەد فەرمووددا هەیە. ئیمامی ذەهەبی دەفەرموێ: جێمتمانە (ثقة)یە. ساڵی ١٤٠ ی کۆچی کۆچی دوایی کردووە رحمەالله. بڕوانە: ئیمامی ذەهەبی: (سیر اعلام النبلاء ٦/٢٨٨)

بینی. زانی لە پۆشاکەکانی دوکانی خۆیەتی. لە کابرای ئەعرابی پرسی: بە چەند کڕیووتە؟ ووتی: بە چوارسەد درهەم. یونس فەرمووی: دووسەد درهەم زیاتر ناهێنێت، وەرە بیبەرەوە! کابرا ووتی: ئەمە لای ئێمە پێنج سەد درهەم دەکات، پاشان من خۆم رازیبووم چوارسەدی پێبدەم. یونس فەرمووی: وەرە لەگەڵمدا، ئامۆژگارییکردن چاکترە لە دنیاو هەرچی تێیدایە. چوونەوە دوکانەکەو دووسەد درهەمە زیادەکەی بۆ گەڕاندەوەو کەوتە دەمەقاڵێ لەگەڵ برازاکای خۆی، پێی وت: رۆڵە شەرمت نەکرد؟ لەخوای گەورە نەترسایت؟ ئەوەندەی قازانج لیدەکەیت لە جیاتی ئەوەی ئامۆژگاری موسوڵمانان بکەیت دەربارەی. برازاکەی وتی: بەخوا قەسەم خۆی رازیبوو کە کڕی. یونس فەرمووی: باشە بەڵام با ئەوەت بۆ ئەو پێخۆشبووایە کە بۆ خۆتت پێخۆشە[١]..

١ نووسەری بەرێز هەروا بە بێ سەنەدو سەرچاوە هێناویێتیەوە، رەنگە لەبەر ئەوەی بووبێت کە ژیانی کاسبیکردنی یونسی کوڕی عوبەید دەیان نموونەی وای تێدایەو هەر کەسێک یونسی کوڕی عوبەید بناسێت دەزانێت ئەم بەسەرهاتانە راست و دروستن، بەڵام ئێمە هەر دەبێ لە لایەنی زانستییەوە بیگەڕێنینەوە بۆ سەرچاوەو بە سەنەدییدا بڕۆینەوە.. بەسەرهاتەکە وا لە: (تهذيب موعظة المؤمنين من إحياء علوم الدين) کە بریتییە لە پێداچوونەوەو توێژینەوەیەکی زانستیانەی کتێبی (إحياء علوم الدين/ ئیمامی غەززالی) کە زانای گەورەی شام شێخ جمال الدینی قاسمی کردویێتی کە وەکو زیندووکردنەوەیەکی نوێی کتێبی ئیحیائەکەی غەززالییە رحمهما الله.

## نموونەی دەیەم: کۆڵی قورسی گەورەیی:

_( يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا. وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الْآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا) الأحزاب/ ٢٨_٢٩ واتە: ئەی پێغەمبەری خوا، بە ژنەکانت بفەرموو: ئەگەر ژیان و جوانیی و ئاڵووالآیی دنیاتان دەوێت، وەرن با من بە شێوەیەکی جوان دەسبەردارتان ببم و رێتانبدەم کە دەست خۆتانی بخەن، ئەگەر لای خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ و رۆژی دواییتان پێ پەسەندترە، ئەوە بە دڵنیاییەوە خوای گەورە پاداشتی ئێجگار گەورەی بۆ ئەو کەسانەتان داناوە کە چاکسازو خێرەومەندە..

پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ خۆی و بۆ خێزانە بەڕێزەکانی ژیانێکی سادەو هەژارانەی هەڵبژاردبوو، نەک لەبەر ئەوەی دەستینەدەکەوت، نا، خۆ جەنابی ﷺ ژیا تا هەموو سەرزەمینی نیوەدۆرگەی عەرەبی کەوتە بندەست. دەسکەوتی جەنگەکان تا دەهات زیاتر دەبوو، سامانی جێماوی کافران هەر لە زیادبووندا بوو، هەموو ئەو کەسانەی هەژارو بێ لانەبوون دەوڵەمەندبووبوون و لە خانووی خۆیاندابوون.. کەچی

لەگەڵ ئەمەشدا مانگ دەڕۆیشت و لەماڵەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگر بۆ چێشتلێنان نەدەکرایەوە.. پێغەمبەری خوا ﷺ دیاری زۆری بۆ دەهات، ئەگەر قبووڵی بکردایا یاوەرە دەوڵەمەندەکانی هەر هەموو سامانی خۆیان پێشکەشدەکرد. ئەگەر بیویستایە دەبووە دەوڵەمەندترین کەسی هەموو نیوەدۆرگەی عەرەب. بەڵام دەیوویست نیشانیدات کە ژیان و ماڵ و سامانی دنیای بەلاوە بێ نرخە، چونکە دەیزانی رۆژی دوایی چییەو ژیانی نەبڕاوەی لای خوای گەورە یانی چی؟ فەزڵی ژیانی هەتاهەتایی ئەو دنیای دابوو بەسەر ژیانی بڕاوەی ئەم دنیادا.. پێغەمبەری خوا ﷺ نە لە عەقیدەکەیداو نە لە شەریعەتەکەیدا داوای ئەوەی لێنەکرابوو کە لە دنیادا ئاوا زاهیدانە بژی. هیچ شتێک کە بۆ ئوممەتەکەی حەڵاڵبوو لە جەنابی ﷺ حەرام نەکرابوو. بۆیە _وەک کە چاوی لە دەستی کەس نەبوو_ کە دیارییان بۆ دەهێنا وەریدەگرت، ئەگەر خۆراک بووایە لێیدەخوارد، ئەگەر پۆشاک بووایە دەیپۆشی و پاشان دەیدا بە یاوەرێکی دەسکورت و هەژاریی.. هەرگیز کەسێکی لە شوێنکەوتووانی نزیک و دووری ناچارنەدەکرد کە وەکو خۆی بژی، مەگەر کەسەکان خۆیان ئیقتیدایان بە جەنابی ﷺ بکردیاو لە هەندێک رەفتاردا وەکو جەنابیان ﷺ بکردایاتەوە. دەیویست ئەوە نیشان_ مرۆڤایەتیی بە گشتیی و یاوەرانی بە تایبەتیی_ بدات، کە مرۆڤ کاتێک لە هێزی

ڕاکێشانی حەزو ئارەزووەکانی دەردەچێت سەربەستی تەواو بەدەست دەهێنیت.

کە جەنابی ﷺ خۆی ئاوابوو، کە کەسی نزیک یان دووری خۆی ناچارنەکرد وەکو خۆی بژین، حەتمەن ئەوانیتر وا نابن..

ژنەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو هەر ئافرەتێکیتر یان ژنێکیتری خاوەن مێردبوون. هەر مرۆڤ بوون و حەزو ئارەزووی هەبوونیان هەبوو، هەستیان وەکو هەر مرۆڤێکیتر _بە تایبەتی ئافرەتان_ هەبوو. ڕاستە ئەوان لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ بوون، نزیکبوون لە وەحییەکەوە، لە ئاڕاستە ڕاستەوخۆکانی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەڵام هەرچۆنێک بووبن هەر مرۆڤ بوون، حەزکردنیان لە چێژەکانی ژیان و پڕکردنەوەی پێداوویستییەکانیان هەستێکی زیندووی سرووشتی بوو. بۆیە کاتێک کە بینییان بەیتولمال پڕبووەو هەژارانی موسوڵمان بوژاونەتەوەو سیمای هەبوون و دەوڵەمەندیی بە خەڵکەکەوە دەرکەوتووە، دەشیانزانی هەموو دەسکەوت و سامان و پارەی بەیتولمال هەر پێغەمبەری خوا ﷺ کە مێردیانە دابەشیدەکات، بۆیە لە ناو خۆیاندا ڕایان هاتە سەر ئەوەی کە داوا لە پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن کە ژیانیان باشتربکات، بەوەی زیاتر پێداوویستییەکانیان دەبربکات. بەڵام ئەم داوایەیان جیی خۆی نەگرت. داواکەیان بوو بە مایەی خەم و خەفەتێکی زۆر بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ! چونکە جەنابی

ﷺ هەر وایدەوویست کە ژیانی ناو ماڵی خۆی هەروا زاهیدانە بڕوات، دەیوویست ژنە بەڕێزەکانیشی قەناعەتیان بۆدروستببێت کە چاوبڕنە ژیانی ئەو دنیاو ژیانی ئەم دنیایان لا بێ بایەخ بێت، حەزیدەکرد ئەوانیش وەکو خۆی ﷺ بەسەر حەزو ئارەزووەکانی موڵکایەتیی و چێژەکاندا زاڵبن و دڵیان بۆ دنیا نەشنێت، نەک بەو سیفەتەی ئەمە حەڵاڵەو ئەو حەرام، بەڵکو بەو سیفەتە تەقواکارییەی کە هەبوون و نەبوونی چێژ وەکو یەک بێت لایان، یا لە هێزی راکێشانی نەفس و حەزە دنیاییەکان دەرچن و بەرەوە ئاسۆیەکیتر بەرزببنەوە..

داواکاریی ژنەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ وا بووە کۆڵی خەفەت بۆی، کە ماوەی چەندین رۆژ لە یاوەرانی دابڕا! ئەم خۆ گرتنەوەیەی لە دیتنی یاوەرانی زۆر زۆر لەشان قورس بوو. یاوەران دەهاتن و لە دەرگای ماڵیان دەدا، جەنابی ﷺ مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی پێنەدەدان! ئیمامی ئەحمەد بە سەنەدەوە لە جابرەوە خوا لیی رازی بێت دەگێڕێتەوە: ( أَقْبَلَ أَبُو بَكْرٍ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، يَسْتَأْذِنُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَالنَّاسُ بِبَابِهِ جُلُوسٌ، وَالنَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جَالِسٌ: فَلَمْ يُؤْذَنْ لَهُ ثُمَّ أَقْبَلَ عُمَرُ فَاسْتَأْذَنَ فَلَمْ يُؤْذَنْ لَهُ ثُمَّ أَذِنَ لِأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ فَدَخَلَا وَالنَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جَالِسٌ وَحَوْلَهُ نِسَاؤُهُ، وَهُوَ سَاكِتٌ، فَقَالَ عُمَرُ: لَأُكَلِّمَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَعَلَّهُ يَضْحَكُ، فَقَالَ عُمَر: يَا رَسُولَ اللَّهِ، لَوْ رَأَيْتَ ابْنَةَ زَيْدٍ، سَأَلَتْنِي

النَّفَقَةَ آنِفًا، فَوَجَأْتُ عُنُقَهَا فَضَحِكَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى بَدَا نَاجِذُهُ وَقَالَ: هُنَّ حَوْلِي يَسْأَلْنَنِي النَّفَقَةَ. فَقَامَ أَبُو بَكْرٍ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، إِلَى عَائِشَةَ لِيَضْرِبَهَا، وَقَامَ عُمَرُ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، إِلَى حَفْصَةَ، كِلَاهُمَا يَقُولَانِ: تَسْأَلَانِ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَا لَيْسَ عِنْدَهُ فَنَهَاهُمَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقُلْنَ نِسَاؤُهُ: وَاللَّهِ لَا نَسْأَلُ رَسُولَ اللَّهِ بَعْدَ هَذَا الْمَجْلِسِ مَا لَيْسَ عِنْدَهُ قَالَ: وَأَنْزَلَ اللَّهُ، عَزَّ وَجَلَّ الْخِيَارَ، فَبَدَأَ بِعَائِشَةَ فَقَالَ: إِنِّي أَذْكُرُ لَكِ أَمْرًا مَا أُحِبُّ أَنْ تَعْجَلِي فِيهِ حَتَّى تَسْتَأْمِرِي أَبَوَيْكِ قَالَتْ: وَمَا هُوَ؟ (قَالَ: فَتَلَا عَلَيْهَا: يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ..) قَالَتْ عَائِشَةُ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا: أَفِيكَ أَسْتَأْمِرُ أَبَوَيَّ؟ بَلْ أَخْتَارُ اللَّهَ وَرَسُولَهُ، وَأَسْأَلُكَ أَلَّا تَذْكُرَ لِامْرَأَةٍ مِنْ نِسَائِكَ مَا اخْتَرْتُ فَقَالَ: إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى لَمْ يَبْعَثْنِي مُعَنِّفًا، وَلَكِنْ بَعَثَنِي مُعَلِّمًا مُيَسِّرًا، لَا تَسْأَلَنِي امْرَأَةٌ مِنْهُنَّ عَمَّا اخْتَرْتِ إِلَّا أَخْبَرْتُهَا)[1] واتە: سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی رازی بێت هاتە بەر ماڵی پێغەمبەری خوا ﷺ و بینی خەڵکانێک لەوێ دانیشتوون، و پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژوورەوەیە، داوای مۆڵەتی کرد کە بچێتەژوورەوە، مۆڵەتی پێنەدرا، ئینجا سەیدنا عومەر خوا لێی رازی بێت هات و داوای مۆڵەتی کرد کە بچێتە ژوورەوە، مۆڵەت بەویش نەدرا. پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتیدا بە سەیدنا ئەبوبەکر چووەژوورەوە، دواتر مۆڵەتی بە سەیدنا عومەریشدا چووە

١ موسلیم (٢٧٠٣ و١٤٧٨)، ئەحمەد (١٤١٠٦).

ژوورەوە. بینیان پێغەمبەری خوا ﷺ بێدەنگ دانیشتووەو ژنەکانیشی لە دەورین. سەیدنا عومەر فەرمووی: ئێستا قسەیەک بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەم دەیخەمە پێکەنین. سەیدنا عومەر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر ئاگات لێدەبوو کە کچەکەی زەید (خێزانەکەی خۆیی مەبەستبوو) داوای مەسرووفی لێکردم، چۆن پەلامارمداو ملیم بادا، پێغەمبەری خوا ﷺ وا کەوتە پێکەنین کە خرێکانی دەرکەوتن، ئینجا فەرمووی: ئێ ئائەمانەی دەوری منیش داوای مەسرووفم لێدەکەن. سەیدنا ئەبوبەکر هەستا بۆ خاتوعائیشە (کچەکەی خۆی تا لێیبدات) سەیدنا عومەریش بۆ خاتوو حەفصە (کچەکەی خۆی تا لێیبدات) هەردووکیان فەرموویان داوای شتێک لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن کە نییەتی بتانداتێ، پێغەمبەری خوا ﷺ نەیهێشتن هیچ بکەن. ژنە بەڕێزەکانی فەرموویان: سوێند بە خوا دوای ئەم کۆڕە تا ماوین داوای هیچ شتێک لە پێغەمبەری خوا ﷺ ناکەین کە نەیبێت. ئا لەم کاتەدا ئەو ئایەتی سەرپشککردنە هاتە خوارێ کە دەفەرموێ: (ا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ...) پێغەمبەری خوا ﷺ بە خاتووعائیشە دەستیپێکرد، پێی فەرموو: باسێکت بۆ دەکەم، حەزناکەم پەلە لە وەڵامتدا بکەیت، تا پرس بە دایکوباوکیشت دەکەیت. خاتووعائیشە پرسی: چییە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ ئایەتی سەرپشککردنەکەی بۆ خوێندەوە.

خاتووعائیشـە فەرمـووی: جـا چـۆن مـن دەربـارەی جەنابـت پرسـوڕا بە دایکوبـاوکم دەکەم؟ هەر لای خـواو پێغەمـبەری خـوا صـلی اللە علیـە وسـلم هەڵـدەبژێرم. بەڵام داوام لە جەنابـت ئەوەیە کە بە ژنەکانیترت نەفەرمـوویـت کە مـن کامیـانم هەڵبـژاردووە. پێغەمـبەری خـوا ﷺ فەرمـووی: نابێـت، خـوای گەورە منی بـۆ تونـدوتیژیی و سـەختگیریی نەکـردووە بە پێغەمـبەر، بەڵکـو کردوومـی بە فێرکـاری ڕێنیشـاندەری ئاسانکار، هەر ژنێکیان پرسیاری ئەوەم لێبکات، حەتمەن پێی دەڵێم..

ئێستا با لەچەند گۆشەیەکەوە سەرنج بدەینە ئەم بەسەرهاتە:

جارێ خـودی دەقەکە هەر لە سـەرەتاوە دیـدو تێڕوانینی موسـوڵمان بـۆ ژیـانی دنیـاو ڕۆژی دوایـی نیشـاندەدات، کە قییەمێکی ڕەوشـتیانەی لەسـەربنیاتنراوە. هەر دەقەکە هەسـتکردن بە نرخـی دنیـاو قیـامەت ڕوونـدەکاتەوەو ئەو ڕاڕایی و دوودڵییـەی نـاخی مرۆڤەکان ناهێڵێـت کە موسـوڵمان لە گرتنەبەریی حەزی دنیاو قیامەتخوازییدا تێیـدەکەوێت، کە لە لایەکەوە داخـوازییەکی دنیـایی پـێ پەسـەند دەبێـت، لە لایەکی تـرەوە دەخـوازێـت کـۆڵی ژیـانی سـووک بێـت تـا زەخیرەی قیـامەتی گەنـج کـات. ئـا لەم کاتەدا کە جارێـک ڕووی لە ئاسـمانەو جارێـک لە زەمـین. ئاڕاسـتە خـواییەکە ژیریـی دەبزوێنێـت کە قیـامەتخوازیی بەڵـگەی

سـەلماندن و چەسـپاندنی بۆخواسـوڵحانە.. نابێـت هـیچ بەربەسـتێک ئەوەندە کاریگەر بێت، کە بۆخواساغبوونەوەکە لەکەداربکات..

ئەمە لە لایەک، لە لایەکیتـرەوە، بەسـەرهاتەکە حەقیقەتـی ژیـانی پێغەمبەری خـوا ﷺ و خێزانە بەڕێزەکانی رووندەکاتەوە. کاریگەرترین خـاڵی حەقیقەتـی بەسـەرهاتەکە ئەوەیە کە ئەمە واقیعـی ژیـانی کۆمەڵێـک مـرۆڤە، بە سـیفەتی مرۆڤێتییەکەیـانەوە تێیکەوتـوون. لە دووڕێیانی هەڵبژاردنی یەکێک لەدوو هەڵوێستدان، بەڵام هەر یەک لە ئینفیعالەکانی حەزو ترس و سڵکردنەوەو بەهیوابوون، خستوونیەتە ژێـر تـین و فشـاری خـۆیەوە، وان لە نێـوان ئاراسـتەی هـزرو ژیریـی لەلایەک و پاڵنەرەکـانی حەزو پێداویسـتی لە لایەکەیتـرەوە. ئەم بەڕێـزانە _لەگەل ئەوەشـدا کە بەردەوام وەحـی خـوایی ئاراسـتەی کردوون و پەروەردەی پێغەمبەری خوا ﷺ گەیاندوونیەتە ئەو لوتکە بڵنـدەی درککـردن و پەیبـردن و ناسـین و زانـین_ بەڵام سـیفەتە بەشـەرییەکانیان هەر پێـوە مـاوەو وەکـو هەر مرۆڤێکیتر حەزەکانیـان پـاڵنەری ناخیـانن بـۆ هەڵوێسـت وەرگـرتن.. قیـامەتخوازن، بەڵام توانایـان لە تەحەمـولکردنی ئەو ژیـانە سـەختەدا سـنووردارەو ئومێـدیان هەیەو _واش دەزانـن کە دەکرێـت_ کەمێـک چاکتربکرێـت، بەڵام داواکەیـان جێناگرێـت، چـونکە کـۆڵی پێغەمـبەری خـوا ﷺ

قورستر دەکات و وایلێدەکات لەبەر ئەوان پشکێک لە ماڵی بەردەستی بـــۆ ئەوان جودابکـــاتەوە! ئەمەش هەرچەنـــدە رەوایە، بەڵام لەگەڵ بەرپرسێتیی پێغەمبەرێتیی و رێنیشانداندا یەکناگرنەوە..

* * *

ئەم نموونـانە کە لە لایەکەوە هێـزی بـاوەڕو جـوامێریی و پـاڵەوانێتی دەســـەلمێنن و لە لایەکیتــرەوە خاڵەکـانی لاوازیـی موســـوڵمان بەو سـیفەتەی کە هەر مـرۆڤە، ئەوە روونـدەکەنەوە کە ئەو کۆمەڵگەیەی موسـوڵمانانی نەوەی یەکەمی ئەم ئوممەتە پێکیانهێنـابوو، بە تەواویی درکیان بە ماهییەتی ئیسلامەکە کردبوو، دەیانزانی موسوڵمانبوونیان یانی چی؟ دەیـانزانی باوەڕهێنـان بە پێغەمبەرێتی پێغەمبەری خـوا صلی الله علیە وسلم ئەرکێکی زۆر قورسیان دەخاتە سەرشـان کە دەبێ زۆر بە جیـددی شـانیبدەنەبەر، دەبێ بە تەواویی بۆخـوا سـاغببنەوەو بـۆ دیـنەکەی لێببڕێن، دەبێ لە حەزەکانی خۆیـان بگـرنەوەو بە ئومێـدیی پاداشـتی قیامەتیـان لە خـۆ ببـورن، لە مـاڵ و سـامان، لە خـاوەنێتیی و حەوانەوە، لە ناودەرکردن و دەرکەوتن.

ئەم نموونـــانە ئەو راســـتییە دەخەنە پێشـــچاو کە ئەم دیـــنە هـــیچ ئەرکێـک _بەدەر لە توانـای مـرۆڤ_ فەرزناکـات، هەروەکـو کە هـیچ شـــتێک بەهەوانـــتە فەرزناکـات و نایەوێـت بەزۆر خەڵکـی ملکەچـی دینـدارییەکەی بکـات.. بەڵکـو سـەربەسـتی تەواویی خۆیـان دەداتێ، تـا

ئەو هەڵوێستە بگرنەبەر کە خۆیان دەخوازن بیگرنەبەر.. بەڵام دەبێ هۆشیان لەلای لێپرسینەوەی قیامەتیان بێت..

داخوازی ئەم دینە ئەوەیە کە (وجودێکی راست و رەوای بەشەرێتیی) بێتە دیی. ئەمەش بە کۆمەڵە مرۆڤێکی سەربەست دەکریت کە خۆشیان بخوازن وەکو بەشەر بژین، نەک وەکو ئاژەڵ بخۆن و بخۆنەوەو رۆژانی تەمەنیان _هەرچۆنێک دێتەپێش_ بەرێکەن! ژیانیان ببێتە ووزەی حەزەکانیان و بەس، بێگوێدانە سیستەمی ژیان و گەردوون و رۆڵ و ئەرکی مرۆڤ لەم ژیانەو لەم سەرزەمینەدا.. بێ گوێدانە ئەو بریکاریی (ئیستیخلاف)ەی بۆی خەلقکراوەو بۆی نێرراوەتە سەرزەمین..

موسوڵمانانی یەکەم ئەم دیدو تێڕوانین و پێناسەیان لا رۆشن بوو، حەقیقەتەکانی ژیان و گەردوون و مرۆڤیان لا بەڵگەنەویست بوو، چونکە پێناسەی هەموویان لە وەحیەوە وەرگرتبوو، قەناعەتی تەواویان پێیان کردبوو، لە روانگەی ئەو حەقیقەتانەو بەوانەوە رەفتاریاندەکرد.. بە پێی ئەم پێناسانەی ژیان و گەردوون و ژیان _کە لە قورئان و سوننەتەوەوە رۆژانە وەریاندەگرت_ پەروەردەدەبوون، کۆمەڵی ئوممەتیی و بزاوتی خۆیان و بنەماکانی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی خۆیانیان لەسەر رێسا عەقائیدییەکان _کە حەقیقەتی وجود بوون_

بنیاتـدەنا. بـۆیە لە واقیعێکـدا ژیـان ـبەشـەری بـووـ بەڵام پڕاوپڕ بە گوێرەی ئاراستەی دینەکە هاتبووەدیی..

لە ڕاستییدا ئاڕاستەی ئیسلام ئەوەیە کە مرۆڤی چاک و چاکساز لە بـارودۆخی ڕاسـت و ڕەوادا بـژی.. مـرۆڤ بەو هەمـوو سـیفەتانەوە کە تێیـدان، بە چەنـدێتیی و چـۆنێتیی توانـاو وزەکانییەوە، بە سـیفەت و توانای تاکوکۆیەوە، هەر دەبێ لە کات و شوێن و چۆنییەتی و شێوازی ڕاسـت و ڕەوادا بـن.. ئینجـا هەمـوو بە کۆمەڵکاریی، بە هەمـاهەنگیی و پێکەوە گونجـان لەگەڵ یەکتریی دەکەونە کار، لەسـەر سیسـتمێک کە لەگەڵ سیستمی بزاوتی گەردووندا بسازێت. ئاوا مرۆڤ دەبێتە هێزێکی گەردوونـی، نەک هێزێکی وەحشـیگەریی زەمینی. وەک تـاکیش دەبێـتە عەبـدێکی سەربەسـتی خـوای گەورە، نەک تـاکێکی بێنـاوو فەوتـاو.. کە ئـاوا خـۆی دەدۆزێتەوە، کە ئـاوا مـافی خـوای گەورەو ئەرکی عەبـدێتیی خـۆی و ڕۆڵی ئیسـتیخلافەکەی دەزانێـت و دەیهێنێتەدیـی، جـارێکیتر نمـوونەی ڕاقیی و بەرزی لێـوە دەردەکەوێـتەوە، کە دەکرێـت بە تـاک تاکی ئەو نمـوونە نموونەییانەی هەنـدێکیانمان هێنایەوە، بچوێنـدرێن. ئەمما وا بزانرێت کە وەکو ئەو کۆمەڵگەو دەسەڵاتەی نەوەی یەکەمی ئەم ئیسـلامە جـارێکیتر دێـتەوە وجـود، ئەوە هەڵە حـاڵیبوونە، یـان نەناسینی کۆمەڵگەکەی یاوەرانە بە سیماو سیفەتی حەقیقی خۆیان. مێژووی مرۆڤـایەتی دەڵێ کە ئەوەی یـاوەران بنیاتیاننـا، گەورەتـرین و

جیددیترین هەوڵدانی بەشەرییە کە ژیانێکی وا لە ناو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتییدا بهێنێتەدیی کە لەسەر هەموو بناغەکانی دادپەروەریی راگیرابوو.. گەورەترین و راقیترین کۆمەڵگەو دەسەڵاتبوو کە لە هەر هەموو لایەنەکانی ماددیی و رۆحی پارسەنگ کردبوو، هەموو لایەنەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و زانستیی و کردەوەیی کۆمەڵگەکەی بە پاک و پوختیی بەشەریی نیشاندا، کە خێروبێری بۆ تیرەو هۆزێک یان چینێک یان گەلێک یان نەوەیەک نەبوو، بەڵکو سایەی بەسەر موسوڵمان و غەیرە موسوڵماندا کێشا، هەموویانی بەختەوەر کردبوو. تەنانەت دوژمنە سەرسەختەکانیشی _وەکو خاچپەرستەکان_ ئاراستەی ئەمانی خواوویستیی دەکرد..

* * *

بەڵام ئائەم وێنە نموونەییەی باوەڕهێنان بە خوای گەورەو هەستی بەرپرسیارێتی ئیستیخلاف، ئائەم ئاستە باڵایەی پەروەردەی تاک و ئاراستەی کۆمەڵگەو ئیدارەیەی دەوڵەت، ئائەم نموونەی پاکیی و سەرراستیی تاک و ئەمانی کۆمەڵگەو دادپەروەرییە دەستوورییەی ئەم شارستانێتییە ئیسلامییە بەرفراوانەی ووزەو تواناکانی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەخستەگەڕ، ئائەم سەرچاوە پاکەی خێرو چاکەو جوامێریی دینداریی، کە بە هەرچوارلادا فەڕی خۆی دەبەخشی، چۆن ئاوا پووکایەوە؟! چۆن ئەم کۆمەڵگەو دەوڵەتە (ئەم تاک و ئوممەت و خیلافەتە) ئاوا لەو دیدوڕێیە لایدا؟

چۆن ئەم هەموو موسوڵمانە لەو لوتکە بەرزەی شارستانێتییەکی نموونەییەوە کەوتنە خوارەوە بۆ ئەم واقیعە زەلیلەی تێیدا دەژین؟! چۆن لەو هەستەبەرزەی دنیاو قیامەتیی ئیستیخلافەوە کشانەوە بۆ ئەم "دینداریێتی"یەی ئێستا کە ئەگەر یەکێکیان زۆر دینداربێت، هەر ئەوەندیە کە (بە نییەتی پاک)ەوە خواپەرستییەکان ئەنجامدەدات؟! ئەوانیتر ئەوەش ناکەن و هەر خۆیان بە ئەهلی ئەو شارستانێتییە نموونەییەی ئەوسا دەزانن؟!! ئەمە جگە لەو ملیۆنەها کەسەی کە لە ناو موسوڵمانان و تەبەڕا لەئیسلامەکە دەکەن و پاشگەزبوونەوەو خۆڕاپسکاندنی خۆیان لە دینەکە رادەگەێنن!

چۆن موسوڵمانان ئاوا لاکەوتن و داکەوتن؟! چۆن ئاوا دواکەوتن و کەوتن؟! چۆن ئەو دیدو تێڕوانینە بەرفراوانەی عەقیدەکەیان کە پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤی دەکرد، ئاوا تەنگ و تاریک کەوت کە لای موسوڵمانترین کەس هەر ئەوەندەیە کە باوەڕەکەی لە دڵدایەو نییەتی پاکەو دروشمەکانی خواپەرستی دەکات و هیچیتر! کەچی لەولاشەوە هەزاران هەن هیچ ڕێسایەکی عەقائیدیی ئەم دینە بە حەقیقەت نازانن و باوەڕیان بە دیدی بێدینیی هێناوە؟!

گومانی تێدا نییە کە ئینحیرافێکی ئێجگار گەورەو دژوار بەسەر موسوڵماناندا هاتووە، بۆیە دینەکە ئاوا لە دڵیاندا لاوازکەوتووە..

ئەگەر بەراووردێکی سەرپێیی لە نێوان کۆمەڵگەی موسوڵمانانی یەکەم و کۆمەڵگەی موسوڵمانانی ئەم سەردەمەدا بکەین، بێگومان جیاوازییەکی ئێجگار زۆرو گەورەمان بۆ دەردەکەوێت. لەوانەیە هەر وا بێتەپێشچاومان کە ئەم کۆمەڵگەیەی سەردەم فڕی بە ئیسلامەوە نەماوە. ئەمە راستە، ئەگەر ئەو دەنگە دلێرانە نەبێت کە لێرەو لەوێی جیهانی ئیسلامی کە لە زاناو داعییە دڵسۆزەکان و حزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکانەوە بەرز دەبێتەوە، کە داوا دەکەن کۆمەڵگەو دەسەڵات بگەڕێندرێنەوە بۆ ئیسلامەکەو دەڵێن دەبێ خەڵکەکەمان لە بەڵگەنەوویستەکانی دینەکە تێبگەینرێتەوە.. ئەگەر ئەم دانگ و سەدایەی نەبوایە هەر وا دەزانرا ئیسلام رۆڵی بەسەرچووەو بووە بە بزاوتێکی مێژوویی و ئێستا هیچ رۆڵێکی نەماوە!

گومان لەوەشدا نییە کە کە ئەو هۆکارانەی وایانکرد کە دەسەڵاتی ئیسلام ئاوا بڕمێت و بونیادی کۆمەڵگەی موسوڵمان ئاوا داڕمێت و ئیسلامەکەش ئاوای لێ بێت کە ببێتە باوەڕێکی کزو کۆڵی ناخ و دروشمانێکی خواپەرستییەکی سەرپێی دوور لە بەرپرسێتیی و هیممەتی ئیستیخلاف، دیارە حەتمەن ئەو هۆکارانە هێزی زۆر بە تواناو کاریگەری لەپشتەوەبووە.. مەعقوول نییە ئەم وجودە شارستانێتییە بەرفراوان و کاریگەرە بەو دەسەڵات و قییەمی کۆمەڵگەو بنەمای بزاوتی کۆمەڵکاریی و رێسای خێزان و بناغە رەوشتییانەوە هەر لەخۆیەوە پووکابێتەوە. مومکین نییە کەسێک، کۆمەڵێک، گەلێک،

هەموو روکنەکانی هێزی لەدەستدا بێت و هەر خۆی وەلیکات و نەیەوێت و لێگەڕێت ئاوا زەلیل ببێت و ناوی نەمێنێت! یان دیارە کە هۆکاری ناوەکی هەن کە لە ناخی خۆیەوە کرمۆڵیانکردووەو ئینجا هێزێکی زەبەللاحیش هاتۆتە وێزەی و خستوێتی..

کەوابوو با ئێستا بچینە سەر هۆکارەکانی لادان و پووکانەوەکە، تا بزانین کەی و لە کوێوە دەستی پێکرد؟!

تەواو بوو والحمد للە